
رێ و شوێنی




# شانۆ

## لە کۆن دا و شانۆ لە رۆژهەڵاتی کوردستان







برایم فەڕشی

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب | رێ و شوێنی شانۆ لە کۆندا و شانۆ لە رۆژهەڵەتی کوردستان |
| نووسەر | برایم فەڕشی |
| تایپ | ب. فەڕشی |
| کاری دیزاین و کامپیۆتێر | ب. فەڕشی |
| چاپی یەکەم | ؟ |
| ........... | |
| ............ | |

کۆمەڵێک لە بابەتەکانی ناو ئەو کتێبە پێشتر لە گۆوارەکانی کوردستان، باشوور، باکوور و ڕۆژهەڵات و دەرەوەی وڵات لە نێوان ساڵانی ١٩٩٥ تا ٢٠٠٥ چاپ یان لە ڕێگای ئینترنێتەوە بڵاوکراونەتەوە. بڕیار بوو ساڵی ٢٠٠٥ ئەم کتێبە لە باشووری کوردستان بڵاو کرێتەوە، کە هێشتا سەری نەگرتووە.

**بۆ لەیلا بەدرخان سەماکەری کورد**





من ئێرانی نیم....من کوردم .
باوەگەورەی من شازادەی خاوەن تاج و تەختی کوردستان بووە، کە لە نێوان سنورەکانی ئێران، تورکیاو سوریەدا هەڵکەوتووە. بەڵام لەو کاتەوە کە تورکیا بە سەر وڵاتدا زاڵ بووە، شازادەکانی سەربەخۆی بنەماڵەی ئێمە بە درێژایی ئەو ناوچە پان وبەرینە لە یەک جۆبوونەتەوە. من لە تورکیا لە دایک بووم لە کۆنستانتانتیپۆل. ئەو کاتەی کە من زۆر منداڵ بووم لە گەڵ دایکم وڵاتم بەجێ هێشت و چوومە میسر و کاتی منداڵیم لەوێ رابوارد. من تەنیا دوای شەڕ(شەڕی یەکەمی جیهانی) هاتم بۆ ئوروپا و لە سویس خەریکی دەرس خوێندن بووم. من هەمیشە سەماکردنم پێخۆش بووە.
لە میسر ئەو کاتەی کە منداڵ بووم لە ڕێی سەیرکردنی سەمای بەکۆمەڵی ژنانەوە خۆم بەشێوەیەکی خۆڕسک فێری سەماکردن کرد. من ناتوانم خۆم فێری قالبێکی سەماکردن بکەم. من بە وێنەیەکی خۆڕسک بە بەکارهێنانی تێمەکانی خەڵک پەسەند لە ئیستیلی سەرەوەدا سەما دەکەم. من هەروەها سەما دەخولقێنم. هەروەک دەبینن، هیچ کام لەو سەمایانە بنچ و بنەوانی تایبەتیان نییە، بەڵکو لە بەدیهێنانی بیرو مێشک و زەوقی خۆمن. ئەو کاتەی کە من سەما دەکەم زۆر کەڵک لە قاچەکانم وەرناگرم، من بە گشتی لە سەماکردندا دەست و لەشم بەکاردەهێنم.
ئەو کاتەی کە من منداڵ بووم سەماکردن  شتێک بوو بۆ ڕابواردنی کات، من پێمخۆش بوو کارگەلێک بکەم  هەر وەک ئەو کەسانە کە خۆیان فیری پیانۆلێدان یاخو گوڵدۆزی کردن دەکەن،« بەو پێیە من خۆم فێری سەماکردن کرد.» بە دوای مردنی دڵتەزێنی باوکمدا، ئەمیر، من وڵاتی شۆرش و ئاژاوەلێدراوی تورکییەم بەجێ هێشت و سەماکردن  بوو بە سەرەکیترین مەبەست و ئامانجی ژیانی من. من سەفەرم کرد بۆ ئوتریش، ئاڵمان و سویس  و بە دوای یەکەمین نمایشەکانم لە زۆربەی شارەکانی گەورەی ئەم وڵاتانە، بەرنامەم پێشکەش کردوە و بوومەتە دانیشتووی شاری پاریس لەو شارەی کە بەدوای  دوو تەک پەردەی نمایشیدا بریارم دا ساڵێک سەبارەت بە ڕێ و ڕەسمی ئایینی ئێرانی کۆن، مەزدائیسمی (Zoroastrism) ، میسر ، هیند و سەماکانی  ئایینی  ڕۆژهەڵاتی Orintal sacred Dancesلێکۆڵینەوە بکەم.

لە کۆمێدیا، ١٩٣٠/١٢/٩
سەرچاوە: Kurdistan In the shadow of History  Susan Meiselas

# پێرست

## باس و لێکۆڵینەوە



ڕێ و شوێنی شانۆ لە کۆن دا و شانۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ئەفسانە و ئوستورە و ئایین وەك سەرتای شانۆ
ماد و ئوستورە و ئە فسانە و ئايين
گاتاکان یەکەم شانۆنامە

تیپی کوسە و چونێەیی کایە
شانۆ
شانۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
مێژینەی شانۆی کرماشان
سنەی ئەردەڵان
موکریان

دروازەی باسێك بۆ شانۆ و مێژووی شانۆی کورد
شانۆنامەی کوردی
شانۆی کوردی
هەڵپەرکێی کوردی
موسیقای کوردی

## مێژوو

**کورتەیەك لە سەر شانۆی دایکی نیشتمان**
سەردەمێکی نوێ
کۆمەڵەی ژ.ك و شانۆنامە
نووسەری دایکی نیشتمان
ساڵی پێشکەشکردن
ناوەرۆکی شانۆنامەکە
ماوەی شانۆکە
سرودەکان
کەسەکان
کات
دەورگێرەکان (شانۆگێرەکان)
دەستەی موسیقا
دیکۆر وسەحنە
پەردە
جل و بەرگ
گریم و ئارایشت
کارگێر
وێنەگری شانۆ
کاری چاپ
چۆنیەتی پێشکەش کردنی شانۆ
بینەرانی شانۆ
بۆچوونی خزم و کەسی دەورگێرانی شانۆ

**شانۆنامەی  کۆشکی ئاوات**
شانۆنامەی دایکی نیشتمان پلانی سیاسی کورد




**٥٠ ساڵ نمایش و شانۆلە بۆکان**

دەستپێکی نمایش لە بۆکان
تیپی شانۆی لاو (گروه تئاتر جوان بوکان)
شانۆی ئازاد
دیسان تیپی شانۆی لاو
کەلاسی شانۆ
باڵتە
کوری خاك
شانۆی لاو و شانۆی مێرمنداڵ
منداڵەکان و سەگگەل
دوری غەریب
فستیوالی شانۆی شارستانەکان
دەورەێکی نوێ
سەگێك لە جێ خەرماندا
مامەی زەنجیر هۆنەرەوە
ژیانی نوێ
شانۆی لاو لە ناو خەڵکدا
ئە نجومە نی عیلمی و ئە دە بی
شانۆنامەی بێدەنگ
مانگرتن یەکەم شانۆ بە زمانی کوردی
خودموختاری یانی چی؟ دووا بەرهەم
شەڕ و شانۆ
وتەیك بۆ مێژوو
حیزب وشانۆ
شانۆ لەژێر دەستەڵاتی چەك و ئاییندا
کەلە سپی
کۆمێدی شاهنشاهی بە شێوەی ئیسلامی
نمایشگاه
رسم بر این است
گم
بهار در بهاران
باز باران
پنجرەای بر بادها
دام
مەسیح هرگز نخواهد مرد
در حزوری باد
محرمانه
شب و گربە زیر طاقی
قسری خورشید
حکایت دخمەای برسکو

**پاش ٥٠ ساڵ**

تیپی شانۆی کانی (ئەهورا)
تیپی شانۆی ئاماژە
وێنەکان

# باس
# و
# لێکۆڵینەوە

# ڕێ و شوێنی شانۆ لە کۆن دا و شانۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**ڕوژهەڵاتی وڵاتێك بە ناوی کوردستان**

بو ئەوەی وێنەیەکی زەلال لە شانۆی ڕوژهەڵاتی کوردستان بکێشرێ، گەرەکە بگوترێ ڕوژهەڵات بەشێکە لە وڵاتێکی ناسەربەخۆ بە ناوی کوردستان، کە باکور وباشورو ڕوژئاواکەی زەوت کراوی سێ وڵاتی ترن کە هیچ پێوەندییەکی کۆنی مێژوویی، ڕەگەزی، فەرهەنگی، فەلسەفی وئاینیان بە نەتەوەی کوردەوە نییە. وڵاتی کوردان بەشێك بووە لە سەرزەمینێکی مەزنتر کە یا لە ژێردەستەڵاتی ماد( مێدیا) باپیرەگەورەی کوردان یا (پارت) باپیرەی فارس و تیرەی تر بووە .

"ئاریا"ییەکان بە پێی بەراوەردی جوراجور، کە ناسەلمێندرێ، سێ هەتا شەش هەزار ساڵ بەر لە زایین بەرەو شوێنی ئەمڕویان هاتوون. مادەکان هەر لەکەناری دەریای کاسپیەن(خەزەر)ەوە هەتا گوڵی وان و لەوێشەوە هەتا دەریای ڕەشیان گرتووە، شوێنێك کە هەرئیستاش لێی نیشتەجێن. لەو سەرزەمینە ڕەگەزی تر نیشتەجێ بوون، وەك ئاشوریەکان، مانناکان، میتانی و ئورارتوکان(باس هەیە کە ئەم سێیانەی دوایە هەر لە ڕەگەزی ماد بوون). جگە لەوە ڕەگەزی تریش هەبوون کە بە خوشی یا بە زۆری لە ناو مادەکاندا تواونەتەوە و فەرهەنگ وهونەر وئایینی هاوبەش یا تیکەڵاویان لەگەڵ مادەکان پێك هیناوە. ئەوە نەک مێژووی ماد، بەڵکوو مێژووی زۆر لە خەڵکانی تری سەر گۆی زەوی دەگرێتەوە و لە هیچ شوێنێکی سەر گۆی زەوی، نەتەوەی سەتا سەت "خالس" بوونی نەبووە و هەموو نەتەوەکان لە گرووپ و دەستە و تیرەی جیاواز پێک هاتوون و بە پێی درێژیی بەیەکەوە ژیان، یەکیان گرتووە و یەک زمان و فەرهەنگ و داب و نەریت و ئایین زاڵبووە، یان زاڵ کراوە و ئەمڕۆیی گوتەنی، ناسیۆن و نەتەوەیان پێک هێناوە. ئەوەی مادەکان چییان بەسەر هاتووە وچون سەرکەوتوون وچون داکەوتوون وچون بوونەتە کوردی پارچە پارچەی ئەمرو،چیروکێکی فرە تفت وتاڵ و جارجار شیرینە کە باس ولێکولینەوەی تایبەتی هەلدەگرێ و دەبێ بکەوێتە سەر سەکوی شانۆو پەردەی سینەما.

ئەمرو ڕوژهەڵاتی کوردستان بە ڕەسمی ڕوژئاوای ئیران دەگرێتەوە کە لە ژێر ناوی ستاندا پارچە پارچە کراوە و وا نێوبژێر دەکرێ ، ئیلام، لورستان، کرماشان، کوردستان، ئازەربایجانی ڕوژئاوا، هەروەهابەشێکی زوری کورد لە کۆنەوە بۆ بەشەکانی تری ئێران ڕاگویزراون یا خۆ لەکۆنی کۆنەوە لەو شوێنانە نیشتەجێن، وەك ئازەربایجانی ڕوژهەڵات، هەمەدان، زەنجان، قەزوین، گێلان، مازندەران، خوراسان، مەرکەزی وتاران.

**ئەفسانە و ئوستورە و ئایین وەك سەرتای شانۆ**

مرۆڤی دووپێی بچکولانە لە حاند با وبۆران وبەفرو باران و بوورکان وبوومەلەرزە و سێلاو و وشکساڵی و هەورەتریشقە و دەیان کارەساتی سروشتی مەزن کە دەبوونە هوی لە ناوچوونی ژیان ومرۆڤ و زیندەوەران، کەم توانا بوو، ئەو مرۆڤە بچکولانەیە دەکەوتە نواڕین وبیرکردنەوە و پرسیارکردن لە خۆی، "لە کوێوە هاتووم؟ بۆ کوێ دەچم؟ بۆ هاتووم؟ بۆ دەچم؟ ئەم ڕووداوە سروشتیانە چین؟ ڕۆژ، شەو، سەرما و گەرما چۆن دێن و چون دەچن؟ ئەم گۆڕانکاریانە بە دەستی کێ ئەنجام دەدرین؟ چ دەستێك، چ هێزێك لە پشت ئەم کارەساتانەوەیە؟ چۆنە خۆر جار هەیە دنیا دەسووتینێ، باران بە سێلاو هەمووشت ڕادەپێچێ، با وگێژەڵوکە دارو دەوەن لە بنرا دەردێنن، بوومەلەرزە وبوورکان ئەرد لە بەر یەك دەبن و هەمووشت هەڵدەلوشن و مرۆڤ هیچی پێناکرێ؟ چۆنە خۆر هەم ژیانبەخش و هەمیش سووتێنەرە؟ چۆنە باران هەم دڵڕفێن و هەم تووڕەیە؟ چۆنە با نەرم ولەش فێنککەرەوە و لە هەمان کات سەرکەش و ڕووخێنەرە؟"

ئەم پرسیارانە و گەلێکی تر مرۆڤی بەرەو بیرکردن، ترس لە "هێزی نادیاری پشت ڕووداوەکان" و بەرەو ئەفسانە و ئوستورە و ئایین، پەرستش، کڕۆنۆشبردن، پاڕانەوە، خەیاڵات، ڕیتوال و ڕێوشوێنی هەمەڕەنگ و هەمەجۆر، سەما، چڕین، نمایش و پێکهێنانی داب و نەریت بردووە.

**ماد و ئوستورە و ئە فسانە و ئایین**

مرۆڤی نیشتەجێ لە سەرزەمینی ئاسیای بچکولە وناوچۆمان بە تایبەت ماد و پارت پەیرەوی میترا و ئاناهیتا بوون. میترا خوا ی ڕۆشنایی وگەرما بوو کە ڕواڵەتی لە خۆردا نیشان دراوە، ئاناهیتا خوای ئاو و ڕووناکی و ڕوونبوون بوو. لە ئایینی میترا، گا نیشانەی ژیان وئاوابوونی زەوییە! گا لە شەڕ لە گەڵ ئەژدیهای داگیرکەری زەوی دەبەزی، لە ناو زگی پارە پارە بوویدا شەتڵی ژیانی زیندەوەران شین دەبێ و بە خوێنی سووری ئەو ژیان تیرئاو دەکرێ و هەڵدەدا،

ئەمەش سەرەتای ڕێ وڕەسمێکی یەگجاردەوڵەمەندی  ئایینییە کە لە دێرەکاندا بەرپادەکرا. ئەم ڕێ وڕەسمە یەك لەنزیکترین ڕەسمەکانی مادەکان بووە. لەم ئایینەدا ستران چڕین و گۆرانی گووتن و سەماکردن بەشی جیانەکراوەی ڕێوڕەسمی قوربانی کردنی گا بو میترا بوو. ئەم ڕێوڕەسمە بە تایبەت لە ڕۆژی لە دایك بوونی میترا، کە بە درۆ کراوەتە ڕۆژی لە دایکبوونی مەسیح، بە ئاوایەکی ڕێك و پێك  بەرپا  کراوە و پەرەی ساندووە گەیشتوتە یونان و لە وێوە هەتا وڵاتانی ڕوژئاوا ڕۆیشتووە و بۆتە ئایینی زاڵ لە هەموو ئوورووپا!

بەم چەشنە مرۆڤی مادیی لە ڕێگای ئەم چیرۆکانە و ڕێوڕەسمی لەو چەشنە و ئەفسانە خەیاڵییەکانەوە، بەرەو ئایین ڕۆیشتووە  و  چێبوونی  کائینات، چۆنیەتی بوونی خۆی و سرووشتی لێکدەداتەوە و وێنەیەکی خەیاڵی لە هێزە نادیارەکان کێشاوە و پرسیاری "بوونی" وڵام داوتەوە و لە ڕێگای خەیاڵ و بیرکردنەوەی غەریزیی، مانای بە ژیانی خۆی بەخشیوە و شوکرانەبژێریی خواکان و  هەروەها سەمبولی خواکان بووە و لە ڕێگای سەما، چڕین، نوواندن، دەورگێران و گێڕانەوە هەم پێکهێنەریی فەرهەنگی خۆی بووە و  هەم خوڵقێنەری هونەر و  هەمیش مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی دەرخستووە. هەمووی ئەو لایەنانە ئێمە لە گەڵ کۆمەڵە خەڵکێک ئاشنا دەکات، کە ڕەگەکان و توخمی نمایش و نوواندن لە کۆنەوە لە ناویاندا باو بووە و پشتاوپشت ڕێوڕەسمەکان و فەرهەنگی نوواندن و گێڕانەوە، سەما و گۆرانی و چڕین بەگشتی گوێستراوەتەوە بۆ سەردەمی ئەمڕۆی ژیانیان. بوونی ئایینی فرە چەشن و ڕێوڕەسمی هەمەڕەنگ و شێوەی نوواندن و چڕین و سەما و گێڕانەوەی هەمەجۆر(ناوەرۆک و شێوەی گێڕانەوە) لە ئێستای سەرزەمینی کوردستان، ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە نوواندن یەک لە ڕەگە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤی کورد بووە. سەما و هەڵپەرکێ، گۆرانی، هۆرە، چەمەریی، تازییەگێڕان، گەمەکانی چوار وەرزی ساڵ و بێ ئەژمار ڕێ وڕەسم، هەموویان کەرەسەی نوواندن و خۆنوواندن بوون و هەن و سەرەتایی کۆنترین  ڕێوشوێنی هونەری نمایش و شانۆ نیشان دەدەن!

**گاتاکان یەکەم شانۆنامە**

ئایینی زەردەشت وەك ئایینی ماد بەتایبەتی وئایینی میللەتانی تر بە گشتی، ئایینێکی یەکتا پەرستییە کە ڕێوڕەسم و داب و نەریتی ئایینی(نوواندن و گێڕانەوەی) لە نمایش و گووتن(بە شێوەی دیالۆگ) نزیک کردۆتەوە. گاتاکانی زەردەشت بە پێچەوانەی کتێبە ئایینییەکانی تر تەنیا ئایە گێڕانەوە نییە، بەڵکو پڕی گفت وگو و دیالوگە، دیالوگ ناوبەری  ئەهورامەزدا و نزیکانی بارگای ئەهورامەزدا، دیالوگ ناوبەری زەردەشت و ئەهورامەزدا، دیالوگ ناوبەری زەردەشت و خەڵك، بە تایبەی هێندێك لە سوڕەکانی گاتاکان، شانۆنامەیی و درامایی دەنوێنن، وەك سوڕەی ٢٩ کە ئاوا دەست پێدەکات :

I

« گوشورون» لەلای ئیوە ( ئەهورا مەزدا) گلەوگازەندە دەکات:

منت بۆ چی ئافەراند؟ کێ منی چێ کرد؟  
تووڕە یی و کاولکاری و کرداری توند و تیژ،  
سەرەرویی و دەست درێژکاری،  
هەمووی ئەوانە منیان دەورە داوە.  
من جگە لە تۆ پشت و پەنایکم نییە،  
نەهوکە ڕزگارکەرێکی شایستە بە من بناسێنە.

II

ئەو کات بنیات نەری جیهان لە '' ئاشا '' دەپرسێ :

چ کەسێکی شایستە بۆ ڕابەری جیهان دەناسی  
تا بتوانین دۆستایەتی خۆمان و بەرپرسایەتی  
ئاوەدان کردنی جیهانی پێ ببەخشین؟  
داخوزی چ کەسێك دەکەی بۆ سەروەری جیهان  
کە بتوانێ لایەنگرانی '' درۆ'' و '' توڕەیی''  
تیك بشکێنێ و لە کاریان بخات ؟

III

ئەشا وەڵام دەداتەوە :

سەرداریکی ئاواها کە لەگەڵ جیهان و خەڵك  
بێ حەقی نەکات و میهربان و بێ ئازار بێ.  
کەسێك لەوان ناناسم کە بتوانێ پارێزکاران  
لەحاند بەد کاران بپارێزێ.  
ئەو کەسە لە ناو خەڵك دا دەبێ لە هەمووان  
بەهێزتر بێ هەتا هەر کات داوای یارمەتی  
بکات بە هاواریەوە بچم...

IV

» گوشورون «
بێ گومان ‘‘ مەزدا‘‘ لە هەمووان باشتر دەزانێ
کە لەڕابوردودا خەڵکی درۆزن و دێو چیان کرد
ئاگادار هەن کە لە داهاتوودا چ دەکەن.

» ئەهورا« تەنیا دادگەری جیهانە.
خواستی وی چی بێی هەروا دەبێی.

V

کە وایە بە ڕاستی هەردووکمان،
من و ڕەوانی جیهان پەروەر
بە دەستی کراوە ستایشی ئەهورا دەکەین
و لە مەزدا دەخوازین ئارەزووی ئێمە بەراوەردە بکات
تا پارێزکاران و ڕێبەرەکانیان زیان لە دروزنان نەبینن.

VI

ئەوسا ئەهورامەزدا کە بوونی ژیان لە مەزنی ئەوە، وتی :
ئایا تۆ سەردار یان ڕابەرێك کە پڕی ڕۆناهی بێناناسی؟
ئایا بە ڕاستی پەروەردگار تۆی بۆ رابەری و پارێزگاری
« ئافەراندن« هەڵنە بژاردووە؟

VII

» ئەهورا« و » ئە شا « بەهەوڕا ئەم « مەنژەیان»
کە زیادکەری سەر کەوتنە چێ کرد، مەزدای مەزن
بۆخۆی ئەوی بۆ باش کردن و خۆش کردنی جیهان و
درووستکاران پەروەردە کرد:
ئەی بیرخاس کێیە ئەو کەسەی
کە لە تۆیە و خەڵک بۆ ڕاستی ڕێنمونی دەکات؟

VIII

تەنیا کەسێك کە من لێرە دەیناسم کە گوێی بۆ
فێربوونەکانی ئێمە شل کردوە « زەردەشت سپیتمانە »
تەنیا ئەو خوازیاری ئەوەیە کە سترانەکانی ستایشی
مەزدا بگەینێتە گوێچکەی خەڵک.
هەر بۆیە گفت و لفتی شیرینمان پێ بەخشیوە.

IX

ئەو کات » گوشورون« هەڵچوو:
ئایا من دەبێ بە پشتیوانی کردنی مرۆڤێکی ناتەواو
ڕازی بم گوێ بدەمە قسەکانی؟
بە ڕاستی من ئارەزووی فەرمانڕەوایێکی بە توانام دەکرد
کەی دێت ئەو کاتە کە کەسێکی بەتوانا
یارمەتی دەری من بێ؟

X

ئەی ئەهورا! ئەی ئەشا !
هێزی پاشایەتی مەعنەوی بدەرە ئەو!
ئەی بیرخاس!
بیرو هوشێکی خاس و هێمن بدە ئەو!
ئەی مەزدا!
منیش ئەو بە بەندەی بەرزی ئێوە دەژمێرم.

XI

کەنگێ ئەشا و بیرخاس و پاشای مەعنەوی
بۆلای ئێمە دێن؟
ئەی ئەهورا مەزدا!

ئێستا بو ئێمە یارمەتی دەرێك ھاتووە،
ئێمەش ئامادەی یارمەتی دانی کەسانی وەك ئەوین

گاتاکان بە شێعر ھوندراونەتەوە و بە شێوەی سرود لە پەرسشتگاکان تیکەڵ بەحاڵەت و جوڵانەوە و سەما پێشکەش کروان.ھەرچەند ئەمڕۆ پەرستشگاکان لە کوردستاندا کەم بوونەتەوە، بەڵام ھەر ئەمرۆش شێعروگۆرانی چرین زاڵە بە سەر سەرجەمی ھونەر و فەرھەنگی کوردا. سەما کردن و گاتاخوێندنەوە لە زاراوەی ھەورامی، خۆی لە ھۆرەچریندا دەردەخا، ھەروەھا پاشماوەی ڕێورەسمی کۆنی زەردەشتی و ئایینە کونەکانی تر، ئەمڕۆ لە شوێنەکانی ئاینی ئێزەدیەکان، ئەھلی حەق، عەلیئوڵاھی بەڕێوەدەچێ و پاشماوەی ئاینی زەردە شتی و زەروانی لە ناو کوردی سوننی وشیعە ولە خانەقاکان دەبیندرێ، بە تایبەت دەروێشەکان بە سەما و ئاھەنگ و نەوای تایبەت چەشنێک نمایشی ئایینی پلەبەرز دەنوێنن. مەولودنامە خوانی بۆ محەمەد، پەیامبەری موسڵمانەکان، لە راستیدا دەبێ لە ئایینی میترا و زەردەشت وەرگیرابێ و پاش ھاتنی عەرەب بەرگی ئیسلامی بە بەردا کرابێ، ھەر وەك چۆن تازییەخوانی بۆ سیاوەش لای فارسەکان، بەرگی ئیسلامی شیعەی بە بەردا کێشراوە.
ڕێوڕە سمی ئایینی چ لە پەرەستشگاکان و چ لە مەیدانەکان بە شێوەی ڕێکوپێك بەڕێوە چووە، موسیقا و جوڵانەوەی تایبەت وداب و نەریتی بەرێوەبردنی پەرستش کردن، پێویستی بە فێربوون و ڕاھێنان ھەبوو، بۆ ئەوەی ڕێوڕەسمەکە بە پێی پرێنسیب و دابودەستوورەکانی جێکەوتوو، بەڕێوەبچێ و دووبارە بکرێتەوە، ئەوە تایبەتمەندیی شانۆی ئایینی و ڕیتوال بووە و بەھەمان شێوە شانۆ و شانۆکاریی گرێدراوی ڕاھێنان و فێربوونی تەکنیک و فێربوونی فۆڕم و شێوەی ئاخافتن و خۆدەرخستن بووە، ئەو پرۆسەیە درێژخایەن بووە و کەسانی تایبەت لە پرۆسەیەکدا بوونەتە ئاکتۆری ئەم ڕیتوال و چەشنە شانۆیە کە بە پانتای جیھان لە سەردەمی ئێستاشدا لە شوێنە ئایینییەکان بەڕێوە دەچن. موغانی زەردەشتی وەك پیشە، کاریان بەرێوەبردنی ئەم ڕێورەسمانە بووە! کە ئەوە ھەموو ئایینەکان و ھەموو ڕێوڕەسمێکی ئایینی دەگرێتەوە، کە گرێدراوی ھەموو ژیانی ئینسان کراوە، ھەر لە ڕێوڕەسمی لە دایکبوونەوە، ھەتا ڕێوڕەسمی مردن و ناشتن و ماڵئاواییکردن لە مردوو.

دوا بە دووای دەستەڵات پەیداکردنی مادەکان پەرە بە ئایینی زەردەشتی داب ودەستورەکانی دراوە و لە دەورەی ساسانییەکان، موغەکان بەشێك لە دەستەڵات بوون وڕێ ورە سمی ئایینی زەردەشتیان گەیاندوتە ئەوپەری خوی، بە واتای ئەمڕو موغەکان دەبێ یەکەم دەرھێنەری شانۆی ئایینی بووبن .
یونانییەکان ھەرچەند ویرانکاری زوریان کرد و شارو گوندیان سوتاندو کوشتاریان کرد بەو حاڵە بە پێی دەستوری ئەسکەندەر بەشداریان لەرێ و رەسمی ئایینی زەردەشتی دا دەکرد. پێشتر ئایینی مێھر گەیشتبووە یونان و داب و نەریتی میترا لە ناو یونانییەکاندا پەرەی ساندبو، ھەر بەم چەشنە ئایینی زەردەشتی ورێ و رەسمەکانی لە ناو یونانییەکاندا جێگای خوی کردوتەوە.
یونانییەکان بەر لە ماد و پاش ماد گەتشتونەتە وڵاتی مادەکان ھەم لە ژێر کارتیکردنی مادەکاندا بوون و ھەم کاریان کردوتە سەر ھەموو تیرەکانی ئەم سەرزەمینە بە مادەوە !
تا ئێستا دەگوترا کە بنگەھی شانۆ یونان بووە، پاشان ئەم باوەرە پەرەی ساند کە بەر لە یونان شانۆ لە میسری کون ھەبووە ئەمرو بە پێی زور سەرچاوە و ھەر وەھا لێکولینەوە و ئارکیولوژی ئەم بیرە زورترجێگای خوی دەکاتەوە کە شانۆ دەبێ لەو مەڵبەندەوەھاتبێ کە مەڵبەندی لە دایکبوونی ھەموو ئایینەکانە، لێرەوە بەرە و یونان و لەوێوە بەرە و ھەموو جیھان رویشتووە.
ئەگەر ماکی شانۆ ئایین وئوستورە بێت ئەوە ئێرانی کون(بەماننا و ئورارتو و ماد و پارسەوە ) لە پاڵ میسر و ھیند وچینی کوندا بێشکەی ئوستورە و ئایین بووە . ئەگەر سرنجێکی ئایینی کون وھەروەھا ئوستورە لە ئێران و یونان و میسرو ئەفریقا بدرێ و بەراوەردێك بکرێ لە نێوان ئایینە کون ونوێیەکاندا دەردەکەوێ کە مەکوی راستەقێنەی ئایین و ئوستورە کوێیە ! بەر لە پێکھاتنی دەوڵەتی ماد ھات وچو نێوان ئەو سەرزەمینانە
ھەبووە بەڵام پاش جێگیربوونی مادەکان وەك دەوڵەت پێوەندی سیاسی وبازرگانی و زانستی و پیشەیی و فەرھەنگی بە مانای ئەو سەردەمە پەرەی ساندووە، بەتایبەت زور لە یونانییەکان لە دەرباری مادەکان فێری زور شت لە وانە رێ ورەسمی بیداری بوونە کە پێویستی بە فێربوون بووە. بەڵام جیاوازی گرینگ نێوان
یونان وئێران بە ماد و پارس و ئەوانی ترەوە لە وەدا بووە کە لە یونان بیرو زانست و فەلسەفە تایبەتی دەستە و تاقمێك نەبووە ودەستەڵات لایەنی خەڵکی ھەبووە ودەرفەت بو پەرە ساندنی بیر و باوەڕ و فەرھەنگ ھەبووە بە پێچەوانەوە لە سەرزەمینی ئێران دەستەڵات و مێژوو وزانست وفەرھەنگ وھونەر لە پاش مادەکان
وە بە گشتی عایدی خوا و شا و دەربار و توێژەکانی سەر بە بارگا بووە. مێژوو مێژووی خوا وشایە، شاھەنشاش نوێنەری خوا لە سەرئەردە، خەڵك خزمەتگوزاری خوا و شاو وڵاتن. کێ بەرکێ و شەڕ
ولە شکرکێشان لە ناو دوو ئیمپراتوری ئێران و یونان دا دایم ھەبووە ئەسکەندەر لە ھجوم بو سەر خاکی ئێران زور شار وگوند وێران دەکا و زور شوێن دەسووتینێ، وەك پاسارگاد پرسپولیس (تەخت جەمشید) بەڵام یونانییەکان روویکی تریشیان ھەبووە ئەویش دروست کردنی شاری نوێ بووە لەو شارانەدا کە بە شێوەی خویان سازیان کردووە لە پاڵ زور بینای تردا تەماشاخانە ھولّی شانۆش ھەبووە ھەر ئێستاش لە شارەکانی ئیلام و کەنگاوەر جێی دیاری ئەم شوێنانە ماوە

تەوە. جگە لەمانە یونانییەکان بەشداری ڕێورەسمی ئایینی ئێرانییە کانیان کردوە، لەوە دەرچێ ئەسکەندەر پاش دەستەڵات پەیداکردن بە سەر ئەو سەر زەمینەدا بو تیکەڵ بوون لەگەڵ تیرەکانی ئێرانی فەرمان دەدا ئەندامانی سپاکەی ژنی تیرەکانی ئێرانی بێنن کە بە هەزاران لە سپاکەی لە ڕوژێکدا زەماوەند دەکەن خوشی « ڕەکسانا » کچە شازادەی مادی دەخوازی. پاش مردنی ئەسکەندەر و ڕوخانی سلوکێەکان و هاتنە سەر کاری ئەشکانێەکان (کە دەگوترێ کورد بوونە ) زور لەو یونانیانە دەمێنەوە و لە ناو ئێرانییەکاندا دەتوێنەوە دیارە ئەوانە پیشە و کاری خویان دەپارێزن و پەرەی پێدەدەن یەك لەم پیشانە کاری شانۆ بووە. پاش هاتنی ساسانییەکان جارێکی تر ئایینی زەردەشتی وەك ئایینی حکومەتی گیان دەگرێتەوە و موغەکان لە ڕێگای دروست کردنی دەیان پەرستشگای نوێدا ڕێ و ڕەسمی ئایینی بەهەموو داب و نەریتەکانییەوە بڵاو دەکەنەوە.

هەر لەو سەردەمانەدا ئایینی تر وەك زەروانی، مانی، مەزدەکی موسایی پەرە دەستیێ کە جگە لە ئایینی موسایی ئەوانی تر ئایینی زادەی بیر و مێشکی ئێرانییەکانن. ئایینی مانی ڕەنگە بتوانین بلین

ئایینی هونەرمەندانە، ئەو کورە شازادەی دایك کوردی هەمەدانی خوی هونەرمەندیکی مەزن بوو، ئایینی مانی ڕەنگە یەکەم ئایین لە دنیادا بێ کە لە ڕێگای نیگارکێشان( نەققاشی) و موسیقا و سرود و

شێعر خوێندنەوە بڵاوکراوەتەوە، هەرچەند ئایینی زەردەشتیش ئایینی سەما و شێعرو سرود بووە، ئەم سێ خسلەتە هەر ئێستاش لە ناو ئێرانییەکان بە تایبەت کورددا بەشی سەرەکی ژیانی فەرهەنگی ئەم میلەیە پێك دەهێنێ کە دەبێ خاسێەتی شانۆکەشی بێت.

ڕێ ورەسمی ئایینی بەردەوامە هەتا هاتنی ئیسلام، ئیسلام هەرچەند لێرە زاڵ بووە بەڵام بەشی زوری داب و نەریت و ڕێورەسم و کەلەپوری خەڵکانی ئەم سەر زەوەیەخوی لە ناو ئەم ئایینەدا دیتوتەوەوبەگۆڕینی ڕەنگ زیندوو ماوەتەوە.

بەم چەشنە ڕێورەسمەکانی کونی وەك خوێنی سیاوەش خوی لە تازییەی حەسەن وحوسین دا دەبینیتەوە،

یاموغکوژان(مادکوژان) کە بە دەستی داریوشی پارسی دەستی پێکرا لە مەزهەبی شیعەکانی

ئێراندا دەبێتە عومەرکوژان کە لەراستیدا لە هەر دوو دەورەدا ماد کوژی یا کوردکوژی بووە. (عومەرکوژان ڕێ ورەسمێکە کەلە مانگی موحەرەم دا لە ناو شیعەکانی ئێران بە فارس وکوردو ئازەری یەوە

بەرێوە دەچێ، لەم ڕوژەدا کەسێك دەبێتە عومەر وبە شێوەی شانۆی سەرجادە وەك شانۆی تازیەگێران بەرێوە دەچێ سەیریش ئەوەیە زوربەی ئەو کەسانەی کە دەبوونە عومەر کوردبوون، ئەوانە پاش خواردنی تیهلدانێکی زور وکوشتنیان لە شانۆکەدا پارەێکی چاکیان وەردەگرت.) جگە لە ئایین و شانۆی ئایینی ئێرانێەکان بە کوردو فارسەوە هەر لە کونەوە جێژن و بونەی وەرزەکانی ساڵیان هەبووە، لەوەش زیاتر هەر مانگەی جێژنێکی تایبەتی هەبووە وەك جێژنی میهر لە پاییزدا، تیر لە هاویندا، دەی لەزستاندا نەوروز لە بەهاردا. بونەی کشت وکاڵ و کارو هەروەها ڕێ ورەسمی زور لە ناو کورددا هەبووە و هەیە وەك کوسە بەبە، کوسەی هەجیج، کوسە گەلین، میر میرین، شاو وەزیر و دەیانی تر تەك لە مانە کوسەگەردیە کە شانۆێکی تەواوە کە ڕەنگە زیاترلە سێ هەزار ساڵ کونە کە لە ناوچەکانی کوردستان جوراجورە، لە ناو کوردەکانی بە ناو ئازەربایجان شوێنی مادی بچوك بە کوسەگلین نێودێر کراوە کە بەم چەشنەیە:

**تیپی کوسە و چونێەیی کایە**

گروپی کوسە پێنج کەسن، لە هێندێك شوێن دوو کەسن.

ئەندامانی تیپەکە:

گەلین(بووك)، کوسە، تەپل ژەن، نەقارەژەن تورەکەکێش.

- گەلین ڵاوێکی مێرمنداڵە و وەك بووك خوی دەرازێنێتەوە و ئارایشی دەکات.

-کوسە لبادێك لە بەر دەکا و کەپەنێکیکی فش بە پێچەوانەوە لە بەردەکا و کلاوێکی قوت لە پێستی بزن یا نەمەد لە سەر دەنێ! جار هەیە دوو شاخ یا دوو گەسك یا دوو کلاش لە سەری قایم دەکا وزەنگوڵە لە قەدی شوردەکاتەوە و دارێك یا شەمشیرێکی دارین بە دەستەوە دەگرێ و کلکێکی گا لە پشتی خوی دەدروێ!

تیپەکەلە کاتیکدا مناڵ وژن وپیاو وەشوێنیان دەکەون ماڵە و ماڵ دەگەرین و بە دەنگی تەپڵ و دەنگی سەیر دەچنە بەر دەرگاکان خەڵك ئاوەروانی کوسە و هەواڵانی دەکەن و هاینی ئەوان بە مەبارەك دەزانن ولایان وایە خەم ڕەوینن. کوسە و هەواڵانی لە ناو حەوشی ماڵان یا لە گورەپانەکان دەست دەکەنە گورانی وتن وهەڵپەرکێ، ئەم گورانیانە باسی بزن دەکەن ( ئایا بە ڕێکەوتە کە یەکەم شانۆکانی سەر جادەی یونانیش گورانییەکانی هەر لە بزن دەدوی؟) و خێرو بەرەکەت بو خاوەن ماڵ دەخوازن، هەروەها لەم گورانیانەدا باسی مردنی کوسە دەکرێ.

شانۆی کوسە بەبە بەم چەشنە دەسی پێ دەکات:

لە پێشدا پاڵەوان پەمو دێتە ناومەیدان بە شێعرخوێندنەوە بانگی
کوسە دەکا بو هاتنە ناو مەیدان، کوسە دێتە ناو مەیدان و خەڵك
گاڵتەی پێدەکەن، کوسەش بە ئەداو ئەتوار ئەوان زورتر وە
پێکەنین دەخات کوسە بە شێعر و هەروەها بە ئیشارە و پانتومیم و
ئاکاری سەیر دەخوازێ خەڵك پیبگەێنێ کە برسیەتی و پێویستی
بە پارە هەیە، بەڵام خەڵك وەڵامی نادەنەوە! کوسە خوی دەکاتە
مردوو و دەبێژێ مەیلی سەفەری بو ئەو دونیا هەیە لە بەر
ئەوەی ژیان لەم روژگارەدا ناخوشە، بەم حاڵەوە ئاکارو
رەفتاری هەر پێکەنین هێنەرە پاڵەوان پەمو پێشنیار دەکا کە
دەستەوداوینی بزن بن، پاڵەوان پەمو دەچێ بزن کە خوشەویستی
خەڵکە دێنێتە ژوور، بزن کورە لاوێکە کە پێستی بزنی لە بەردایە و
ریشێکی درێژی هەیە. کوسە بە دیتنی بزن هەڵدەکوییتە سەری و
ریشی دەگرێ ودەلێ:
کوسە تو پێشتر ریشت نەبوو ئەم ریشە پان و پورەت لە کوی
هێناوە؟ بزن دەلێ چوتە،،حەج،، ( جێی گومانە کە ئەوە حەج بێ)
ولەوێ هێناویەتی بزن داوا لە خەڵك دەکا یارمەتی کوسە بدەن
خەڵك پارە دەدەن بە بزن، بزن هەموو پارەکە دەدا بەکوسە،
کوسەش چەند پوڵی رە ش دەداتە پاڵەوان پەمو و باقی پارەکە
دەنێتە گیرفانی، بزن جارێکی تر داوای پارە بو خوی دەکات، بەڵام
دیسان کوسە هەموو پارەکەی لە چنگ دەردێنێ، بزن بو نەرم
کردنی دڵی کوسە و رازی کردنی، مناڵە برسێەکانی دەهێنێتە ناو
مەیدان، بەڵام کوسە بە زور ئەوان لەمەیدان لە سەر شانۆ دور
دەکاتەوە پاشان کوسە بو ئەوەی ماندوویی بحەسێنێتەوە دەچێ لە
سووچێك رادەکشی و پرخەی بەرز دەبێتەوە، لەم کاتەدا بزن بە
بەردێکەوە دێتە سەر شانۆ و کاری کوسە کوتایی پێدێی. خەڵك بو
پشتیوانی کردن لە بزن دەیکەنە شادی وخوشی لەم کاتەدا پاڵەوان
پەمو بێ خەبەر لە هەمووشت دێتە سەر شانۆ و حەول دەدا کە کوسە لە خەو هەلستینێ بو ئەمەش کاری سەیروسەمەر
دەکا وخەڵك وەپێکەنین دەخات پاڵەوان پەمو زور خەریك دەبێ بەڵام بێ سوودە و کوسە راست نابێتەە ئەوجا دەکەوێتە
گورانی وتن پاڵەوان پەمو:
ئارشین درێژ کەرباس قوڵە　　　ئارشین ئوزون بەئیز قیسا
مرد بێ کفن و دفن کوسە　　　کەفەن سیز ئولدی کوسا
بزن سەرکەوتووانە لە گەڵ مندالەکانی دێتە سەر شانۆ و شادی و
خوشی دەگاتە ئەو پەری، پاشان هەموو بو هاتنی بەهار و پێشوازی
نەوروز و بەسەرچوونی زستان دەکەونە بەزم و شادی وهەڵپەرکێ .
( لە کیبیی ئینجەوی شیرازی)
یەکێکی تر لەم شانۆ کونانە میرمیرنە کە هەر لە کونەوە لە ناو کوردان باو بووە، پێنج روژ بەر لە نەوروز هەتا
روژی سێزدەی نەوروز واتە سێزدە بەدەر دەستەڵاتی شار وگوند دەکەوێتە دەست میری هەڵبژاردە میر لە راستی دا
باشترین شانۆگێری گوند یا شارە کە لە کێ بەرکێ یەکی هونەریدا سەردەکەوێ و دەستەڵاتی شار یان گوندی
پێدەسپێردرێ و میر و سولتان دەبێ جێگە بو میری نەوروزی چوڵ کەن، میر لەم ماوەیەدا بە عەداڵەت حوکم دەکا و
شادی و خوشی باڵ بە سەر هەموو کەس دا دەکێشێ، ئەم رێ و رەسمە کە وەك شانۆێکی میللی بە بەشداری هەموو
کەس بەرێوە دەچێ لە روژی سێزدەبەدەر بە شادی و سەیران لە دەرەوی شاربە شێوەێکی کارنەواڵ ئاسا کوتایی پێ
دێت.
لە موکریان ئەم رەسمە هەتا دەورەی رەزاشا بەردەوام بوو رەزاشا بەم بیانوە کە خەڵکی مەهاباد لە بەرانبەر شادا شایان
ساز کردووە ئەم رێورەسمەی یاساخ کرد. ئاخر میری ئەم شانۆیە لە مەهاباد سەدیقی سیاسەری بووە.

**شانۆ**

دروستبوونی شانۆ پێویستی بە بوونی دەوڵەت هەیە! سەیرکردنی مێژوو ئەوە دەسەلمێنێ! ئەوانەی کە دەوڵەت و کیانیان
هەبووە و هەیە شانۆش بەشێك لە مێژوویانە ئەو دەوڵەتانەی خاوەنی دیموکراسی بوون یان هەن شانۆیان گەشەی کردووە
و گەشە دەکای. بوونی شانۆ پێوەندی بە بوونی ئازادیەوە هەیە، بێ ئازادی

شانۆ ناتوانێ نەفەس بکێشێ، بێ ئازادی شانۆ چێ نابێ! سرنجێکی ئەمروی دنیا بە تایبەت وڵاتانی خاوەن دیکتاتوری ئەوە نیشان دەدا کەلە پاڵ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادی شانۆش بەندکراوە بێدەرەتانە؛ یاخو کز و لاوازە، یا ن بێ ناوەروکە. هەر بویە دەم و نەفەسی شانۆ گرێدراوی نەفەسی سیاسی لە هەر وڵاتیك دایە.
نەتەوەی کورد ئەو کاتەی دەستەڵاتی هەبووە شانۆشی هەبووە،کە دەستەڵات لە دەست چووبێ یا ئازادی باری کردبێ شانۆش لە نەفەس کەوتووە.
چارەنووسی شانۆی کورد گرێدراوی چارەنووسی کورد خوی بووە،کە کورد هەلیدابێتەوە شانۆش پشتی راست کردوتەوە کە کورد پشتی چەمابێتەوە شانۆش چەماوەتەوە.
لە دەورەی ساسانی دا هەرچەند مادەکان لە دەستەڵاتدا نەبوون بەڵام لە رێگای ئایینی هاوبەشی زەردەشتی و بەشداری دەستەی هونەرمەندان، ئەدبیان، پیشەکاران، بەیت بێژان، چیروك بێژان ونەقاڵان لە بارگای حکومەتی و هەروەها جێژنە نەیەواتەتیەکانی هاوبەش رێ و شوێنی شانۆتی و شانۆ درێژەی هەبووە.
هاتنی عارەب و زەبر وزەنگ بو داسەپاندنی ئایینی خویان و لە ناوبردن یا کز کردنی ئایینی مەجوسان، بوو بە هوی لە ناوچوونی هێندێك رێ و شوێنی شانۆیی یا بوو بە هوی گورینی ناوەروك و بگرە فورم و شێوەی شانۆیی، لە لایکی دیکەوە لە بەر بەردەوامی بەربەرەکانی و شورشی سیاسی و فەرهەنگی و ئایینی دژی
عارەبان دەتوانین بلین رێ و شوێنی شانۆیی کە مورکی کوردی پێوە بێ بە شێوەی جوراجور بێ خەل و خەوش پارێزراون یاخو بەرگی ئیسلامیان لە بەر کراوە، ئەمرو بوونی ئایینی زور جیاواز لە ناو کورداندا نیشانەیە بو پاراستنی رێ و شوێنی ئایینی و هەروەها شانۆیی. لێکولینەوەی قوڵی زانستی ئایینەکانی زیندووی کورد لەمرودا ئیمە لە گەڵ ئێلێمێنتی(عونسوری) شانۆ بە گشتی وشانۆی ئایینی بە تایبەتی روبەرو دەکات، داب و نەریتی یارەسان، ئیزەدیەکان، شەیتان پەرستەکان، عەلی وەڵاهی، زەردەشتی، پاش ماوەی مەزدەکی ومانی و زەروانی و زور ئایینی تر کە رەنگە لە ناوگوندەکان یان عەشیرەتەکان مابن سەروەتیکی یەکجارگرینکی مەعنەویی و هونەری بە تایبەت شانۆیە! هەر لە ناو ئایینی ئیسلام بە شیعە و سونی، حەمبەڵی و شافعی و وەهابی و حەنەفی یەوە رێ و رەسمی کونی ئایینی و شانۆیی کوردان بەدی دەکرێ وەك مەولودنامەخوانی، تازییەگێران، رێورەسمی مردووناشتن، قوربانی کردنی گا، رێورەسمەکانی رەمەزان، شەوەکانی لێلەتولقەدر وزوری تر.
سەرجەمی ئەوشتانەی کە لێرەدا باسکرا بە سەریەکەوە کارکتیرو کەسایەتی سەربەخوی رێوشوێنی شانۆیی کوردی دەردەخەن کە دەبێ مامەڵەێکی زانستیانەی لە گەڵدا بکرێ، لێکولینەوەێکی ئانتروپولوژی وستستیماتیك کە ببیتە هوی چێ کردنی ستسیمێکی تیروانینی شانۆیی کوردی کەجێگای لە ناو سەرجەمی ژیانی فەرهەنگی و زانستی کورددا چوڵە.

**شانۆ لە رۆژهەڵاتی کوردستان**

شانۆ بە شێوەی نوێ لەخودی ئێراندا دەگەرێتەوە بو سەرەتای ئەم چەرخە! چەرخێك کە ئێران لە تەك ئوروپای مودێرندا روبەرو دەبێ و مودێرنیسم لە رێگای خوێنداکارانی ئوروپاچووی ئێرانی بە گشتی و کورد بە تایبەتی دێتە ناو ڵات.
ناسرەدین شای قاجار لە پترزبورگ و پاریس شانۆ دەبینێ و کەیفی ساز دەبێ و پاشان لە گەرانەوەدا بو ئێران فەرمانی دروست کردنی شانۆ دەدا ئەمەش لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا بووە یەکێك لەم خوێندەوارە کوردانە میرسیفەدینی کرماشانی بووە کە ساڵی ١٩٣٠ لە تفلیسی قەفقاز دەگەرێتەوە بو ئێران. ئەو لە تەورێز و تاران و کرماشان شانۆ بە شێوەی ئوروپی دەست پێدەکا و رەنگە یەکەم کەس بێ کە دەرهێنان وبەکارهێنانی دیکوری لە شانۆدا کردبێتە باو. سەرەتا لەیلی ومەجنون وخەسرە وشیرینی پێشکەش کردوە پاشان شانۆێکی هاوینی سازکردوە دواجارشانۆێکی بە ناوی ستودیوی کرماشانی دامەزراندوە و یوسف وزولیخا و مەشدی عیباد و عەزیز و عەزیزەی نیشان داوە! میرسێفەدینی کرماشانی لە کاتی پروبەی ئارشین ماڵاڵاندا خوی دەرمان داو دەکاو دوو روژ پاشان دەمرێ. کرماشانی لە لایەن دەزگای حکومەتیەوە نەویست بوو، شارەبانی (پولیس) پیان راگەیاندبوو تا ئێران یان شانۆ جێ هێلێ، میرسیفەدین نە شانۆ و نە ئێران هیچیان بەجی ناهێلێ ولەروژی٣٠جوزەردانی ساڵی١٩٣٠ژیان جێ دەهێلێ! پاش کرماشانی هەر لەو ساڵانەدا شانۆی « هەیئەتی تیئاتراڵی ئەرامەنە» لە ژێر بەرپرسایەتی میرزا تەقی خانی رابەردا پێك دێی. ئەم تیپە بە بونەی دروست بوونی یەکەم دەبیرستان بە ناوی کەزازی لە کرماشان شانۆنامەیەك پێشکەش دەکەن پاش ئەوەی غوڵام رەزا پارسا وەك دەرهێنەر کەوتە کار لە گەڵیان، تیپەکە گەشەی کرد ناپلئون، پزشکی بەناچاری، تاجری وەنیزی مولیر، نەخوشی خەیاڵی روستەم و زوراب، مامە رەجەب منال بوتەوە، سێ پێشەنگ، هورمزی قومارباز، مەشەدی عیباد، ئارشین ماڵاڵان، نەورزپینەچی نووسینی » وەزرای مەحمودی « ئەو شانۆنامانەن کە ئەم تیپە پێشکەشی کردون، ئەوەش بگوتری کە غولامرەزا پارسا بو یەکەمین جار ژنی هێنایە سەر شانۆ، سمایلی شاکری کە ئەندامی تیپی »هیئەتی تیئاتراڵ« بوو پاشان تیپێکی تری لە ساڵی١٩٤٧دروست کرد ویوسف وزولێخاو مەشەدی عیباد، نەناسی سوورپوش لە نووسینی »جەوادی گیتی ئارا« لە هوڵی »سینەما ئێران« پێشکەش کرا، لەم شانۆیەدا مێهدی ئاسوری و خانمی »فەخری ئاسوری« کە لە سینەمای ئێراندا بە »فەخری خوروەش« ناسراوە دەوریان گێراوە پاشان ئەم شانۆنامانە پێشکەش کراون، قاقای شەێیتنی نووسینی «جە وادی گیتی ئارا»، ئارشین ماڵاڵان، نادرشای هەوشارو گرتنی هیند، کاری ئەم تیپەیە کە هەتا ساڵی١٩٥٤بەردەوام بوو لەم ساڵەدا »ئیدارەی سەرپەرستی شانۆ« وەزارتی فەرهەنگ و هونەر دامەزرا و کلاسی فێربوونی شانۆ کراتەوە. لە ساڵی ١٩٤١ لە لایەن خوێندکارانی دەبیرستانی شاپورەوە ئەم شانۆنامانە لە هوڵی سینەما باربەد پێشکەش کراون ئوتیلوی شێکسپیر، تاجری وێنیزی مولیر! کلوبی شانۆگێرانی کرماشان لە لایەن فەریدون و

ئیرەجی ناسری و غولامحسێنی ناجی یەوە پێك هات کە دووشانۆنامەی کورش وئاریا و کچی بوت پەرەستیان پێشکەش کرد . ساڵی ١٩٦٦وەزارەیی فەرهەنگ و هونەر بە بەشداری بەهرام بێزایی دەورەێکی یەك مانگەی شانۆگێری بو هونەرمەندانی کرماشان پێك ئانی، لە پاش ئەوە »نەوزەری ئازادی«
دوو شانۆنامەی کرێگرتە و پیاوی قوڵ زیرینی پێشکەش کرد، هەر لەو ساڵەدا »عەباسی بەنی عامریان« کرێ گرتە نووسینی پەرویزی سەیاد و ئەو کابرایەی کە مردبوو خوی نەیدەزانی پێشکەش کرد ساڵی ١٩٦٦ »ناوەندی هونەرهای دراماتیك« پێك هات کە کەسانیکی وەك ئاتەشی تەقی پوروعەلی حاجی عەسکەری بەرپرست بوون جگە لە شانۆ لە کرماشان هەر لەو ساڵانەدا ئوپێراش پێشکەش کراوە
لە وانە شاعیرو شانۆنامەنووس »فەرەج ئوڵا جەلالی گوران« چوار شانۆنامەی شێعری بە شێوەی ئوپێرا پێشکەش کردوە.

**مێژینەی شانۆی کرماشان**

مێژینەی شانۆی کرماشان بۆ کونی دەگەرێتەوە بومێژووی مادەکان، بوونی دەیان شێوەی شانۆیی ئەم بۆچونە دەسەلمێنێ لە وانە شانۆی تازییەگێران، نەقاڵی، شانامەخوانی، شانۆی سەر تەختە حەوز، لاسایی کردنەوە، شامورتی وازی، تەردەستی و شوعبەدە وازی، پاڵەوان کەچەڵ و پاڵەوان پەمو، شانۆی بی بی جان خانم و بووکە شوشە، شار شاری فەرەنگ، لەم سەد ساڵەی دوایەدا کرماشان لە پاڵ ئیلام وخورم ئاوا جێگەی تایبەتی لە شانۆی روژهەڵاتی کوردستانداهەبووە و هەیە. شانۆ لەم مەڵبەندە دایم تایبەتمەندی خوی هەبوە
ئەویش لە زمان و جل وبەرگ وناوەروك وشێوەی نواندنی کوردی بەرهەمەکاندا دەردەکەوی نووسەرانی وەك فەرەج ئوڵای جەلالی گوران، نوسرت ئوڵای نەویدی، عەلی ئەشرەفی دەروێشیان، سمایل خەلەج ومە نسوری خەلەج، مەنسوری یاقوتی، نوسرت ئوڵای سێیافی و زوری تر شانۆنامە نووسانی کوردستان و هەموو ئێرانن. کرماشان تەنیا پێشرەوی شانۆ نییە بەڵکو پێشرەوی سینەما و روژنامەوانی وزور هونەری ترە.

**سنەی ئەردەڵان سنەی ئەردەڵان (سەنەندەج)**

رەنگە وەك کرماشان کون نەبێ بەڵام برابچکولەی کرماشانە بە تایبەتمەندیکی بەرئاوەوە ئەویش مێژووی دەستە ڵاتدارێتی ٧٠٠ ساڵەی کوردانی ئەردەڵانە ئەمە سنە و ناوچەی ئەردەڵان دەکاتە ناوەندێکی کون و رەسەنی فەرهەنگ و هونەر، ناوچەیەك کە نزیکترین ئاخاوتنی ئەویستاییان
لایە و جێ پێی هونەری ئەو دەمانە هەر ئێستاش بەرچاوە. سیاچەمانە، میرمیرین، کوسەگەردی، نەقاڵی، زوران بازی بی بی جان خانم، پاڵەوان پەمو، زورخانە، حەکایەتخوانی شانامەخوانی، شێعرخوانی، مەمولودنامەخوانی، بەزمی خانەقا مولاناخوانی، دەف ژەنی، نەقارەژەنی داب و نەریتی جێژن و بونەکان، موسیقا و هەڵپەرکێ هەمووی ئەوانە سنە دەکەنە مەکوی رەسەنی هونەری کوردی. زارە و زار دەگێرنەوە کە میرانی ئەردەڵان لە کاتی جێژن و شادی نەوروز و جێژنەکانی هاوین و بەهاردا دەچوونە هاوینە هەوار، لێرە بەزم بەرپا کراوە وشانۆ پێشکەش کراوە. هەرچەند ئەمرو شتیکی دیار بە دەستەوە نییە بەڵام مێژووی ئەم سەد ساڵەی دوایە و پلەی بەرزی هونەری ئەمرووی سنە دەریدەخا کە شانۆ لێرە بێ مێژینە نییە. شانۆ لێرەش بە دەستپێکردنی مودیرنیسم و گورینی مەکتەب وحوجرە بو مەدرەسە و خوێندنگەی دەوڵەتی و هەروەها دروستکردنی مەدرەسەی هونەر وزانستگا و رادیو تلەوزیون ئیدارایی دەولەتی و پادگانی ئەرتەشی پەرە دەستینێ. سەرەتا شانۆی مەدرەسە کە زورتر بە نمایشی میللی ومیهەنی نیودێر کراوە دەست پێدەکا. بوونی مووسایی(جولەکە، ئەرمەنی، فەلە هویکی ترە بو پێشکەوتنی شانۆ و هونەر بە گشتی. هەتا ساڵی ١٩٧١ شانۆ بەسەرهاتی وەك کرماشانی هەبووە ئەویش خوی لە دروستکردنی تیپ و کومەڵی شانۆیی دا دەردەخات لەم ساڵەدا بەشی شانۆی ئیدارەی فەرهەنگ و هونەر دادەمەزری و ماموستای شانۆ دەست دەکەن بە فێرکردنی دەرسی شانۆ.
یەك لەوتیپە شانۆییانە تیپی شانۆی شەهاب بووکە پاشان بوو بە تیپی شانۆی هیوا، کە لێرە وەك وێنەیەك لە شانۆی شاری سنە بە کورتی باسی دەکەین.
تیپی شانۆی هیوا لە نیوان ساڵەکانی(١٩٧٦-١٩٧١) ٢٦ شانۆنامەیان پێشکەش کردوە کە زوربەیان لە هوڵی فەرهەنگ و هونەر پێشکەش کراون کە بریتی بوون لە تیکستی نووسەرانی جیهانی، ئێرانی و کوردستانی، ماوەی پێشکەشکردنی شانۆنامەکان لە دوو روژ هەتا ١٥ روژ بووە، جگە لە شاری سنە لەم شارانەش هاتوتە سەر تەختەی شانۆ ورمێ، کرماشان، هەمەدان، مەراغە، مەهاباد، تەورێز، سەقز بانە، بیجار، قروە، ئیلام، رەشت، بەندەری ئەنزەلی، بێهشەهر، ساری مەریوان، ئازەرشار، شانۆنامەکان بریتی بوون لە ئاشتی، ماری زێرین لە حزوری بادا، بوخوت بگری و خەڵك بکەنێنە، ئیعجازی ئەتوم یەك تەخت و دوو مسافر، خو کوشتن، جندوکەگر، پلنگی نێوەرو دووا نەواری کراب، ئستریپتیز، ئوارسەندووق، مانگ هەڵدێ، خوازبێنی شەوی درێژومالّی باراناوی، بزنی ون بوو، ماسك، سیاوە ش، دارەکانی پەیژە، سێران وهە فتان بوختی جادو، لە چاوەروانی گودوداو، ئەفسانەی ترس.
لە ساڵی ١٩٧٦ هەتا ئەمروشانۆ لە سنە بەرەو پێشکەوتن رویشتووە تا ئەو جێگایە کە زورکەسایەتی شانۆی ئەمروی ئێران خەڵکی ئەم شارن، باس لە سەر ئەم ساڵانە لێرەدا ناگونجێ.

**موکریان**

مەڵبەندێکی تری شانۆ لە روژهەڵاتی کوردستان شارەکانی مەهاباد و بوکان و ورمێیە. دیارە شارەکانی بانە، سەردەشت، خانە، نەغەدە شنو، سەقز، مەریوان، قەسری شیرین، بیجار، تیکاپ، کەنگاوەر، کەرەند، پاوە، سونقورو کولیایی، ماکو، خوی و سەلماس خاوەنی شانۆبوون و هەن بەڵام لێرە تەنیا چەند وێنە دەخینە روو ئەویش دوو شاری مەڵبەندی موکریان بوکان و مەهاباد و ورمێ مەڵبەندی باکوری روژهەڵاتی کوردستان. موکریان ناوەندێکی کونی مێژوویيە کە مەڵبەندی فەرهەنگی مادی ومانايی ومیتانی بووە، لێرەوە

فەرهەنگ وداب ونەریتی کون لە ئاکار و هەڵسوکەوتی روژانەشدا خوی دەردەخات. ئارکیولوژی دەریدەخەن کە ئەم مەڵبەندە رەگ و ریشەی ئایین و شارستانییەتی کونی تیدا بەدی دەکرێ فەقرەقای دەورەی مادی، فەرهاد تاشی زەردە وسماقان، پەرستشگای مەزنی ئازەرگوشەسپ و دە یان شوێنی تر لەم مەڵبەندە هەڵکوتووە، هەر بوتە رێ وشوێنی شانۆی کون لێرەش وەك باشوری روژهەڵاتی کوردستان تیرو تەسەل و دەولەمەندە.

شانۆی سەردەمی نوێ یاخو نمایش پاش ساڵی ١٩٢١ دوای دامەزراندنی مەدرەسە دەسی پێدەکات کە لێرەش نمایشی میللی و میهەنی تە کە کورد رولی پاسداری غەیوری مەرزداری ئێرانی تیدا هەیە، هەرچەند لە پاڵ ئەم چەشنە کارانەدا کاری بە پێزی شانۆییش بیندراوە، کە من لە شوێنێکی تردا باسی ئە و دەورەیم کردوە.

سەردەمێکی زێرینی فەرهەنگی، سیاسی، کومەڵایەتی لە موکریاندا سەردەمی پێك هاینی کومەڵەی ژ.ك(ژیانەوە ی کورد) بووە هەتا چێ بوونی کوماری کوردستان لە مەهاباد.

لاوانی کومەڵەی ژ.ك لە هاوین١٩٤٤دا بو ماوەی چل روژ شانۆی دایکی نیشتمان پێشکەش دەکەن کە زیاتر لە٢٠٠٠٠کەس بینەری ئەم شانۆیە بوون. من لە لێکوڵینەوەیەکدا کە لە گواری گزنگدا چاپ کراوە باسی ئەم روداوە شانۆییەم کردوە کە لێرە دوبارەی ناکەمەوە.

پاش ساڵی١٩٧٢ لە گەڵ پێك هاتنی ئیدارەی فەرهەنگ و هونەر و ناوەندی شانۆیی چەند تیپی شانۆیی لە مەهاباد وبوکان پێك دین لە وانە تیپی شانۆی فەرهەنگ و هونەر و رادیو تلەوزیون وخانەی لاوان لە مەهاباد و تیپی شانۆی لاو(جەوان) وتیپی شانۆی ئازاد لە شاری بوکان. لە ساڵی ١٩٧٤بەولاوە جولانەوەێکی شانۆیی لە هەموو ئێراندا پەرەی ساند کە مەهاباد و بوکانیشی گرتەوە لەو ساڵە بە دوواوە هە تا رووخانی رژیمی پاشایەتی فستیوال و جەژنەکانی شانۆیی گەشەی کرد و زور لە تیپە شانۆییەکانی ئێران و کوردستان بو پێشکەشکردنی شانۆ سەری ئەم دوو شارەشیان ئەدا. لە ساڵی ١٩٧٥ یەکەم فستیوالی شانۆی موکریان لە( سابلاخ) مەهاباد پیك هات کە پێنج تیپ لە شارەکانی مەریوان و مەهاباد و بوکان بەشداریان تیدا کرد. هەر لەم ساڵەدا ئاغای ئاتەشی تەقی پور دەرهێنەر و ماموستای شانۆ وەگەردی نوسرت ئولات سەیافی نووسەر و دەرهێنەرو شانۆگێرلە گەڵ چەند شانۆگێری تری کرماشان هاتن بو مەهاباد، ئەمە بوو بە هوی پێوندێکی بە هێزی شانۆیی نیوان مەهاباد و بوکان و کرماشان یەکەم بەرهەمی ئەم هاوکاریە نێوان مەهاباد و کرماشان شانۆنامەی ‘‘ گورگە هات وخەمی هاورد‘‘ لە نووسینی نووسرەتی سەیافی بوو ئەم شانۆنامەیە لە چیروك و کاییەێکی منداڵانەوە

وەرگیرابوو، لە راستیدا یەکەم شانۆی منداڵا ن بوو لەو ناوچەیە کە بە شێوەیکی وەستایانە ماسك بەکارهیندرا. پرسوناژی شانۆنامەکە گورگ و رێوی و کەر بوون، کە لە بوکان و مەهاباد وکرماشان و شارەکانی تر پێشکەش کرا. پاش ئەوە شانۆی شێخی سەنعان بە ئاوایکی تەواو کوردانە ئامادە کرا! دەورگێرانی ئەم

شانۆیە بو ئەوەی بتوانن وێنەێکی رەسەنی شانۆگێری کوردی بخەنە بەر چاو چەند مانگ بە شداری رێ ورەسمەکانی تەکێەو خانەقایان کرد. شێخی سەنعان بە موسیقا و جل و بەرگی کوردیەوە هاتە پێشکەش کردن و لە فسیبوالی سەراسەری ئێراندا دروشاتەوە و وەك باشترین شانۆ لە زوربەی روژنامە وتەلەوزیونەکان بانگەوازیان بو کرد. لە بەر ئەوەی من پێشتر لە سەر تیپی شانۆی لاو و هەروەها شانۆ لە بوکان نووسراوەێکم بڵاوکراوەتەوە لێرە تەنیا دەلێم کەلە نیوان ساڵەکانی١٩٨٠-١٩٧٣تەنیا لە تیپی شانۆی لاوان وتیپی شانۆی مێرمنداڵ دا زیاتر لە ٥٥کەس وەك شانۆگێر و نووسەرو دەرهێنەر بەشداریان کردووە و ئەو شانۆنامانەیان پێشکەش کردووە

‘‘ ئەشکەوی‘‘ (ناسری ئێرانی)، باڵتە، ( گوگول) کوری خول، (هومەر حەمیدی)، مامەی زنجیرچن (پەرویز بەشەردوست)، سەگێك لە جێ خەرمان ( نوسرەتی نەویدی)، دوری غەریب ( نوسرەتی سەیافی) منالەکان وسەگ گەل( داودی کیانیان) ئەمە جگە لەوشانۆنامانەیە کە لە لایەن تیپی شانۆی ئازادوە پێشکەشکراوە وەك ‘‘ استسنا و قاعده (غولام حوسێنی ساعدی) . تیپی شانۆی لاو پاش رووخانی رژیمی شا دوو شانۆی بە زمانی کوردی بە ناوی مانگرتن نووسینی زەنگەنە ( بەوتەی کاك ئەنوەر رەشید لە روژی١٩-٩-١٩٩٨ لە شاری برلین، ئەم شانۆنامەیە لە نووسینی نووسەرێکی عارەب بە ناوی جەعفەر عەلی یە، فازل جاف ورەحمان زەنگەنە وەریانگێراوەتە سەر کوردی و پاشان زەنگەنە بە ناوی خویەوە لە چاپی داوە) وخودموختاری یانی چی؟ نووسینی برایم فەڕشی لە زوربەی شارەکانی کوردستان پێشکەشکرد.

ئەم تیپە لە گەڵ دەستتیوەردانی حیزبەکان و دەستپیکردنی شەڕ لە کوردستان هەڵوەشایەوە.

لە ورمێ غولامرەزا عەزیزی کە کرماشانی بوو لە گەڵ کەسانێکی وەك عەلی عەبباسی وکەسانێکی تری خەڵکی ورمێ کاری زور باشیان پێشکەشکرد. ئەم تیپەش تیکەلییێکی تەواوی لە گەڵ تیپەکانی مەهاباد وبوکان و کرماشان هەبوو وئەندامیکی ئەم جولانەوە شانۆییە بە حیساب دەهات.

ئەم جوڵانەوە شانۆییەلە راستیدا جوڵانەوەێکی سیاسی هونەری بوو کە زور روشنبیری لە دەوری یەك کو کردبووە بە ئەشنێك کە کاریان کردە سەر شانۆی هەموو ناوچەکە و لەفستیوالەکانی ئێراندا جێ پێیان دیار بوو ئەمڕو هەر ئەو کەسانە لە شانۆ و سینەما و تەلەوزیوندا جێ پەنجە یان دیارە!
ئەگەر بڕوانینە شانۆ و سینەمای ئەو سەردەمە و ئێستاش بومان دەردەکەوێ کە پێشێنەی کونی رێ و شوێنی شانۆ و هەروەها بوونی فەرهەنگی دەوڵەمەندی کورد بوتە هوی ئەوەی شانۆ بە پێی ئەم بناغەیە لەم سەد ساڵەدا زەمینەێکی فیکری و فەلسەفی و هونەری خولقاندبێت، زەمینەیەك کە ئەمروش خوی لە پێشکەشکردنی شانۆنامەی » دەورانی بێ گوناهی« لە تاران لە نووسین و دەرهێنانی دوکتورقوتبەدینی سادقی و هەروەها سەیدەوان لەنووسینی محەمەدی کەریمی و دەرهینانی مەنافی ئێران پەنا لە مەهاباد دەنوینێ. ئەمرو شانۆی کورد لە روژهەڵات خاوەنی شانۆگێر، دەرهێنەر، نووسەر و پسپورانی هەموو بەشەکانی شانۆیە، ئەگەر ئازادی بیر ورا بو کورد و هونەرمەندانی لەم بەشەی وڵات مسوگەربێت ئەوە روونە کە سەکوی شانۆ بە دەیان درامای کوردی لە ئاستی بەرزدا دەرازێیەوە دیارە کە ئاڵای کورد لە سەر کیانی خوی بشەکێتەوە ئاڵای شانۆش دەگاتە شەکانەوە.

١٩٩٨|٩|٩ کوڵن

ئەم نووسراوە لە ساڵی ١٩٩٨لە یەکەم » فسیتواڵی شانۆی کوردی؟!« لە شاری برلین خوێندراوەتەوە و پاشان لە گۆواری راماندا چاپ کراوە!!

## دروازەی باسێك بۆ شانۆ و مێژووی شانۆی کورد

ساخکردنەوەی مێژووی نەتەوەێکی وەکو کورد کە دەگوترێ مێژووێکی چەند هەزار ساڵەی هەیە، کارێکی زۆر سەخت و دژوارە، لە بەر ئەوە مێژووەکەی فەوتێندراوە، چەواشە کراوە، گۆردراوە و یان دزراوە و یا خۆ تێکەڵ مێژووی دوژمنەکانی کراوە. دەرفەت و ئیمکاناتی مادی و مەعنەویشی نەبووە وخاوەنی دام و دەزگای سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی وحکومەتیش نەبووە کە بەم کارە هەڵستێ.
سەرباری ئەوانە بێ مشووری خۆمان ،بایخ نەدان بە لێکۆڵینەوە و ساخکردنەوەی مێژوومان ، وەدواکەوتوویی رۆشنبیری و تەسك بینی مێژوویی رۆشنبیران هۆی بێ قەوارەبوونی سیاسی و مێژوویمانە! بۆ ئەوەی ئەم ڕەوتە دووایی پێ بێت دەبێ هەر روداوێکی بچووك وگەورە کە پێوەندی بە کورد و چارەنووسی کوردەوە هەیە، خراپ یان چاك تۆمار بکرێ . تا ئەوکاتە کە میللەتی کورد خاوەنی مێژووی خۆی نەبێ بیرکردنەوە لە میللەت بوونی کورد تورك گووتەنی تەنیا “ سۆزە“ وبەس.

***شانۆنامەی کوردی***

مەبەست لە شانۆنامە ویا پێیس و تێکستی کوردی تەنیا کوردی بوونی زمانەکە نیە. شانۆنامەکانی شکسپیر یا چۆخۆف بە زمانی کوردی نابێتە درامای کورد، بڵکو دەبێتە درامای ئینگلیسی یا رووسی بە زمانی کوردی و هەروەها شانۆنامەی تورکی وعارەبی و فارسی وە زمانی شیرینی کوردی نابێتە درامای کوردی .
شانۆنامەی کوردی دەبێ لە فەرهەنگ و بیروباوەڕ و خولق و خوو و داب و نەریت و رەوان و کۆمەڵگای کوردەوە ڕەنگی گرتبێ. دەبێ مۆرکی کوردبوون و زمانی کوردی پێوە دیار بێ. هەرۆەك چۆن مۆرکی یونانی بوون لە بەرهەمەکانی هۆمێر، مورکی ئینگلیسی بوون لە بەرهەمەکانی شکسپیر و مورکی رووسی بوون لە بەرهەمەکانی چۆخۆف دەردەکەوێ.
ئەگەر مەم و زین، خەج وسیامەند، سەیدەوان، ناسرومالٚ ماڵ،شێخ فەرخ وخاتون ئەستی، لاس و خەزاڵ و دەیان بەیتی تر وەك شانۆنامە، بە دارشتنی شانۆیی لە دەست دابان، دەمانتوانی لە شانۆنامەی کلاسیکی کوردی، لە درامای کلاسیکی کوردی ناوبەرین. هەرچەند قارەمانی هێندیك لە بەیت و چیرۆك و حەکایەت وئەفسانەکانی کۆنی کوردی ڕەنگە هی نەتەوەکانی تر بن، بەڵام لە بەر ئەوەی شانۆنامەکەپێوەندی بە هەمووشتێکی کوردەوە هەیە و ڕووداوەکان لە وڵاتی کوردان ڕوودەدەن و هەست وبۆچوون و ئاکار و بیروباوەر و شێوەی ژیانی مرۆڤی کورد دەردەخەن و لە فەرهەنگ و فولکلۆر و ئەدەب و زمان و موسیقا و جل و بەرگ و سروشتی ئەم نەتەوە ڕەنگ و بۆن دەگرن و تایبەتمەندی نووسینی کوردی تێیاندا بەکار هاتووە، بە شانۆنامەی کورد دەژمێردرێن.
بە باوەری من درامای کلاسیکی کوردی تایبەتمەندێکی هەیە ئەویش زمانی شیعری و ئاوازی بوونی دراماکەیە، ئەوەش بۆ کۆنی شان لە شانی درامای یۆنانی سەردەمی هۆمێر دەدا. مخابن ئەم درامایە بە شێوازی زارەکی(شفاهی) ماوەتەوە و

هێشتا جێگەی ڕاستەقینەی خۆی لە ئەدەبیاتی نووسراودا پەیدا نەکردووە. بەیتی کوردی خاوەنی ڕووداوی درامایە و خاڵەکانی گشتی درامای جیهانی پێوە دیارە، تەنانەت نەوعی کارێکتێرسازی لە هێندێك لە بەیتەکاندا کەم وێنەیە، بۆ وێنە کارێکتێر(کەسایەتی)سیامەند لە بەیتی خەج و سیامەنددا، دوو کارێکتێری خێروشەڕ، چاك و خراپ، نگاتیف و پۆزێتیفی وێکڕا لە خۆیدا کۆکردەتەوە کە وردە وردە و بە تێپەربوونی پروسەیەك خێر بە سەر شەڕدا،چاك بە سەر خراپدا زاڵ دەبێ، لە کاتێکدا لە درامای زۆر لەمیللەتانی جیهاندا کارێکتێر یا خێرە یان شەڕ و زۆربەی قارەمانەکانی ئەم درامایانە هەر لە سەرەتاوە خێرن یان شەڕ. لە لایەنی تراژیکەوە تراژدیای مەڵکەوان ونەچیروان و سەیدەوان وێنەیکە لە ئەدەبیاتی جیهانی کە ئەدەبیاتی کورد دەکاتە هاوسەنگی میللەتانی خاوەن ئەدەبیاتی زێرین!! درامای کورد چ کۆن و چ نوێی پێوەندی بە بوونی کورد وەك نەتەوە لە مێژوو و لە ڕۆژگاری ئەم ڕۆدا هەیە. ئەم بەشە پێویستی بە زێرناس و زێرینگەری لێهاتوو هەیە کە تۆقی تەڵایی ئەدەبیاتەکەمانی لێ دروست بکات.

## ***شانۆی کوردی***

شانۆ یان تیاتری کوردی وەك ''<u>چۆنیەتی کایەکردن (GIME) هەستان و دانیشتن، قسەکردن، نوواندن، کەڵك وەرگرتن لە لەش، دەم وچاو، هەست دەربڕین وسیتمی فێرکردن و ڕاهێنانی ئاکتۆر</u>، '' بەشی پراکتیکی شانۆی کوردیە کە پێویستی بە شانۆنامەی کوردی، درامای کوردی هەیە. بەڵام شانۆی کوردی تەنیا درامای کوردی نیە، بۆ وێنە دەکرێ درامای نەتەوەکانی تر لە سەر بنەمای شانۆی کوردی پێشکەش بکرێ کە تایبەتمەندیەکانی ئەم نەتەوەیەی تێدا بێ. ژاپۆنیەکان لەم دووایانەدا شانۆنامەکانی شکسپیریان بە شێوەی کابووکی پێشکەش کردووە. ئایا ئێمە شانۆنامەکانی عەرەب و ئوروپی بە شێوەی شانۆیی خۆمان پێشکەش دەکەین یا حەولی لاسایی کردنەوەی شێوەی شانۆیی ئەوان دەدەین؟ ئەمڕۆ شانۆی جیهانی زۆر سرنج دەداتە سەر جولە، حەرەکەت (MOTION)ی مرۆڤ لە کاتی ئیش و کار، ژیانی ڕۆژانە ، هەڵپەرکێ و سەما ، کایە و کەلەپووری نەتەایەتی. موتاڵاکردنی هەر جوولەیك بە پێی تایبەتمەندی چەشنی کاروچەشنی سەماو هەڵپەرکێ ونەوع چاڵاکی گەمە و یاری وڕەنگدانەوەی لە سەر ئەندامانی لەش ودیاری کردنیان، بنەمایەك دەداتە دەست بۆکاری هونەری کردن لە شانۆدا. لەم ڕێگایەوە جولانەوەی گشتی و ناوچەیی لە ناو میللەتێکدا دەدۆزرێتەوە کە هەموو بوارەکانی ژیان و ڕابوواردن لە خویدا دەگرێ. دەستەبەندیکردن و ڕێکوپێك کردڕنی ئەم جولانە لە سیتمێکدا چەشنی کاری شانۆیی ئەو نەتەوەیە دیاردەکا. بۆ وێنە لە شانۆی ''قرەگوێز'' چاوڕەشی تورکیدا هێندێك جولانەوە هەیە کە تایبەتە بەم نەوعە شانۆیە،یان ''سیاە''، ''حاجی''، '' حاجی فیروز'' لە شانۆی تەختە حەوزی فارسەکاندا و یا جولە وئاکاری ''کۆسە'' کۆسەگەردی، کۆسە بەبەی کورد تایبەتمەندە بە هەر کام لەم نەتەوانە. ئەوە و سەدانتر لە لای هەر کام لەم نەتەوانە دەتوانێ ببێتە کەرەسە بو پێکهاتنی سیستمی جولە لە شانۆی ئەوانەدا ! لێکۆلینەوە لە سەر شانۆی هەر کام لەو میللەتانە لایەنی جیاواز وهاوبەشی شانۆیی هەرکام لەوانە دەردەخا.شانۆی ڕۆژهەڵات لە چینەوە هەتا هیندووستان و بەنگلادش وژاپۆن و عەرەب و ''ئێرانی'' و لەوانە کورد و ئەوانی تر هاوبەشیان لە باری جولەوە لە گەڵ یەکتر زۆرترە هەتا لە گەڵ ڕۆژاوا.ئەوەش روونە هەر لێرەوە شانۆی جیهانی هاوبەشێکی گشتی هەیە کە سەرچاوەکەی خۆدی مرۆڤە وکاروتێکۆشانی هاوڕەنگ و هاوبەش بۆ ژیان وپێوەندی مرۆڤ لە گەڵ سروشت! جگە لە وانە شێوەی ژیان و چاڵاکی ڕۆژانەی مرۆڤ یەکسان نییە. بووێنە بەشێکی زۆری مرۆڤ لە ئافریقاوە هەتا ئاسیا بێجگە لە کاری ڕۆژانە لە سەر ئەرد دادەنیشن کە ئەوەش شێوەی جوراجۆر دەنوینێ و حاڵەتی لەش و لاق ودەست لە ناویاندا جیاوازە لە حالێکدا لە ئامریکا و وڵاتانی ئوروپا هەم لە کاری ڕۆژانەدا جولە کەم بۆتەوە هەمیش دانیشتنیان لە سەر کورسی شێوەێکی تر لە جولە و چۆنیەتی حاڵەتی لەش نیشان دەدا! ئەم وەزعە دوو پۆزسیۆنی جیاواز بەگشتی و پۆزۆسیۆنی جیاوازتر نیشان دەدا کە دەبێتە عادەتی لەش و لێرەوە دووزمانی جیاوازی لەش و دەیان ''دیالێکتی'' جیاوازی لەش دەردەخا کە هەمووی دەبێتە جیاوازی کاری لەش لە سەر شانۆ! زیاتر لەوانە بیروڕای کۆمەڵگا، موسیقا،زمان ومەعنەویات کاردەکاتە سەر شانۆ لە هەرمەڵبەندێکی ئەم جیهانە! کەسانی وەك پیتەر برووك و ئۆژینۆباربا لە ڕێگای فستیواڵی ''ئاونیۆن''ەوە حەولی ناسینی هەموو ئەو تایبەتمەندیانە دەدەن. لێرەدایە پێشکەشکردنی شانۆی ئوروپی و عەرەبی وتورکی وفارسی لە کوردستان بە بێ موتاڵای قوڵی کۆمەڵگاوبە بێ لە بەر چاوگرتنی ئەو بابەتانەی سەرەوە لە ناوکورداندا، وەك لاسایی کردنەوەی ناشیانە ئەدا لە چاو. ئەمە تەنیا دەردی کورد نیە بەڵکوو عارەب و فارس و تورکەکەش ئەم نەخۆشییەیان هەر لە سەرەتای بەڕواڵەت دەستپێکردنی مۆدێرنیزمەوە هەتا ئێستا لە گەڵە، هەر بۆیە شانۆی ئەم وڵاتانە کپ و نەناسراو و نەویستە لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیان! ڕێ و شوێنی شانۆی کوردی دەبێ لە کارو ئاکاروکایە و داب و نەریت و هەڵسووکەوتی ژیان و کۆمەڵگای کوردەوە بدۆزرێتەوە نە لە دەرەوەی ئەم کۆمەڵگایە. لە بەشی زۆری کوردستان دوروێنە و جەنجەرگێڕان، گێرەو زەوی کێڵان،داس و مەڵەغان گێڕان، تایەوگێشە لێدان،دەستارگێڕان،ساوەرکوتان، بژارکردن وبێری چوون، مەڕدۆشین، نانکردن و میوەچنین و تووکردن و جۆلایی وئاسنگەری هەیە، میرمیرەن وپاشا و وەزیر وبووکەبارانە وکۆسەگەردی(کۆسەی هەجیج) و پاڵەوان بازی وگۆێن وخوزێن و جگێن و هەلوکێن و مێشێن هەیە، زەماوەند و شایی وعەزاو لەخۆدان و سەروپرچ ڕنین و دۆعاخوێندن و نوێژوزکرکردن وسەمای دەروێشان، مردووناشتن و سەرقەبران چوون، چەمەری خوێندن ومردووناشتنی ئێزەدێکان و سەدان داب و نەریتی تر هەیە کە ئێمە لە میللەتانی تر جیادەکاتەوە. ئەمانە و زۆرشتی تر کانگای کەرەسەی ڕاستەقینەی شانۆی کوردین کە دەبێ بپشکێندرێن، دەبێ لە پاڵ یەك بهێندرینە دەر، حەرەکەتەکان(جولەکان) جیاکرێنەوە، دیاربکردرێن و سەر لە نوێ بە شێوەی زانستی دارێژ بکرێنەوە. بۆوێنە لە ناو بووکە بارانەدا چەند جولە هەیە؟ جولەکان چۆنن؟ چەند جۆرن؟ شێوەی گرتنی

بووکەبارانە، شێوەی ڕۆیشتن تاك و كۆ، شێوەی لەش لە کاتی ڕۆیشتندا، پۆزسیۆنی دەست، شانە، قامکەکان، شێوەی خوێندنەوەی شێعرەکان کۆ یان تاك. پاش دیاریکردن و دەستەبەندی کردن سیستمی جولەی ئەم کایە کوردیەمان دێتە دەست! ئەم یارییە تایبەتی منداڵانی کوردە و ڕەنگ و بۆی کوردی هەیە. ئەگەر هەموو کایەکانی منداڵانی کورد بەم چەشنە مامەڵەی لە گەڵدا بکرێ سیستمێکی بەرفراوانی جولە بۆکاری شانۆی منداڵان دەکەوێتە دەست کەلە سەر ئەساسێکی زانستی دەتوانرێ دابڕژێتەوە بۆڕاهێنانی ئاکتۆری شانۆی منداڵان و کاری شانۆیی منداڵان! ئەگەر ئەم کارە لە مەیدانێکی بەرفراوانتردا بکرێ بۆ وێنە کاری ژنان، پیاوان ئەمسا کارگەی شانۆی کورد هیچ نەبێ پڕ دەبێ لە جولەی ڕەنگاوڕەنگ بۆ هەموو جۆرە شانۆیك، هەر بەم جۆرە دیاریکردنی جولە گۆلمەزییەکان لەناوکورددا! لە هەمووی ئەوانە سیستمێکی ڕاهێنانی شانۆگێر دروست دەکرێ هەم بۆکاری جیهانی کە شانۆگێڕی کورد بە تایبەتمەندی خۆیەوە نیشان دەدا، یانی دەبینە خاوەنی زمانێکی تایبەتی لەش(Body languche) کە هەم شتێکی زانستییە وهەم هونەری وهەم ئەستەتیك!
گرینگی ئەم زمانە شانۆییە کەمتر لە زمانی قسەکردن نیە. میرمیرن وکۆسەگەردی بە ناوی کۆنترین ئاکاری شانۆیی ئێرانی(واتە فارسی) سەیر دەکرێ، خۆمان لە بیرمان چۆتەوە! میرمیرین شانۆ یان چەشنە کارنەواڵێکە کە شارێك، گوندێك بەشداری تێدا دەکا.میری نەورۆز لە لایەن خەڵکەوە بە پێی ڕێ و ڕێسمێکی تایبەت کە ئەویش ئەساسەکەی لە سەر لێهاتووی هونەری ساخ دەبێتەوە هەڵدەبژێردرێ(کارنەواڵی شارەکانی قەراخ چۆمی راینی ئاڵمان بە تەواوەتی لە میرمیرنی کوردان دەچێ) میری نەورۆزی هەتا ڕۆژی سێزدەبەدەر دەستەلاتی هەبووە و حاکمی شار جێگەی بۆ چۆڵ دەکا(هەمان شت لە کارنەواڵی شارەکانی ماینز، دۆسلدۆرف،کۆڵن و شارەکانی تر هەیە).(دووا میری نەورۆزی لە موکریان و لە شاری سابلاخ لە ساڵانی ١٣٢٠-٢٤مستەفا بارنجی لە گەڕەکی زەرگەیان و سەدیقی سیاسەری لە گەڕەکی ئەرمەنیان بووە کە دەبێتە هۆی نیگەرانی ڕژێمی شاو پێشی دەگرن بەم بیانووە کە لە موکریان شایان لە بەرانبەر شادا دروست کردووە).
بەشداری کردنی خەڵك، شێوەی هەڵبژاردنی میری نەورۆزی، شێوەی کایەکردنی میروگزیر وەزیری دەستە ڕاست و دەستە چەپ و کاراکتێرەکانی تری ئەم ڕێ و ڕەسمە کۆنە و سەردانەواندنی میری ئەمارەت بۆ ئەم داب و نەریتە گشتی فەرهەنگێکی جولە وڕێ ورەسمی نەتەوایەتی شانۆیی دەنوێنێ کە کەوتۆتە بەر هێرشی دوژمنان و نەزانی خۆمان! باس و لێکۆلینەوە لە سەر ئەم بەشانەی ژیانی کورد زیاتر لەم فەرهەنگەمان نزیك دەکاتەوە بو ئەوەی مۆرکی شانۆی کوردی بچەسپێندرێ!

**_هەڵپەرکێی کوردی_**

ژن و پیاو پیر وجوان دەست لە دەستی یەك بە نەوای موسیقا و گۆرانی هەڵدەپەڕن. جل وبەرگی ڕەنگاوڕەنگ خۆی تابلۆیکە. ڕێك و پێکی و دەستوراتی هەڵپەڕکێ، بوونی سەرچۆپی وگاوانی و جۆری هەڵپەڕکێ و بەکار هێنانی دەست و پێ و شان وپیل و لەش بە گشتی پڕی جولەی تایبەتی لەشی مرۆڤی کوردە و بەشێکە لە هونەر و فەرهەنگ ولقێکە لە داری شانۆی کورد کە کانگایکی کەم وێنەیە بۆشانۆ کە پاش ناسین گەرمکە ریتم و جولە وسیستەمی ناوەوەی هەڵپەرکێ دیار بکردرێ و لە سیستەمی گشتی شانۆدا جێگای خۆی بکاتەوە!

**_موسیقای کوردی_**

موسیقای کوردی کە فرە ڕەنگینە بەشێکی تری شانۆی کوردە. هێندێك گۆرانی فۆلکلۆری بە گۆرانکارێکی ساکار تابلۆیکی شانۆیی ئەداتە دەست:
(ئێوارە درانگانێکی پاییزی گوندێکی کوردستانە، چەند لاوی قۆشمەی تازە پێگەیشتوو بە جل و بەرگی کوردی، کڵاو وپێچی قیت، لە بەرزاییك لە سەر ڕێی کچۆڵان ڕاوەستاون. کچ جەڕەی سوور لە سەر شان لە کانی بەرەوە ماڵ دەگەڕێتەوە.یەك لەم قۆشمانە کە دەنگ خۆشیشە بە هەڵەداوان بەرەو کچ دەچێ وبەدەوریا دێت و دەست دەکاتە گۆرانی چرین و کوڕگەل بە چەپڵەلێدان وئەداوئەتوار دەرهاوردن بۆی دەگێرنەوە)
کوڕ: سوێندم خواردووە کچە خەجێ نچمە حەجێ        کوڕگەل: کەژو کەژالێ
کوڕ: حەجم بۆ بێتە ناو لەجێ        کوڕگەل: کەژوکەژاڵێ
(کچ بە دەم ڕۆیشتنەوە روو وەردەگێرێ، ڕەنگە لە بنەوە بزەشی بێتە سەر لێوان،ڕەنگە چوار جنێوی حەمرت نەمێنێ یان چەند گووتنی عەیبە عەیبەش بێژێت، یا لیچ خواردنێکیش لە گەڵ چەمۆڵە حەواڵەی کوڕە بکات)
کوڕ:تا ماچ نەکەم خاڵی خەجێ        کوڕگەل: کەژو کەژاڵێ
کوڕ: کزەی سەرت بە میرات بێ        کوڕگەل: کەژو کەژاڵێ
کۆڕ: نەحلەت لە شەرت و بەقات بێ        کوڕگەل: کەژو کەژاڵێ
کوڕ: هەروا دەڕوا دەکا ڕەوتێ        کوڕگەل: کەژو کەژاڵێ
کوڕ: وەکوو کۆتری بەر مزگەوتێ        کوڕگەل: کەژو کەژاڵێ
کوڕ: سووتام برژام چۆقەم کەوتێ        کوڕگەل: کەژو کەژاڵێ ...هتد
ئەکرێ چەند پیرێژنی توڕە و تۆسن لە تەك مەلا و کەسانی تر لەو تابلۆیە زیادبکرێ و لە گۆشەیکەوە بێنە ناو بەزم و هەراکە، تا بزانین چ دێتە گۆڕێ، لێرەدا ئەگەر فیگۆری کۆمیك بدینە کارێکتێرەکان، ئەوجا جوانێکی تر خۆی دەنوێنێ!

ئەم گۆرانیە فۆلکلۆرە کە بە دەنگی حەسەن زیرەك وتراوە، دیمەنێکی سناریۆی سینەماییش دەنوێنێ. سەدان گۆرانی کوردی ئەگەر بەم چاوە سەیریان بکردرێ شانۆی کوردی دەوڵەمەندتر دەبێ! ئەمانە و زۆرشتی دی شانۆی کورد لە شانۆی وڵاتانی تر جیا دەکاتەوە. بەر لە هەمووشت دەبێ خۆمان فەرهەنگی خۆمان بە ڕەسمیەت بناسین و پاشان لە سەر بنەمای زانستی بە کەڵك وەرگرتن لە هەموو ئەو کەرەسانەی کە باسمان کرد سیستمی شانۆی خۆمان دارێژین.
فێربوونی سیستەمی ستانسیلاوسکی، برێشت، مایرهۆڵد، پیتەر برووك، مارسل مارسۆ، ئۆژینۆ باربا، ئاگۆستۆ بوال و کێ وکێ زۆر باش و پێویستن! بەڵام داسەپاندنی ئەم سیستەمانە بە سەر شانۆی کوردیدا وەك شەپکەکەی ڕەزاشا وایە کە بیکێشی بە سەر کڵاوپێچی کوردی دا و کابرا بە کۆڵان و شەقاماندا بگێڕی کاری وا منداڵە ورکە لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە. هەرچەند ئەم کارە خۆی لە خۆیدا شانۆیکی گۆڵمەزییە کە بەداخەوە هەر لەوکارانە دەچێ کە زۆر لە ئێمە بە ناوی شانۆئەویش شانۆی مۆدێرن دەرخواردی خەڵکی دەدین و هەزار هەزاریش بارەکەڵا بە خۆمان دەڵێین.
ئەگەر شانۆ کۆی جولە ، موسیقا ، هەڵپەرکێ، حاڵەت، گفت و گۆ و ڕەنگ بێ ئەوە شانۆی کورد ناتوانێ ڕاستەو خۆ لەم شتانەی فەرهەنگی پێك بێ! ئێمە پێویستمان بە سیستەمێکی ڕاهێنانی شانۆیی هەیە کە لە پاڵ سیستەمەکانی شانۆیی جیهاندا وەك دەرس لە قوتابخانەکان و زانستگاکانی شانۆدا بگوترێتەوە. ئەم بۆچوون وڕێگەیە تەنیا بۆ ئێمەی کورد نیە بەڵکوو ئەگەر سەیری شانۆی چین، ژاپۆن، هیند، ئوروپا و ئەمریکای لاتین و ئەفریقا بکەین، هەرکامیان ڕێگەیکی وایان بڕیوە. ئەگەر فارس و عارەب و تورکەکەش ئەم ڕێگەیان گرتبایە بەر ئێستا خاوەنی ناو دەبوون لە شانۆی جیهاندا. ئەوان لاسایی کەرەوەی زۆر ناشیانەی ئوروپا بوون. ئێمەی کوردیش لاسایی کەرەوەی لاسایی کەران بووین. لاسایی کردنەوەش هەرچەند هونەرە بەڵام هونەری شانۆ نیە!!
ئەمڕۆ باشوری کوردستان مەڵبەندی تاقیکردنەوەی شانۆیە کە خاوەنی رابووردوی شانۆ بە زمانی کوردییە و خاوەنی کادر و مرۆڤی شانۆیە، بەڵام ئاڵۆزی بیرو باوەڕ و شێوەی کار بەرچاوە کە کەمتر بیر لە بنیات نانی شانۆی "نەتەوایەتی" دەکرێتەوە.
هێندێك زرەنوێخواز کە قیبلەیان بەغا و وڵاتانی عەرەبییە، لە ژێر ڕەشماڵی حێزبەکاندا شانۆی ئەم وڵاتە لەوەی کە هەیە ئاڵۆزتر دەکەن. دڵسوزانی بەئەمەگی ئەم ڕێگایەش لە بەر بێ پارەیی و دورە پەرێزی لە خیزبەکان، خوێن خوێنیان دەخواتەوە و بوونەتە بینەری شانۆ دەرشانۆی وڵاتەکەیان.


نوامبری ١٩٩٤ شاری کۆڵن- ئاڵمان

تێبینی:{ ئەم نووسراوەیە وەك پێشەکی " بیرەوەری لە سەر شانۆی لاوی بۆکان" لە گۆواری رامان لە کوردستان و گزینگ لە سوئید پێشتر چاپ کراوە}

# مێژوو

## كورته‌یه‌ك له‌ سه‌ر

# شانۆی دایكی نیشتمان



**پێشه‌كی**

زۆر ده‌مێك بوو تامه‌زرۆی په‌یداكردنی زانیاری له سه‌ر شانۆی دایكی نیشتمان بووم. هه‌ڵات هه‌ڵاتی ناو كوردستان و داوا له‌م و له‌و، ئه‌م ناوه‌ند و ئه‌م ناوه‌ند به‌ری نه‌دا. له ده‌ره‌وه‌ی وڵاتیش هیچ ناوه‌ندێك به هانامه‌وه نه‌هات و زۆر كه‌سیش وه‌ڵامی داوه‌كه‌یان نه‌داوه. هه‌تا ڕۆژێك له ڕۆژان به‌هه‌ڵكه‌وت له ڕێگای دۆستێكی سنه‌ییه‌وه كه ئاگاداری خواستی دڵم بوو، له گه‌ڵ كاك غه‌نی بلوریان كه بۆ چه‌ند ڕۆژێك هاتبووه ئاڵمان ئاشنا بووم. كاك غه‌نی سه‌ره‌ڕای نه‌خۆشی به بیستنی داواكه‌م له مه‌ڕ باس له سه‌ر دایكی نیشتمان، ئاماده‌یی خۆی بۆ گفتوگۆ ده‌ربڕی. له چه‌ند ڕۆژدا ماوه‌ی ١٦ سه‌عات له گه‌ڵی دانیشتم و به‌وردی زۆر گرێپووچكه‌ی ئه‌م ڕووداوه گرینگه‌ی شانۆی بۆكردمه‌وه. ئه‌م نووسراوه‌یه به‌رهه‌می ئه‌و دانیشتنه و گه‌ڕان به ناو زۆر سه‌رچاوه‌دایه كه ده‌ستم پێیان ڕاگه‌یشتووه، هه‌روه‌ها گفتوگۆ له گه‌ڵ كه‌سانێكی دیكه‌ی وه‌ك به‌رێز سوهه‌یلاخانم كچی پێشه‌وا قازی محه‌مه‌د.

سه‌رڕای پێوه‌ندی گرتن له گه‌ڵ زیاتر له ٥٠ كه‌س له‌ده‌ره‌وه وناوه‌وه‌ی كوردستان و به‌سه‌ركردنه‌وه‌ی زۆر كتێب و گۆوار، هێشتا ناكرێ بگوترێ نووسراوه‌كه ڕۆشنایی ته‌واو ده‌خاته سه‌ر ئه‌م ڕووداوه، بۆوێنه ده‌قی شانۆنامه‌كه ساغ نه‌كراوه‌ته‌وه، وێنه‌ی شانۆكه به‌رچاو ناكه‌وێ، گوتنی قازی محه‌مه‌د، رووسه‌كان و كه‌ریم ئه‌یووبی ڕوون نیه، ناوی هێندێك له به‌شدارانی شانۆكه، ده‌ور و به‌سه‌رهاتیان تاریك ماوه‌ته‌وه!

ڕه‌نگه ئه‌م نووسراوه‌یه ئه‌ركی كه‌سێكی دیكه بۆ ڕوونكردنه‌وه‌ی ته‌واوی ڕووداوه‌كه سووك كا. ئه‌وه‌ش بگوترێ كه تا ئێستا زۆر زانیاری هه‌ڵه له سه‌ر ئه‌م ڕووداوه شانۆیه گوتراوه ونووسراوه و هه‌روا به‌رده‌وامه به تایبه‌ت له باشوری كوردستان هه‌ڵه‌كان دووباره ده‌كرێته‌وه. ده‌ی به‌شكم ئه‌م نووسراوه‌یه كوتایی به بڵاوكردنه‌وه‌ی ئه‌م هه‌ڵانه بێنێ.

**سه‌رده‌مێكی نوێ**

دوای مانگی خه‌رمانان(شه‌هریوه‌ر)ی ١٣٢٠(١٩٤١ زایینی) و پاش نه‌مانی ده‌سته‌ڵاتداریه‌تی ڕژێمی ڕه‌زاشا له ئێران، جوڵانه‌وه‌ی ڕووناكبیری له مه‌ڵبه‌ندی موكریان به تایبه‌ت له مه‌هاباد په‌ره‌ده‌ستێنێ:

پێكهاتنی كۆمه‌ڵه‌ی ژ.ك له ١٣٢١/٦/٢٥(١٩٤٢/٩/١٦)،

پێكهاتنی ڕێكخراوی لاوانی كورد،

بوونی كۆڕ وكۆمه‌ڵی ئه‌ده‌بی ،

ده‌رچوونی گۆواری «نیشتمان» له مانگی مای ١٩٤٣،

بەستنی کۆنگرەی «کۆمەلەی ژ.ك›› بە بەشداری ١٠٠ کەس لە شاری مەهاباد هەر لەساڵی ١٩٤٣.
هەمووی ئەوانە بە تێکڕا سەردەمێکی نوێی ڕووناکبیری دەنوێنن. پەرەپێدانی کاری تەبلیغی و ئاگادارکردنی هەرچی زۆرتری خەڵك بەشێك لە ئامانجەکانی ئەم کۆنگرەیە بوو. بیری پێشکەشکردنی شانۆ لەم چوارچێوەدا دێتە گۆڕێ.

**کۆمەڵەی ژ.ك و شانۆنامە**

غەنی بلوریان دەگێڕێتەوە: «‹‹ کۆمەڵەی ژ.ك داوایان لێکردین(غەنی بلوریان ئەو دەم ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی کوردستان بووە، داوایان لەم ڕێکخراوە کردووە) نمایشێك بێنینە سەر سەحنە، زەبیحی(عەبدولرەحمان) شانۆنامەکەی دادەستم، دلشاد( ڕەسولی) و زەبیحی شانۆنامەکەیان پەردە بە پەردە بۆ خوێندینەوە››، « قازی محەمەد چەند سۆحبەتێکی کرد و گوتی: “ ئەوە شتێکی تەبلیغیە بۆمیللەتی کورد، وەك ئەوە وایە ئەمن بچمە سەر سەحنەو قسە بۆ خەڵك بکەم. بەڵام نمایش دەتوانێ تەئسیری لە قسەکردنی کەسێکی وەك من زیاتر بێ، جابۆیە دەبێ نمایشەکە زۆر جوان لە بەر بکەن و تەمرینی لە سەر بکەن››.
شانۆی دایکی نیشتمان بە یەکەم هەنگاوی شانۆیی بە شێوەی شانۆ بە زمانی کوردی لە شاری مەهاباد وناوچەی موکریان دەژمێردرێ. کاك غەنی بلوریان دەڵێ:
« لە زەمانی ڕەزاشا لە لە مەدرەسە نمایشێکی(١) چکۆلەی یەك پەردەیی کۆمێدی پێشکەش دەکرا، کە زۆرتر عەبدوڵای حەکیم زادە دەوری تێدا هەبوو، ئەو دەم ئێمە دەچووین تەماشامان دەکرد،هێندێك نمایشی ئاوا هەبوو، بەڵام گشتی نەبوو، یەکەمین شانۆ کە خەڵك بۆ دیتنی بەشداریان کرد دایکی نیشتمان بوو.››

**نووسەری دایکی نیشتمان**

کریس کۆچێرا (Chris Kuschera) لە کتێبەکەیدا بە نێوی ( Le Mouvement National Kurd) « بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد›› دەنووسێ : « قازی محەمەد ...چەند شانۆنامەشی بە ناوەرۆکی مێژوویی و نیشتمان پەروەرانەوە نووسیوە، بە تایبەت دڕامی مێژوویی سەلاحەدین، کە خەباتی کوردان دژی خاچپەرستەکان دەگێڕێتەوە، یان شانۆنامەی دایکی نیشتمان کە چارەنووسی گەلی کورد دوای پەیمانی سەعدئاباد لە نێوان ئێران،عێراق، تورکیا و ئەفغانستان (١٩٣٧)، دەنوێنێ. ئەو دوو شانۆنامەیە لە شاری مەهاباد پێشکەش کراون.››
سوهیلاخانم کچی پێشەوا قازی محەمەد، کە ئاگاداری کتێبخانە و نووسراوەکانی باوکی بووە، پێی وانیە ئەم شانۆنامەیە لە لایەن باوکییەوە نووسرابێ. کاك غەنی بلوریان لای وایە شانۆنامەکە لەکوردستانی عێراق نووسراوە. کریس کۆچێرا لە سەر چ بەڵگەیەك قازی محەمەد بە شانۆنامەنووس ناودەبا ڕوون نیە. جگە لەم نووسەرە کەسی دی پەنجەی بۆ ئەم باسە ڕانەکێشاوە. لە سەر عەبدولرەحمان زەبیحی یان مستەفا خۆشناو (کە ئەو دەم لە شاری مەهاباد لەکۆمەلەی ژ.ك نزیك بووە) کە ئەم شانۆنامەیان نووسیبێ بەڵگەی دیار بە دەستەوە نیە. هەرچەند لە نووسراوە، گۆوارو کتێبی نووسراو لە سەر شانۆی کوردی لە کوردستانی عێراق باسێك لە شانۆنامەیك بە ناوی دایکی نیشتمان لەو ساڵانەو ساڵانی دوایەش نەکراوە، بەڵام ئەم بۆچوونە کە شانۆنامەکە لەو دیوی کوردستانەوە هاتبێ زۆر دور لە واقیع نیە، لە بەر ئەوەی باشوری کوردستان کانگای ڕووناکبیری و هەناردنی دیاری بۆرۆژهەڵاتی کوردستان بووە. لە سەردەمی کۆمەڵەی ژ.ك و کۆماری کوردستاندا زۆر کەسی بەتوانای باشوری کوردستان لە مەهاباد بوون، هەروەها لەو سەردەمەدا لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر و کەرکووك شانۆ بە زمانی کوردی هەبووە. تەنانەت ٣٥ ساڵ دوای دایکی نیشتمان دووهەمین شانۆ بە زمانی کوردی «مان گرتن›› نووسینی «ڕەحمان زەنگەنە؟!» کە لە شارەکانی سنە، سەقزەبۆکان،مەهاباد و خانێ(پیرانشار) لە لایەن تیپی شانۆی لاو(گروە تئاتر جوان)ی شاری بۆکانەوە پێشکەش کرا، دیاری باشوری کوردستان بوو کە تا ئەم دواییانە ناوی لە کتێب و گۆوارەکاندا نەبوو. لە لایەکی ترەوە بە پێی وتەی غەنی بلوریان چەند گۆڕانکاری لە شانۆکەدا رووی داوە وەك گۆڕینی مەلیك بە سەر کۆمار، کە زۆرتر لە عێراق باو بووە، شێخ مەحموودی نەمریش کاتی خۆی، خۆی بە مەلیکی کوردان داناوە، یان لێ زیادکردنی هاوکاری سەربازی ڕووس لە گەڵ پێشمەرگە،یان بەربڵاوکردنەوەی پەیمانی سەعدئاباد(٢) ئەگەر کەسێك لەو سەردەمەدا لە مەهاباد ویستبێتی شانۆنامەیەك لە سەر بارودۆخی ئەو کاتەی کوردستان بنووسێ بە تایبەت ئەندام و یا کاربەدەستی کۆمەڵەی ژ.ك بووبێ، دوور لە ژیری سیاسیە، بیری ئەودەمەی کۆمەڵەی ژ.ك.ی نەبووبێ و شانۆنامەیەك بنووسێ کە دوایە بەشی زۆری بگۆڕێ. پەیمانی سەعدئاباد ساڵی ١٩٣٧ بەستراوە. بیری کۆماری خوازی لە ئێران بە تایبەت لە ئازەربایجان وکوردستان ئەو دەم هەبووە، پێوەندی ڕووس و کوردەکانیش ئەم بیرە قایمتر دەکا، بوونی ڕووسەکان لە ناوچەش خاڵەکەی دیکەی ناو شانۆنامەکەیە.بیری شانۆی دایکی نیشتمان پێش گۆڕانکاریەکە زۆرتر بۆ سەردەمی شێخ مەحموود دەلوێ هەتا ساڵانی ١٩٤٣تا ١٩٤٥.

**ساڵی پێشکەشکردن**

لە سەر دایکی نیشتمان وا نووسراوەوگوتراوە، کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان واتە ساڵی ١٩٤٦ پێشکەشکراوە. ئەم بۆچوونە لە بەر چەند هۆ دەبێ سەهوو ناڕاست بێ:
بە پێی گفتی غەنی بلوریان شانۆنامەکە لە دەفتەری کۆمەڵەی ژ.ك لە دەست زەبیحی وەرگیراوە،
بە پێی مێژوو کۆمەڵەی ژ.ك لە ١٣٢١/٦/٢٥ (١٩٤٢/٩/١٦) دامەزراوە،
زندەیاد قازی محەمەد دوای ساڵی ١٣٢٢ هاوکاری کۆمەڵەی کردوە،

ئەوانەی لە شانۆکەدا دەوریان گێڕاوە خۆیان بە ئەندامی ڕێکخراوی لاوان کە دوایە بۆتە ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵەی ژ.ك زانیوە، گۆڕانکاری لە شانۆکەدا، کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی ژ.ك بە خزووری قازی محەمەد کردوویە، شانۆکە لە هاوینێکی زۆر گەرمی مەهاباد پێشکەش کراوە.
دیارە ئەم هاوینە ساڵانی پێش ١٣٢٢ (١٩٤٣) نیە، چون ئەو دەم قازی محەمەد پێوەندی ئەوتۆی لە تەك کۆمەڵەی ژ.ك نەبووە.ئەم هاوینە گەرمە ناتوانێ ساڵی ١٣٢٤ یان ١٣٢٥ بێ، چونکە لەو دوو هاوینەدا کۆمەڵەی ژ.ك کۆتایی بە ژیانی هێندراوە و لە حیزبی دێموکراتدا توواوەتەوە. لە هێچ ژمارەیکی «کوردستان» ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ئەم حیزبە باسی پێشکەشکردنی شانۆی دایکی نیشتمان لە ساڵانی ١٩٤٥ و١٩٤٦ دا نەکراوە.
ئەم هاوینە گەرمە کە بۆمێژووی شانۆی کورد پڕبایخە، تەنیا دەبێ هاوینە گەرمەکەی ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی (١٩٤٤) بێ.

**ناوەرۆکی شانۆنامەکە**

بەداخەوە دەقی پێسەکە(شانۆنامەکە) بەدەستەوە نیە، تەنیا ئەوە ڕوونە کە پێنج پەردە یا سەحنە بووە. سەحنەی فریشتە، پەیمانی سەعدئاباد، دایکی نیشتمان، ڕزگارکردنی دایکی نیشتمان و سەحنەی دروستبوونی کۆماری کوردستان. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە بەشی زۆری پێسەکە شێعرەکانی حاجی قادری کۆیی بووە. چیرۆکەکە بەم چەشنەیە:
فریشتەیەك باسی مرۆڤ، زێد و نیشتمان دەکا، دایکی نیشتمان لە بەند و کۆت و زنجیردایە و داوای ئازادی و ڕزگاری دەکا، ڕۆڵەکانی دایکی نیشتمان بە هاواری دایکی نیشتمانەوە دێن، دوژمن پیلان و نەخشەی سەرکوتکردن بەڕێوە دەبا، پێشمەرگە و یاریدەدەرانی، دایکی نیشتمان ڕزگار دەکەن، کورد بە ئاواتی خۆی دەگا و کۆماری کوردستان دادەمەزرێنێ.

**ماوەی شانۆکە**

دەگوترێ ٢/٣٠ هەتا٣/٠٠ سەعات ماوەی شانۆکە بووە، بەڵام لە نێوان هەر دوو پەردەدا،١٠ هەتا ١٥ دەقیقە تیپی موسیقا، موسیقای ژەندووە و کۆڕی سرود، سرودی خۆێندەتەوە، بەم چەشنە ٤٠ هەتا ٦٠ دەقیقەموسیقا و سرود پێشکەش کراوە. یانی بەمجۆرە دەقی شانۆکە لە ٩٠ دەقیقە کەمتر نەبووە، شانۆنامەیکی ٩٠ دەقیقەیی دەبێ قسە و باسی زۆری تێدا بێ کە بەداخەوە بۆمان ڕوون نیە.

**سرودەکان**

غەنی بلوریان ئەو سرودانەی خوارەوەی بە زەحمەت وەبیر هاتەوە:
«خوایە وەتەن ئاوا کەی»، «مەکتەب مەتلەعی سەعادەتە»، «ئەرێ هەی کوردستان، کوردستانی جوان»و«دینمی ئابینمی».

**کەسەکان**

فریشتە، دایکی نیشتمان، نوێنەری ئێران، عێراق، تورکیاو ئەفغانستان، سەرکۆمار، پێشمەرگە ٧تا ٨کەس، ئەندامی کابینە چەند کەس.

**کات**

ئەم شانۆیە کات و زروفی ئەو دەمەی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٤٢ و ١٩٤٣ لە بەرچاو دەگرێ و مێژووی ژیان، خەبات و تێکۆشانی میللەتی کورد نیشان دەدا. بەکەڵك وەرگرتنی یەکجار زۆری شێعرەکانی حاجی قادری کۆیی، بارودۆخی سەدەی ١٩ەش دەگێڕێتەوە.

**دەورگێڕەکان (شانۆگێڕەکان)**

**فریشتە** : سیروس حەبیبی
**دایکی نیشتمان** : عەبدولا نەهری
**نوێنەرەکان:**
ئێران(غەنی بلوریان)، عێراق(..؟)، تورکیا(...؟) ئەفغانستان(محێدین ماوەرانی)
**...؟** دڵشاد ڕەسوڵی
**...؟** عەبدولا حەکیم زادە
**...؟** سوورەی خوسرەوی
**...؟** فەتاحی حامیدی
**سەرکۆمار**: غەنی بلوریان
**پێشمەرگە**: دەورگێرانی پێشمەرگە هەر لەناو ئەم کەسانەی سەرەوە دا بوون.
**ئەندامانی کابینە**: دەورگێرانی ئەندامانی کابینە نوێنەرانی دەوڵەتەکان بوون.

**دەستەی موزیك**

**ئەسکەندەر:** تەپڵ
**مستەفا جەنەتی**( ناسراو بە مستەفا موزیقەچی): شەیپوور.
**خەلیل:** فلووت
**پەردەکێش:** دوومنداڵی ١٤. ١٥ ساڵان خزمی شانۆگێرەکان.
**گۆرانی بێژ و دەنگ خۆش:** عەبدوڵا نەهری
**دیکوڕ و سەحنە:** مارف حەتەمی نەجاڕ
**جل و بەرگ:** دڵشاد ڕەسووڵی
**دروستکەری پەردە:** عەبدوڵا نەهری
**گریم و ئارایشت:** عەبدوڵا نەهری
**نووسەر** : ...؟
**کارگێر:** عەبدوڵا نەهری، غەنی بلوریان
**وێنەگر:** سمایل خانی فەروخی بۆکانی
**کاری چاپ:** دڵشاد ڕەسوڵی، غەنی بلوریان(چاپخانەی کۆمەڵەی ژ.ك)
**شوێنی تەمرین و پێشکەشکردن:** دەبیرستانی پەهلەوی، کارێژی(گەراج)ی عەبدول.
**شوێنی نیشاندان:** مەهاباد، نەغەدە، شنۆ
**ساڵی پێشکەش کردن:** هاوینی ١٣٢٣(١٩٤٤)
**ماوەی بەردەوام بوون** : ٤٠ رۆژ هەتا دوو مانگ.
**یاریدەدەر و پشکچی گروپەکە:** حەمەدی مەولوودی، محەمەد سەلیمی، ئیسماعیل پیرۆزی.
**تیپی سرود:** قوتابیانی مەدرەسە، ئەندامانی ڕێکخراوی لاوان.
**بلیت فرۆش** : سەدیق حەیدەری.

**کورتەیەك لە ژیانی ئەو کەسانەی کە بەشداری ئەو شانۆیەیان کردووە:**
**سیروس حەبیبی** ١٦ ساڵە(باوکی مەهابادی بووەو دایکی یایەکی نورویژی بووە کە لە گەڵ میسیۆنە ئایینییەکان هاتۆتە سابلاغ) لە ئێران و ئامریکا خوێندنی تەواوکردووە، لە ئاخرو ئۆخری زەمانی حکومەتی پاشایەتی لە زانستگای تاران کاری کردووە، دوای ڕووخانی ڕژێم چەند ساڵان گیراوە و ئێستا لە ئامریکا دەژی.
**زیندەیاد عەبدولا نەهری** مووچەخوری ئیدارەی دارایی، ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ك، دەنگخۆش و بە توانا، دەفژەن و مریدی خانەقای شەمزین، مرۆڤێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بووە، لە ئامادەکردنی دایکی نیشتمان دەورێکی زۆری گێراوە.
**غەنی بلوریان** قوتابی، ئەندامە کۆمەڵەی ژ.ك، ئەندامی حیزبی دیموکرات، ئەندامی حیزبی توودەی ئێران، ماوەی ٢٥ ساڵ لە زیندانەکانی رژێمی شادا بوو. دەوری زۆری لە ئامادەکردنی دایکی نیشتماندا هەبووە.ئێستا لە هەندەران دەژی.
**محێدین ماوەڕانی** قوتابی، پاشان لە مەهاباد بۆتە ماموستای قوتابخانەکان و لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ لە خۆمپارەبارانی شاری مەهابادا کوژراوە.
**زیندەیاد دڵشاد ڕەسوڵی** قوتابی، ماموستای قوتابخانە، ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ك، نووسەر و کاربەدەست لە سەردەمی کۆماری کوردستان، لە نێوەڕاست شێستەکاندا لە کوردستانی عێراق کوژراوە.؟؟؟؟
زیندە**یاد عەبدوڵا حەکیم زادە** قوتابی، دەرزی وەشێن و دەوافرۆش.
**سوورەی خوسرەوی** قوتابی، دووکاندار و مووچەخۆری نەخۆشخانە.
**فەتاح حامیدی** قوتابی، ئەرتەشی بووە.

**دەستەی موسیقا**
ئەوانەئەندامی دەستەی موسیقای ئەرتەش بوون لە پادگان(سەربازخانە)ی مەهاباد، دوای تێکچوونی پادگان بە ئامێرەکانیانەوە هاتوونەوە ماڵی خۆیان و هاوکاریان لە گەڵ ئەم شانۆیە کردووە.

**دیکۆر وسەحنە**
مارف حەتەم دارتاشێکی مەهابادی بووە و لە گەڕەکی ئەرمەنیان ژییاوە، یەکەمجار کە عەبدوڵا نەهری و غەنی بلوریان داوای هاوکاری لێدەکەن تووڕەدەبێ، بەڵام پاشان ئەوان باسی شانۆکەی بۆ دەکەن و شێعرەکانی بۆ دەخوێنەوە. مام مارفی تەمەن ٥٠ ساڵە، زۆری پێخۆش دەبێ و پێیان دەڵێ ئێستاکە ئێوە ئەوەندە پیاون، بێ پارە بە داروتەختەی خۆم بۆتان دروست دەکەم.
سەحنەکە وەك وەتاخێکی ٦لە٤مێتر گەورە بووە. پایەی نەبووە، بەڵام بەرزبووە ومحکەم دروستکراوە، بو ئەوەی تێکنەقرمێ. سەحنەکە لە بەریەك جیادەکراوە، پاشان وەسەریەك دەخراوە بۆ ئەوەی بتوانن بۆ شارەکانی تری بەرن.

دەوری سەحنەکە چوار داری وەك کۆڵەکەی هەبووە کە بە دەوریدا پارچە کێشراوە، لە پێشەوە پەردەکەبۆلای ڕاست و چەپی سەحنەکە بە تەناف دەکرایەوە. تەرح و نەخشەی سنەکە مارف حەتەم و عەبدوڵا نەهری کیشاویانە. سەحنەی پەیمانی سەعدئاباد مێزوکورسی تێدا بووە، وەکی دی ساکار بووەو فەرشی لە سەر ڕاخراوە.

**پەردە**

پەردەکە عەبدوڵا نەهری دروستی کردووە، حەڵقەی ئاسنی هێناوە، پەتی تەنافی تێهەڵکێشاوە، بە چەشنێك دوو کەس تەنەفەکەیان کێشاوە و پەردە لە نێوەڕاستی سەحنەوە کراوەتەوە.

**جل و بەرگ**

فریشتە جل و بەرگی سپی لە بەردا بووە و باڵی هەبووە، دایکی نیشتمان جل و بەرگی ڕەشی ژنانەی لە بەردابووە. کراسێکی بڵیندو درێژ، چارشێوشانێك(چارۆکە)ی ڕەش. نوێنەری دەوڵەتەکان جل و بەرگی سپی وەك هێزی دەریایی ئێرانیان لە بەرکردووە، ئەندامانی کابینەش هەر بەم چەشنە، سەرکۆماریش بەرگێکی ئەوەها، بەڵام کڵاوێکی سلیندری ئینگلیسی لە سەر ناوە. پێشمەرگە جل و بەرگی پێشمەرگەی دەبەردابووە. دڵشادی ڕەسووڵی بە هەڵبژاردنی ڕەنگی سپی ڕەمزی ڕۆشنایی وڕەش ڕەمزی تاریکی و دیلی مەبەست بووە. دیارە لە کۆتایی شانۆکەدا سپی زاڵ دەبێ بە سەر ڕەشدا.

**گریم و ئارایشت**

گریمێکی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نەبووە، بەڵام عەوڵا نەهری بە خوری ڕەش و سپی قژی بودایکی نیشتمان دروست کردووە، ڕیش و سمێڵی پاك تاشیوە، خۆڵەمێشی لە ئاو کردووە و لە سەرو چاوی داوە و خۆی پێ پیر کردووە. جگە لە دایکی نیشتمان ئەوانی دیکە وەك خۆیان هاتوونەتە سەر سەکۆی شانۆ.

شوێنی تەمرین کردن: پێشتر لە دەبیرستانی پەهلەوی تەمرین کراوە، غەنی بلوریان دەگێرێتەوە:« خەریك بووین لە حەساری دەبیرستان سەحنە دروست کەین، دوکتور موکری کە ئەودەم محەمەد کەیوانپوور بوو، ڕەییسی فەرهەنگی مەهاباد بوو. بانگی کردم بچم بۆلای. چووم،گووتی تکایکم لە تۆ هەیە، وەکوو کوردێك هاتوومە ئێرە، بە تایبەت بۆ خۆم داوام کردووە بمدەن بە ئێرە، چونکو لە سەر مەسەلەی کورد و شیعر و ئاوازی کوردی لێکۆڵینەوە دەکەم. کتێبێکیشم هەیە، بو ئەوەی باوەڕبکەی بچینەوە ماڵێ تەماشای نووسراوەکان بکە. ئەگەر ئەتۆ ئەو شانۆیە لە دەبیرستان بدەی گرفتاری بۆ من دێتە پێش، حکومەت ڕەنگە ئەمن بگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی تر و عەجەمێك بە جێگای من بنێرێ، ئەمن ئەو دەرفەتەم لە دەست دەچێ. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە قارانجمە و خەرجیشی بۆمن نیە. چووینەوە ماڵێ، ماڵەکەی لە خانووی کەریمی قاورمەی دابوو، نووسراوەکانی لە پێش دانام. بە فارسی بوون، لە بارەی کوردستان و مەسەلەی میللەتی کورد و ئاوازی کوردی و گۆرانی مەهابادی هەمووی نووسیبۆوە. نێوی هێندێك گۆرانیبێژی کۆنی مەهابادی وەك سەعیدی ماملێ(باوکی محەمەد ماملێ)کەوی جۆ و مەنیج حەیرانی نووسیبۆوە» !

ئەم باسە بۆتە هۆی ئەوە شوێنی تەمرین و پێشکەشکردن بو کارێزی عەبدول بگوێزرێتەوە. کارێزی عەبدول کەرباسی لە سەرەوی شارەبانی رووبەرووی مزگەوتی حاجی ئەحمەد، لە پشت سەوزیخانە بوو. بەهۆی ئەم کارە دەفتەری کارێز لەوێ دەمێنێتەوە، بەڵام ماشێنەکان دەبەنە گۆڕەپانی تۆپێن(فوتباڵ). حەوشەی کارێز دەبێتە شۆێنێ تەمرین و پێشکەشکردنی شانۆکە.

**کارگێر**

دیارە ئەو کەسانەی کە ئەو کارە پیرۆزە مێژووییەیان کردووە، هیچکامیان لێزانی شانۆ نەبوون وئەو سەردەمەش زانیاری شانۆیی لە ناوچەکە فرە نەبووە. غەنی بلوریان دەڵێ: « بەداخەوە هیچکام لەوان(واتە قازی محەمەد، زەبیحی...)پێشتر لە کاری نمایشدا نەبوون، ڕەنگە لە گەڵ نمایش بێگانەش بووبن، لەوانەیە دایکی نیشتمان ئەوەڵین پێس بووبێ کە چاویان پێی کەوتبێ».

ڕەنگە ئەم قسانە ئاوێنەی تەواوی زانیاری قازی محەمەد و زەبیحی نەبێ، بەڵام ئەوە ڕوونە کە کارگێرانی شانۆی دایکی نیشتمان مەعلووماتی ئەوتۆی تئاتریان لەو بەرێزانە وەرنەگرتووە و بە پێی زەوقی خۆیان شانۆکەیان دەرهێناوە، بە تایبەت عەبدوڵا نەهری دەوری هونەری و غەنی بلوریان دەوری ڕێکوپێکی تەواویان لە دەرهێنانی شانۆکەدا هەبووە.

**وێنەگری شانۆ**

سمایل خانی فەروخی بۆکانی، وێنەگر(عەکاسی) شانۆکە بووە، ئەو لە هەموو سەحنەکانی شانۆ وێنەی گرتووە، تەنانەت وێنەکان لە نێو شاری مەهاباد بۆفرۆشتن کەوتوونەتە بەر دەستی خەڵك. زۆر کەس لە شار ودێ وێنەی دایکی نیشتمانیان کڕیوە و لە ماڵێ هەڵیانوواسیوە، بە داخەوە لەو هەموو وێنانە یەکیان لە ڕۆژنامە و کتێبان جێگەی نەبۆتەوە. سمایل خانی فەروخی هەر وێنەگری شانۆی دایکی نیشتمان نەبووە بەڵکو زۆربەی زۆری وێنەکانی کۆماری کوردستان بەرهەمی دەستی ئەم هونەرمەندە بێناوە بووە. سمایل خانی فەروخی هەتا دوارۆژەکانی ژیانی وەك وێنەگر مایەوە، ئاخرین ساڵەکانی ژیانی لەبۆتکەیکی ٢لە٣میتری تەختەو تەنەکەدا بە وێنەگرتن لە شەقامی قوڵە لە شاری بۆکان تێپەڕێ، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە تینی چاوی نەمابو و شوشەی چاویلکە ئەستورەکەشی زۆری یارمەتی نەدەدا. سمایل خان پتر لە ٥٠

ساڵ دەستی بە کامێرای وێنەگرتنەوە بوو. سەدان وێنەی سروشتی کوردستان، سیاسی، مێژوویی و هونەری لە پاش بەجێماوە، کە لە زۆر کتێب و گۆوارو ڕۆژنامەدا چاپکراون، کە ڕەنگە لە هەر وڵاتێك بەر هەمەکانی بەرچاو هەمووان کەوتبێ، بێ ئەوەی ناوێکی هاتبێ. سمایل خان فەروخی بۆکانی ڕەنگە یەکێك لە کۆنترین وێنەگرانی کورد بێ لە کوردستان و یا خۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام بێ گۆمان یەکەم وێنەگری شانۆ بووە لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەمان. هەروها دەبێ محەمەد موکری وێنەی شانۆی دایکی نیشتمانی لا بێ.

**کاری چاپ**

دڵشاد ڕەسووڵی و غەنی بلوریان هێندێکیان بلیت(بێتاقە) لە چاپ دابوو، بلیت دەبردران بۆقوتابخانە و ئیدارەکان، بە ئوتۆمبیل دەچوونە لادێ بۆ بلێت فرۆشتن. بلیتەکان دوو بەش بوون، بەشێکی بە دەست کڕیارەوە بوو، بەشێکی بە دەست فروشیارەوە دەمایەوە. لە سەر هەر بلیتێك دەنووسرا کە بەچەندە فرۆشراوە. پارەی بلیتەکان بۆکومەڵەی ژ.ك بووە.

**چۆنیەتی پێشکەش کردنی شانۆ**

ڕۆژی ئەوەڵ نزیکەی ٢٠٠ کورسی لە حەساری کارێژی عەبدول داندراوە. کورسیەکان زۆرتر لە قاوەخانەکان وەمەدرەسەکان وەرگیراون. جەماوەرێکی زۆر بانگ کراون لە وانە جەعفەرۆف لە گەڵ چەند ئەفسەری ڕووسی. ڕۆژی پێشکەشکردن سەید کەریم ئەیووبی کە لە لاوە لە گەڵ تیپەکە هاوکاری کردووە و پاشان چۆتە زانکۆی لینینگراد و لە بەشی کوردی خۆێندوویەتی، بەزمانی ڕووسی بەخێرهاتن دەکا. تێکستی ڕووسییەکە لە لایەن کابرایکی ئەرمەنییەوەنووسرابوو. پاشان شانۆ دەستی پێکردووە.

**سەحنەی یەکەم:**

فریشتە بە جلوبەرگی سپی و دووباڵی ناوشانییەوە دێتە سەر شانۆ، ئەوشێعرەی حاجی قادری کۆیی دەخوێنێتەوە:

ئەی بێ نەزیر وهاوتا، هەر تۆی کە بەرقەراری
بێ دار و بێ دیاری، بێدار و پایەداری
بوباغی مەردی باغی، سەرمایەکەی خەزانی
بۆمەزرەعەی فەقیران، سەرمایەکەی بەهاری
تۆپادشانیشانی بۆ هەر سەوادی ئەعزەم
بێ سەدر وشانیشینی، بێ پەردە پەردەداری
خەلاقی بێ فوتووری، سوڵتانی بێ قوسووری
ڕەزاقی مارو مووری، ئاودێری دێمەکاری
فەیروزە تەختی گەردوون، مەسنوعی نەقشی تۆیە
یاقوت و لەعلی ڕۆژە، ئەستێرەکان دەراری
هەرجێ ومەکانی تۆیە، بێ جێ و بێ مەکانی
لەیل ونەهاری تۆیە بێ لەیل و بێ نەهاری
هەر ئەمری تۆ مەدارە، بۆکاروباری عالەم
هەرچەندە بێ وەزیر و بێ سەدر وکار وباری
لێرە سەحنەی یەکەم تەواو دەبێ و سرود وموسیقا پێشکەش دەکرێ.

**سەحنەی دووهەم:**

سەحنەی پیلانگێرانی هاوپەیمانانی سەعدئاباد(ئێران،عێراق،تورکیاو ئەفغانستان)
لەنێوان ئەم پەردەیەدا سرود وموسیقا بڵاوکراوەتەوە.

**سەحنەی سێهەم**

دایکی نیشتمان بە جل و بەرگی ڕەش و قژی سپی، دەست وپێ و بەدەن لە کۆت وزنجیردا بە دەنگی خۆش شێعری حاجی قادری کۆیی دەخوێنێتەوە.

- لەنێوان ئەم پەردەیەدا سرود وموسیقا بڵاوکراوەتەوە.

**سەحنەی چوارەم**

هێرشی پێشمەرگە و سەربازی ڕووس، ئازادی دایکی نیشتمان.
لەنێوان ئەم پەردەیەدا سرود وموسیقا بڵاوکراوەتەوە.

**سەحنەی پێنجەم**

پێکهاتنی کۆماری کوردستان و شورای وەزیران و هەڵکردنی ئاڵاو دیاریکردنی سەرکۆمار.
لەم سەحنەیەدا سەرۆك کۆمار دەدوێ و باسی ئازادکردنی کوردستان دەکا، باسی ئەسیربوونی میللەتی کوردبە دەست تورك، عەجەم و عەرەب دەکا. باسی کوردستانی گەورە و ڕێبازی شێخ عەبدولقادر، شێخ سەعید، شێخ مەحموود و خۆبەختکردنی ئەوانە بۆ کوردستان دەکا.

لە کۆتایی دا هەموو بەشدارانی شانۆ دێنە سەر شانۆ و سرودی کوردستان دەخوێننەوە کە تازە باو بو: « نیشتمانم ڕەنگینە». غەنی بلوریان ئاوا دەگێڕێتەوە: « پاش تەواوبوونی شانۆکە قازی محەمەد دێتە سەر شانۆ و قسە دەکا، بە چاوی گریانەوە، خەڵك ئیحساسات دەیان گرێ و لە کاتی پێشکەشکردنی شانۆکەدا دەگرین، تەنانەت ڕووسەکانیش فرمێسك دەڕێژن!؟ قازی لە سەر مێژووی خەباتی کورد دەدوێ، باسی ئیستعمار و دابەشکردنی کوردستان و سەرکوتکردنی میللەتی کورد لە لایەن دەوڵەتەکانەوە و هەروەها باسی شۆڕشەکانی کوردستان دەهێنێتە گۆڕێ.»

**بینەرانی شانۆ**
پاش پێشکەشکردنی جاری یەکەم، کورسیەکان کۆدەکرێنەوە. عەردەکە ئاوپرژێن دەکرێ و گەسك لێدەدرێ و بۆ دانیشتن ئامادە دەکرێ.بە شێوەی جۆراجۆر خەڵك دەنگ درابوون بۆ دیتنی دایکی نیشتمان. ئەو کاتەی کە شانۆ پێشکەش دەکرا، جەماعەتێکی دی لە سەر نۆبە و کڕینی بلیت ڕادەوەستن. درێژی چاوەنوارەکان گەیشتۆتە چوارچرا. سەربان و گوێ بان خەڵك دانیشتوون، بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی ژ.ك قوتابیان و ژنان کە تا ئەو دەم ئیزنی شوێنی وایان نەبووە، هاتنیان بە خۆڕایی دەبێ. لە دێهاتەوە خەڵك دەستە دەستە ڕوویان کردۆتە شار و هەواڵی دایکی نیشتمانیان پرسیوە. غەنی بلوریان باسی ئەو ڕۆژانە ئاوا دەکات: « زیاتر لە ساڵێك تێپەڕیبوو،کە بە کوچە و بازاردا دەرۆیشتین ژنان پێشیان پێدەگرتین و دەیان گوت‘‘ کەنگێ دایکی نیشتمان نمایش دەدەن؟ ‘‘ دەمانگوت خۆدایکی نیشتمان بەیتی بلەی نیە هەموو ڕۆژێك بیڵێینەوە. دایکی نیشتمان تەئسیری یەکجار زۆری هەبوو، وای لێهات کە خەلیفە ئامین قەمتەرەیی کە خەلیفەی حاجی شێخ مستەفا بوو، ڕۆژی چوار شەمۆ لە گەڵ ژنانی دەرویش دوای زکر کردن، بە کۆمەڵ دهاتن بۆ دیتنی نمایشی دایکی نیشتمان. ئەم شێرەژنە دوایە دەورێکی زۆری لە شۆڕشی کوردستاندا گێڕا.
نمایش دایکی نیشتمان بوو بە هۆی زۆربوونی نفوزی کومەڵەی ژ.ك» هەموو ڕۆژێك شانۆ سێ چوارجاران پێشکەش کراوە، هەر لەسەعات ١١ی بەیانی هەتا ئێوارە لای تاریکان. دووجار پشوودانی نیوسەعاتی هەبووە. ئێواران بە هۆی تاریکی و نەبوونی ڕووناکی نمایش کوتایی پێهێنراوە. هەر جارێك ٦٠٠ هەتا ٧٠٠ کەس دیتنی شانۆیان کردووە، جگە لەو ژن و منداڵ و پیاوانە کە لە سەربانی ماڵەکانەوە تەماشایان کردووە، لە ڕۆژێکدا نزیکەی ٢٠٠٠کەس و لە چل ڕۆژاندا ٨٠٠٠٠کەس. دیارە ئەمە ژمارەیکی یەکجار زۆرە و مرۆڤ وەبیر ئامفی تئاترەکانی یۆنان و ڕۆم دەخاتەوە، بەڵام ئەگەر لە لایکەوە نەبوونی هەر چەشنە کەرەسەیکی ڕابواردن لەو سەردەمەدا لە شارەکانی کوردستان لە بەرچاو بگرین و لە لایکی دیکەوە لە وەزعی سیاسی و باری سەربەستی و هەستی نەتەوایەتی بڕوانین، هاتنی ٢٠٠٠کەس لە ڕۆژدا بۆ ئەم تئاترە زۆر دیاری ناکا. ساڵانی دوای ئەم ڕووداوە لە کوردستاندا نمونەی وا زۆر دیتراوە، شانۆی «کوڕی خاك» لە ساڵی ١٣٥٤(١٩٧٥) تەنیا لە ڕۆژێکدا لە سینەما سەعدی بۆکان پتر لە ١٢٠٠ کەس تەماشاکاری هەبووە، یان شانۆی «شێخی سەنعان» لە مەهاباد لەم ساڵەدا. دیارە ساڵی ١٣٢٣ مەهاباد ١٥٠٠٠کەس دانیشتووی ناوشاری هەبووە، بەڵام ناوچەی موکریان کەبینەری ئەم شانۆیە بوون تەنیا شاری مەهاباد نیە.

**بۆچوونی خزم و کەسەکانی دەورگێرانی شانۆ**
لەوسەردەمەدا ئیزنی ژنانیان نەداوە بۆ بەشداری کردن لە شانۆ و شتی وادا، هەربۆیە عەبدوڵا نەهری دەوری دایکی نیشتمانی گێڕاوە. نە تەنیا ژنان بەڵکو کوڕانیش ئیزنی کاری وایان نەبووە، بە چاوێکی سووك سەیری کاری نمایش کراوە، ساڵی ١٣٢٣ لە مەهاباد پێیان گوتون «شەکەرۆکە» و ساڵی ١٣٥٤ لە بۆکان پێیان گووتون «لۆتی». شەکەرۆکە ئەو مێرمنداڵانە بوون کە جل و بەرگی ڕەنگاوڕەنگ و تەنگیان دەبەردەکردو لە گەڵ عاشقەکانی(گۆرانی بێژ) تەورێز لە قاوەخانەکان ڕەقسیان دەکرد. ئەو ساڵانە ئەوانە سەری قاوەخانەی ئازەرییەکانیان دەدا لە کۆڵانی مزگەوتی سوور. خەڵکی مەهاباد پێیان خۆش نەبووە، بەڵام چونکوکورد نەبوون کاریا پێیان نەبووە. لۆتی ئەو کەسانە بوون کە لە عەجەمستانەوە یان لە بەشی هەوشارەوە دەهاتن بۆ بۆکان و شارەکانی دی، ئەوانە یا ورچیان هەڵدەپەڕاند و یا مەیموونیان و ئەدا و ئەتوار دەخست ولە کاروانسەراکان خەڵکیان لە خۆ کۆدەکردەوە. ئەودەمی خەڵك جیاوازییەك لە نێوان شانۆگێڕو لۆتی و شەکەرۆکە قایل نەبوون. کاك غەنی دەڵێ: « بابم گوتی هەتیو حەیاێکم هەیە لەو شارەدا، خەریکی ئابروم دەبەی، هیچ نەماوە بیکەی؟ دوێنێ دەچووی شەڕگەت دەگرت و دەچوویە شەڕی زێڕۆ، ئەوڕۆ بوویەتە شەکەرۆکە، کامت باشتر بوو؟ ئەوت پیاوانەتر بوو لە مەت!! گوتم بابە هی ئێمە شەکەرۆکە نیە، ئێمە نمایش دەدەین، نمایشی دایکی نیشتمان، ئێمە داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەین.گوتی ئەگەر نمایش بدەی کوڕی من نی، دەبێ لە ماڵە من وەدەرکەوی.لە ماڵم بمێنی بە دەمانچە لێت دەدەم. بابم چووبوو لە گەڵ باوکی ئەوانی دیکەش قسەی کردبوو، بەناچار هەموومان لە کارێژ دەخەوتین. ڕۆژێکیان خەبەریان هێنا بابەکان بە کۆمەڵ دێن بەرەوکارێژی عەبدولی کەرباسی، کۆمەڵەی ژ.ك چەند پێشمەرگەی ناردبوو ئاگایان لێمان بێ. پێشمەرگەکانم نارد بیانگێڕنەوە.یەك ڕاست چووبوونە لای قازی و شکایەتیان کردبوو. قازی کە شاری بەڕێوە دەبرد خاوی کردبوونەوە.»

مام غەنی لە درێژەدا دەڵێ: « عەبدوڵا نەهری گۆرانی دایکی نیشتمانی دەگوت و خەڵکی بانگ دەکرد بۆ رزگار بوون: “ من هەزار ساڵە ئەسیرم، ئەنگۆ خەڵکینە، کوردینە، بۆچی وابێ هەستن؟ بۆچی نایەن من ڕزگار کەن. خەڵك دەگریان، بانگیان کردم وەرە باوکت دەگرێ. دوای تەواوبوونی شانۆکە هات دەستی لە ئەستۆم، کرد و گوتی،ڕوڵە نەمدەزانی کاری پیاوانە دەکەی! سەدتمەنی دامێ وناردی نوێن وبانەکەم ببەنەوە ماڵێ. بە ڕەحمەت بێ هەتا مرد هەر پێی دەگوتم رییس جمهور..»
ئاڵمان ١٩٩٣/٢/٢٥

**تێبینی:**

(١) ئەم چەشنە نمایشانە فڕیان بە سەر شانۆوە نیە، لە زۆربەی شارەکانی ئێران و کوردستان لە رۆژانی تایبەت بە بنەماڵەی پەهلەوی پێشکەش دەکران کە ناوی نمایشاتی میللی و میهەنیان لێنابوون.ناوەرۆکی ئەونمایشانە پێداهەڵگوتنی ڕێژێمی شابوو.
(٢) ئەو پەیمانە لە رۆژی ١٧ی پۆشپەری ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی (١٩٢٧)لە کۆشکی سەعدئابادی تاران لە نێوان ئێران، عێراق، تورکیا و ئەفغانستاندا بەستراوە.

**سەرچاوەکان:**

١- هێندێك ژمارەی گۆواری کاروان.
٢- کردستان و جمهوری مهاباد، کریس کوچرا، ترجمه ناهید بهمن پور. کتاب جمعه، شمارەهای ٢١و٢٠و١٩.
٣- شانۆ و شانۆی کوردەواری ، حەسەن تەنیا
٤- وتووێژ برایم فەڕشی لە گەڵ کاك غەنی بلوریان لە ئاڵمان ساڵی ١٩٨٩.
٥- کێش و سەنگی شانۆگەریمان لە چاو سەرجەمی کتێبی کوردیماندا. نەریمان.
٦- ئافرت لە شانۆی کوردیدا، مەغدید حاجی.
٧- دیوانی خاجی قادری کۆیی، سەردار حەمید میران، کەریم مستەفا شارەزا.
٨- ساڵێك ئۆتۆنۆمی، کۆماری مەهاباد/ د.گوڵمراد مرادی بە زمانی ئاڵمانی.
* ئەو نووسراوەیە پێشتر لە گۆوارەکانی گزینگی ژومارە ٧ چاپی سوئید و رامان چاپی هەولێر بە زاراوەی سۆرانی و گۆواری هونەر چاپی ئاڵمان بە زاراوەی کرمانجی بڵاوکراوەتەوە.

# شانۆنامەی
# کۆشکی ئاوات



**گوتنێک بۆ مێژوو**

پاش هێرشی گشتی بۆ سەر هێزە چەپەکانی ئێرانی، لە ساڵی ١٣٦١و ١٣٦٢ (١٩٨٢_١٩٨٣ز) ، ماڵی ئێمەش لە تاران کە ببوە بنکەی حاوانەوەی کوردەکانی سەر بە حیزبی توودە و ئەکسەریەت و کۆمەڵە کەوتە بەر هێرشی هێزی تایبەتی زیندانی ئەوین و لە جیاتی من کاکە حەسەنم کەوتە زیندانەوە و منیش بە ناچاری لە تاران دور کەوتمەوە و سێ مانگ لە شاری ورمێ بە نهێنی ژیام و پاشان گوێزرامەوە بۆ باشوری کوردستان.
چیرۆکی یەک ساڵ ژیانی جەنابم وەک ئەندامی پێشووی ئەکسەریت لە شاخەکانی کوردستان لە ناو چوار هێزی تودە و ئەکسەریەت و شیوعی و کۆنگرەی چوار داستانێکی تراژیک و پڕ لە ئازارە کە من لە شوێنێکی تر بە وردی باسم کردووە و لێرە ناچمە سەری.
یەکەم کارم لە شاخ پێکهێنانی کلاسی شانۆ بوو، لە دەورەیەکی چەند مانگەدا دەیان کەس لە باشور و ڕۆژهەڵات کە ئەندامانی ئەو چوار هێزە بوون بەشداری کلاسەکان و دەورەکانی شانۆیان کرد، بەرهەمی ئەم کلاسانە جگە لە هێندێک پرۆگرامی هونەری، نووسین وپێشکەشکردنی چوار شانۆنامە بوو.
شانۆنامەی «ئۆکتۆبر» کە باس لە شۆرشی ئۆکتۆبر دەکا و بە دوو قۆڵی لە گەڵ کاک ئەنوەری سوڵتانی نووسیمان و لە مانگی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٨٣ لە شاخ پێشکەش کرا.
دوو شانۆنامە بە کەڵک وەرگرتن لە مێتۆدی «شانۆی پەیکر» لە پێوەندی لە گەڵ مێژووی حیزبی شیوعی عێراق و جوڵانەوەی کریکاری لە عێراق لە لایەن منەوە نووسرا و بە بەشداری پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی و بەشدارانی دەورەکانی شانۆ لە یوبلیومی حیزبی شیوعی عێراق دا پێشکەش کرا.

**شانۆنامەی کۆشکی ئاوات**

بەرپرسانی ،،کۆنگرەی چوار،، پێشنیاریان کرد کە شانۆنامەیەک لە سەر ،،دووی ڕێبەندان و کۆماری کوردستان،، بنووسم. بۆ ئەو مەبەستە ئارشیوی ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆمار و پاش کۆماریان لە ئیختیار نام. هەرچەند هەموو ڕۆژنامەکانم خوێندەوە، بەڵام هیچ فکرێک بۆ نووسینی شانۆنامەیەک لە مێشکمدا دروست نەبوو. داوای تاریک و ڕوونی ماموستا هێمنم لێکردن کوتیان هەمانە و تەنیا یەک شەو دەتوانین بتدەێنێ. ئەو شەوە تا بەیانی زۆربەی ئەو شیعرانەی کە بۆ نووسینی شانۆنامەکە پێویستم بوو، نووسیمەوە. بەو جۆرە شانۆنامەی کۆشکی ئاوات خوڵقا.
هێمن وەک نووسەرێک، وەک وێنەگرێک، وەک فیلمسازێک، وەک ژۆرنالیستێک، وەک شاعێرێک لە ڕێگای شیعرەکانیەوە گوزارشێک لە وەزعی خەڵک بەر لە کۆمار، کاتی کۆمار، دوای کۆمار، هەڵکردنی ئاڵا، لە داردانی قازی مەحەمد و هەواڵانی لە مەهاباد و بۆکان و سەقز دەدا بەدەستەوە، ئەو شەوە هێمن کۆماری کوردستانی لە مێشکی مندا کردە کۆشکی ئاوات!
شانۆی کۆشکی ئاوات لە دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٩٨٣ لە سەر شاخەکانی کوردستان بێ هیچ چەشنە ئیمکاناتێک پێشکەش کرا. کۆشکی ئاوات تابلۆیەکی کوردانەی پڕ لە هەڵپەرکێ، گۆرانی وموسیقا و جولەی لەشی مرۆڤی کورد بوو. شانۆی کۆشکی ئاوات یەکەم تاقیکردنەوەی من بوو لە چوارچێوەی سیستمی شانۆی «بوئال»دا کە بە شانۆی «چەوساوەکان» بە ناوبانگە.
بە داخەوە ناوی هەموو دەورگێڕانی شانۆنامەکەم لە یاد نەماوە و ناوی ڕاستەقینەی زۆریان نازانم. سپاسی ئەو کەسانە لە باشور و ڕوژهەڵاتی کوردستان دەکەم کە بۆ ساخکردنەوەی ناوی شانۆگێڕەکان و ئەو شتانە کە لەم نووسراوەدا لە یاد چوون یارمەتیم بدەن.
ساڵی ١٩٨٩ پاش دامەزراندنی تیپی شانۆی کۆچەر لە ئاڵمان کە دوایی بوو بە ناوەندی شانۆی کۆچەر، شانۆنامەی کۆشکی ئاوات یەکەم بەرهەم بوو کە کاری لە سەرکرا، بڕیار بوو ئەمجارە شکۆی کۆماری کوردستان گەلێک هونەرمەندانەتر بە فۆرمێکی نوێتر لە شاخ نیشان بدرێ، بۆ ئەو مەبەستە قەرار بوو هونەرمەند «ئیقباڵ حاجبی» موسیقای بۆ بنووسێ و «یەدوڵا ئەلوندی» جوانەمەرگ قام بێژی شانۆنامەکە بێت و شانۆگێڕانی کۆچەریش دەورگێڕانی بن، مخابن پاش چەند مانگ پرۆبەکردن لە بەر قورسی کارەکە و کەم بوونی بەشی موسیقا و قام بێژ، کارەکە وەلا نندرا. ساڵانێک لەوەبەر کەسێک لە «مەد تی وی« داوای ئەو تێکستەی لێکردم بردی بە ناوی خۆی هەم تێکستەکەی خراپ کرد، هەم شانۆکە و هەمیش خۆی.
لێرەدا تێکستی شانۆنامەکە هەر وەک چۆن لە شاخ نووسراوە وەک دۆکۆمنتێکی مێژوویی بڵاو دەکەمەوە. بێ گومان فۆرم و تەکنیکی نووسینی شانۆنامەکە گەلێک جیاوازە لە فۆرمەکانی باو و تەکنیکی باو، بۆ خودی خۆم تاقیکردنەوەیەکی تایبەتی بوو لە بارودۆخێکی تایبەتدا.
ئێستا کە پاش تێپەڕبوونی ٢١ساڵ دەقی شانۆنامەکە دەخوێنمەوە هەست دەکەم لە لایەنی ناوەرۆکەوە زۆر لە شانۆنامەی(دایکی نیشتمان_ ١٩٤٤) نزیکە، ئەوەش کە تێکستی شانۆنامەی کۆشکی ئاوات لە یادی ٦٠ ساڵەی «دایکی نیشتمان»دا بۆ یەکەمجار بڵاودەکرێتەوە، بۆ من نیشانەی بەردەوامی بیر و ئاواتەکانی کۆماری کۆردستان و شانۆنامەی دایکی نیشتمانە. یادی بەرزی شانۆکارانی دایکی نیشتمان و کۆشکی ئاوات و لە سەروی هەموویانەوە یادی بەرزی بیرمەندان و دانەرانی کۆماری کوردستان لە وانە یادی بیرمەند و سیاسەتمەداری تاقانە قازی محەمەد پیرۆز بێ. یادی شاعیری گەل «هێمن موکریانی» کە لە ڕاستیدا نووسەری ڕاستەقینەی کۆشکی ئاواتە پیرۆز بێ. ئەوەش بێژم ئاواتی پێشکەشکردنی کۆشکی ئاوات لە دڵ و مێشکمدا هەر زیندووە.

دووی ڕێبەندانی ساڵی ٢٧٠٣(٢٠٠٤/٠١/٢٢)

ئەم شانۆنامەیە، بێ دیکۆر، بێ سەکۆی شانۆ، بێ گریم، بێ موسیقا، بێ تیشک و بێ هەر چەشنە کەرەسەیەکی تەکنیکی لە سەر بنەمای « شانۆی چەوساوەکان» لە سەر شاخەکانی باشوری کوردستان لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٩٨٣ بە جل وبەرگی کوردیەوە پێشکەش کراوە.

**کات:** ساڵی ١٩٤٤ هەتا ساڵی ١٩٤٧
**شوێن:** مەهاباد ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**کەسەکان:**
کچ
کۆ
کوڕ
پیاو
ژن
تەلحەک
مام میرزا
زەحمەتکێش
لاو
چەند نیزامی
دایک
هونەرمەند
بازاری
گۆرانی بێژ
لاو
ڕاوی
منداڵ کوڕ
منداڵ کچ
بەیت بێژ
خەڵک

جگە لەم کەسانە دەوری گەلێک کەسی تر لەوانە پێشەوا قازی محەمەد لە لایەن شانۆگێرەکانەوە دەگێردرێ.
سەرجەم شانۆنامەکە لە حەوت تابلۆ پێکهاتوە. لە شانۆنامەکەدا نە میزانسن هاتووە و نە دەستوراتی سەحنە و نە چۆنیەتی دەرهێنان و چۆنیەتی کایەکردن و دەورگێران، هەمووی ئەوانە کاری دەرەوەی تێکستەکەیە و ئازادی تەواو بە دەرهێنەر و شانۆگێر وباقی بەشدارانی دەرهێنانەکە دەبەخشێ.

**[تابلۆی یەک]**

وتووێژی کچ و کوڕ

کچ  کاکەگیان لاوی کوردی شۆخ و شەنگ
تاکەنگێ دەبێ وا بێ هەست و دەنگ
دیلی، ژێردەستی، ئەسیری، تاکەی؟
ڕووتی، نەداری، فەقیری، تاکەی؟
کۆ:  لە ژێر زنجیر و کۆتا دەناڵی
مەگەر دێوانەی، شێتی، عەوداڵی؟
کچ:  تێ فکرە خەڵکی هەموو ئازادە
هەر تۆ خەمناکی هەموو کەس شادە
وەرە مەیدانێ لەڕێی نیشتمان
بکە قوربانی سەر و ماڵ و گیان
کوڕ:  وەتەن گیان و سەر و ماڵم فیدای تۆ
وەگیانی من کەوێ دەرد و بەڵای تۆ
لە پێناوت دەنێم سەر تابزانی
منم ڕۆڵێکی ئازاو باوەفای تۆ
لە بۆ پاراستن و حیفزی سنورت
لە باتی (ماژینۆ) سینگم قەڵای تۆ
دەبێ من چۆن بژیم مەسرور وشاد
کە دەت بینم لە دەس بێگانە دای تۆ
دەبێ کەی سەربەخۆبی تۆ هەتا من
بە سەربەستی بکەم سەیر و سەفای تۆ

**[تابلۆی دوو]**

(ئیش وکار)

(لە سەر شانۆ ئیش و کاری بە کۆی خەڵک نیشان ئەدرێ)
کۆ  بە تاڵ و تفت و سارد و گەرم و ناخۆشی ژیان ڕادێن
بەگژ تین و بلێسە و بەفر و باران و هەور دادێن
پەنیر و ڕۆن و ماست و شیر و هێلکەت بۆ لە دێ ڕادێن
خوری، مازو، کەتیرە، دەغڵ و تووتن بەرهەمێ لادێن
نمەک خوردەی دەسی وەرزێرە شێخ و حاکم و سەردار
پیاو  دێکێشین زەحمەت و ناخۆن وەکوو وان نانی خۆڕایی
ژن  دەکەن کارو دەڕێژن ئارەق و ناژین بە ڕسوایی
تەلحەک  (بە لاسایی کردنەوە)
لە سەریان دانیە پۆز و ئیفادە و فیزی ئاغایی
کۆ  لە سایەی زەحمەت و ڕەنج و لە سایەی کار وئازایی
بە سەربەرزی دەژین بۆ کۆمەڵ و گەڵ نابنە سەربار
ژن  نییە داوێن و دەستی خەڵکی لادێ پیس وئالودە
پیاو  لە دەس ناچێ وەخت لێرە بە خۆڕایی، بە بێهودە
ئەوان وەک ئێوە ناژین تەمبەڵ و بێکار و ئاسودە
تەلحەک  ئەوان وەک ئێوە ناخۆن شەربەت و شەکراو وپاڵوودە
مام میرزا  ئەوان وەک ئێوە ناکەن پۆکەر و پاسۆر وئاس ونەرد
پیاو  یەکێک سەرگەرمی شێوە ئێستەکانە، یەک خەریکی وەردە
کچ  ئەوی تریان خەریکە هەڵدەوێژێرێ لە کێڵگەی بەرد

زەحمەتکێش دەبینی یەک ئەوە مەشغوولی هەڵگێڕانەوەی بانە
کوڕ ئەوی تر دادەمەزرێنێ پلووسک وچۆتە گوێ سوانە
پیاو یەکێک کوتکی لە دەس دایە، یەکێک بێڵی لە سەرشانە
زەحمەتکێش یەکێک دەشکێنێ بەرد و یەک خەریکی شوورە هەڵدانە
مام میرزا بەڵێ نابینی کاکی خۆم لە لادێ دا کەسێ بێکار
کوڕ کچێک پییەتی دوو گۆزە بەلەنجە دەچێتە سەر ئاوێ
(لەم کاتەدا کچێک بە دوو گۆزەوە بە سەر سەحنەدا دێ)
لاو کچێکی تر شەکۆی هەڵگرتوە دەڕواتە پاراوێ
پیاو ژنێک چەند ماشەری پێیە، دەیان هێنێتە بەر ئاوێ
مام میرزا ژنێکی تر بە دەستاڕێ دەهاڕێ گەنمی بۆدراوێ
کۆ بەرەومالّ بوونەوە پۆلێک و پۆلێک دەچنەوە بۆ بژار

**[تابلۆی سێ]**

(خەڵک هەموو دانیشتون)

دایک لە مێژ بوو هەقی کورد دەخورا بە فیرۆ
لە مێژ بوو کورد بوو دەیکرد شین و ڕۆ ڕۆ
پیاو لە مەیدانی شەقێنی دۆژمنی دا
سەری سەرداری کوردی بوو وەکوو گۆ
چەند نیزامی (وەک گورگ و چەقەڵ ئەگوڕێن و بە ناو خەڵکدا ئەخولێنەوە)
کۆ بەدەوری لاشی نیوەگیانی ئەودا
هەزار گورگ و چەقەڵ دەیکرد مڵۆمۆ
مام میرزا دەیان بەست بۆ کوتانی مەرج و پەیمان
هەناوی لێی دەهات بۆچڕوک و بۆسۆ
پیاو لە دێ دا ئەمنیەی لێ ببوە مێمڵ
لە شاری (شارەبانی) لێ ببۆ سۆ
ژن (بەگریانەوە) هەزار لاوی لە بەندیخانەدا مرد
هەزار پیاوی تەنافی خرایە ئەستۆ
دایک کوڕی کوردی لە خوێنی خۆی دەگەوزی
کچی کوردی سەری کردبوو وەئەژنۆ
پیاو ئەوەی سووکایەتی بوو کردی پێمان
نەدەکرا کەس بڵێ بۆ وادەکەی بۆ؟
دایک بڕا نێفەک، دڕا سەرپێچ و دەسماڵ
بڕا کێژ و درا کوڕ پاڵە پەستۆ
هونەرمەند گوڵستان و زەمەندی کوردەواری
بە پێی دوژمن دەبوو پێ شێل و بۆژۆ
زەحمەتێکش دەیانکرد دەغڵ و دانی ئێمە بەش بەش
دەیان برد دانەوێڵەی ئێمە کۆ کۆ
میرزا ئەوەی گەنمی ڕەنێو دێنا بە زەحمەت
لە ماڵی خۆیدا نەبوو زەمهەرێک جۆ
پیاو (سەبیلەی بە دەستەوە کیسەی تووتن دادەتەکێنێ)
لە کیسەی دا نەبوو تاڵایی تووتن
ئەوی سازی دەکرد سیگاری (ئۆشنۆ)
بە دووگەز جاوەوە خەونی دەبینی
ئەوەی عەمباری شای پڕ کرد لە پەممۆ
ژن پەنیر و ڕۆنەکەی ئێمە بەزاری
ئەوان دەخورا، دەما بۆ ئێمە هەر دۆ
مریشک وقازو باڕرکە و مراوی
بەشی وان بوو، بەشی ئێمەش پەر وپۆ
بازاری لە شار ڕا تاکوو (تابێن) جەردەو دز

وڵاتیان کردبوو تاڵان و تاپۆ
هەموو سووک و چرووک و پەست و بەدخوو
هەموو ناپاک و نائینسان و ناسۆ
مام میرزا — لە بەر زوڵم و فشار و جەور و بێداد
چلۆن تێک چوو بوو لێمان ڕایەڵ وپۆ
زەحمەتێکش — جلیت باز کەنگێ دەیوێرا بڵێ هەو
فەلە خۆی کوانێ دێوێرا بڵێ هۆ
مام میرزا — لە ژێر باری گرانی زوڵمی دوژمن
دەیان برد مەزنەکانی گەورە نسکۆ
کۆ — لە پڕ جووڵاوە خەڵک و تێکی ڕووخاند
بناخەی کۆشکی ئیستیبدادی یارۆ

**[تابڵۆی چوار]**

(داوەت دەگەڕێ)

کۆ — ڕۆژی خۆشی و پێکەنین و داوەتە
هەی چ ڕۆژێکی بەقەدر و قیمەتە
پیاو — جێژنی سەربەستی و دەمی ئازادی یە
لاو — کاتی عەیش و نۆش و شایی و شادی یە
کچ — بەرگی ڕەش ئیتر لە بەرمان دادڕا
کۆ — بەندەکی دیلی و ئەسارەت هەڵبڕا
پیاو — سەربڵیندین چونکە وا ئاڵاکەمان
ژن — هەلکراوە گەییە تەشقی ئاسمان
مام میرزا — پەرچەمی سوور و سپی و سەوزی ئەمە
تەلحەک — شادی هێنە لابەری دەرد و خەمە
کچ — سوورەکەی یانی ئەوەی بێتە بنم
کوڕ — خوێن دەبێ برێژنێ بۆ پاراستنم
دایک — سپیەکەی یانی کەسێکە ڕووسپی
زەحمەتکێش — هیچ شتێک نەیکردبێ مات و کپی
پیاو — سەوزەکەی دێنێتە بەرچاوان وڵات
هونەرمەند — ئەودەمەی فەسڵی بەهاری جوانی هات
مام میرزا — تیشکی ڕۆژی کورد لە ژێر هەوری سیا
هونەرمەند — هاتە دەر ئەنگاوتی وا لووتکەی چیا
زەحمەتێکش — دوو گوڵی گەنمیش دەڵێ هەر کشت وکاڵ
بازاری — زۆر بکەن مشتی بکەن عەمبار و چاڵ
مام میرزا — پێت دەڵێ نووکی قەڵەم: نووکی قەڵەم
زۆر لە شیر باشتر دەپارێزێ عەلەم

(داوەت)

گۆرانی بێژ — لە شایی دا لەوەختی هەڵپەڕینا
لە خۆشی دا لە کاتی پێکەنینا
لە کۆڕی ماتەم و گریان و شینا
کۆ — ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە
گۆرانی بێژ — بە شەو تاکوو بە سەرما زاڵ دەبێ خەو
بە ڕۆژ تاکوو دوبارە دێتەوە شەو
لە کاتێک دا کە دەدوێنم ئەم و ئەو
کۆ — ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە
گۆرانی بێژ — زەمانێکی کە دەچمە سەیری گوڵزار
لە گەڵ پۆلی ڕەفیقانی وەفادار
تەنانەت وەختی دەسبازی لە گەڵ یار
کۆ — ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە

گۆرانی بێژ    لە کوێستانێ دەمی ڕاو و شکارێ
لە مەزرایە کە خۆم هەڵکرد لە کارێ
لە جێ ژوانێ کە دەکوشم مەمکی یارێ
کۆ    ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە
گۆرانی بێژ    دەکەم تەرخان لە ڕێی تۆدا ژیانم
لە سەنگەردا بەرەوڕووی دوژمنانم
بە خاکی تۆ دمی ئاویلکەدانم
کۆ    ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە

(لە ناو شایی دا گۆرانێکی ئازەری بە هەوای هەڵپەرکێ ئەخوێندرێ.)
هونەرمەند    تێ پەری ئەییامی دیلی ئێستە هەنگامی ژیانە
مام میرزا    خۆی مەڵاس دا مامە ڕێوی نۆبەتی شێری ژیانە
کوڕ    هەرچی پێت دەکرێ بکە ئەی دوژمنی خوێڕی وبزانە
کۆ    باوی لاوی کورد و تافی گەنجی ئازەربایجانە
کوڕ    خۆی لە خوێناودا دەبینێ هەر کەسێک دوژمن بەوانە

**[تابلۆی پێنج]**

( شیوەن)

پیاو    ئەو ساڵ جێژنەمان تاڵە
ژن    دوژمنی زاڵم زاڵە
پیاو    لاو جێ یان سیاچاڵە
ژن    دەستی دۆیان بەتاڵە
هونەرمەند    گاڵتە و گەپ و پێکەنین
گۆرانی بێژ    شەو داوت و هەڵپەڕین
مام میرزا    جێگای خۆیان دا بە شێن
پیاو    دیسان خەمیان دابەشین
هونەرمەند    پۆلی جوان و نەشمیلان
لاو    دەستەی دەسماڵ تەنزیلان
گۆرانی بێژ    ئەو ساڵ ناچن بۆ دیلان
ژن    نەنگە دیلان بۆ دیلان
زەحمەتکێش    بڕا نانی سەرخوانان
کچ    گرا لاوی گوێسوانان
ژن    کاڵ بۆوە پەنجەی جوانان
پیاو    کوانێ گەمەی جێ زوانان؟
مام میرزا    وەپاش کەوت خەباتمان
کۆ    داگیراوە وڵاتمان
تێ پەری ڕۆژی هاتمان
روخا کۆشکی ئاواتمان
ژن    نەهاتی و تەنگانەیە
پیاو    باو باوی بێگانەیە
ژن    خەزری ئەو یەکانەیە
پیاو    لێمان لە بەهانەیە
کۆ    بووینەوە دیل و یەخسیر
مام میرزا    یووسف خرانە ناو بیر
نیزامی    (بە هەڕەشە) حکومەت نیزامی یە
مام میرزا    تۆزێک ئازادی نیە(دەکەوێتە بەر پێلاقەی نیزامیەکان)
دایک    ئامانجی درژمن چیە؟!
نیزامی    قڕکردنی خەڵکی یە!
کۆ    کە شەو داهات دێژبانی

| | |
|---|---|
| | لێمان دەچتە سەربانی |
| | تفەنگی لە سەرشانی |
| | بۆتە ڕۆستەمی سانی |
| مام میرزا | دەڵێ، فەرمووی فەرماندەر |
| نیزامی | لە شامەوە تا سەحەر |
| | هەر کەس لە ماڵ هاتەدەر |
| نیزامی ٢ | کلکش بکن پسر (نیزامیەکان دەرژێنە سەرخەڵک) |
| مام میرزا | داخرا دەرکی ڕۆژنامە (ڕۆژنامە بڵاو دەکرێتە) |
| هونەرمەند | شکاون نووکی خامە (قەڵەمە شکاوەکەی فڕێ دەدرێ) |
| نیزامی | کوردی نووسین حەرامە |
| ڕاوی | دران کاغەز و دەفتەر |
| | گیران شاعیرو نووسەر |
| | کۆمەڵێک بوون دەربەدەر |
| | کۆمەڵێکیش دەس بەسەر |
| منداڵ کوڕ | خوێندن بە زمانی خۆمان |
| منداڵ کچ | سووچ وتاوانە بۆمان |
| هونەرمەند | چاپخانە و بڵیندگۆمان |
| مام میرزا | بوونە بەردی بن گۆمان |
| ڕاوی | لە لایەک قات و قڕە |
| | لە لایەک کوشت و بڕە |
| | هەموو کەس حاڵی شڕە |
| | دوژمن نان و دۆ بڕە |
| پیاو | ئاژان وەکو سەگی هار |
| | دەخولێتەوە لە ناو شار |
| مام میرزا | درۆزن و ڕیاکار |
| پیاو | دز و جەردە و بەدکردار |
| زەحمەتکێش | بەرتیل خۆر و گورگەمێش |
| ژن | وەک سەگی سەرخۆڵەمێش |
| مام میرزا | چەنە سووک و دەم لەپێش |
| هونەرمەند | بە فیشاڵ وکێشەکێش |
| ڕاوی | ئەمنیە وەک داڵ و قەل |
| | بڵاو بوونەوە ناو گەل |
| | کێ ئازایە بڵێ لەل! |
| پیاو | بۆ خۆیان پێ ڕادەگەن |
| مام میرزا | خەڵکی لە کونە ڕەش دەکەن |
| هونەرمەند | تا پشووی دێ لێی دەدەن |
| ژن | بە قەمچی وەک خەرمەزەن |
| ڕاوی | لە پیاوی ئازا و سەرکەش |
| | لە زەحمەتێکشی بێ بەش |
| | ئاخنراوە کونە ڕەش |
| | نابینی کەسێ ڕووگەش |
| | دەستیان کرد بە ڕەش بگیر |
| | ناپارێزن جوان و پیر |
| کۆ | دێ زڕەی کۆت و زنجیرە |
| | هەر لێمان دەسوون شمَشیر |
| زەحمەتکێش | پیاوی مازاد و ماڵیات |
| | دەسووڕێنەوە دێهات |
| | دەستێنن دەغڵ و داهات |
| | لە کرمانج و ئاغاوات |
| مام میرزا | ئاغا زانی ئەو جارە |
| | ئەو قەندە ژەهری مارە |

پێش بینی کاک هەژارە
ئێستاش شەق بە خەروارە

زەحمەتکێش
قەندی بەزاری تاڵە
دەدا باجی پێنج ساڵە
چاو لێ پۆشین مەحاڵە
کار ئێستا بە گۆپاڵە

پیاو
نۆشی گیانی بێ هەی گۆڕ
گێژی، گەوجی، لەخۆ گۆڕ
با هەر سەری بکا شۆڕ
بۆ دوژمنی مچ و مۆڕ

بازاری
بە قەند و شەکر و کوتاڵ
بۆ ئێمەی دێنا ڕاماڵ
ئێستا کەوتوە وەک سپاڵ
لە گشت لا دەی دەن ڕەپاڵ

بەیت بێژ (ئاواز)
( هەموو وێنەکان لە ڕێگای شانۆگێرەکانەوە دەنوێندرێ)
سواریان کردن پیادە
جامیان کردن بێ بادە
داریان کردن ئامادە
شەهید کران (بەگزادە)

لە سەقز و لە بۆکان
شین و شەپۆرە و گریان
تێکۆشەر لە دار دران
قارەمان لە ناو بران

لە چوار چرای مەهاباد
لە کانگای بیری ئازاد
دەستی ڕەشی ئیسنبداد
چەقاندی داری بێداد

لە کاتی نیوە شەوا
لە هەنگەی شیرن خەوا
کرا کاری ناڕەوا
لە دار درا پێشەوا

ڕۆڵەی وەفاداری کورد
پێشەوای ئارام و ورد
بۆ کورد ژیا، بۆ کورد مرد
گیانی فیدای گەلی کرد

زانا بوو، کوردپەروەر بوو
پێشەوا بوو، ڕابەر بوو
هەر کورد نەبوو بەشەر بوو
خەمی خەڵکی لە بەر بوو

بۆیە دێوی ئیستیعمار
کۆنە پەرستی زۆردار
زاڵم، خوێن ڕێژ، بەدکردار
بۆیان ئامادە کرد دار

ڕۆڵەی کوردی بلیمەت
نەترسا لە دار و پەت
پشتی نەکرد لە میللەت
وا دەبێ زیپک و هیمەت
ڕاوی    بەڵام کوردە نابەزێ
بەو زەبرانە ناتەزێ
لە ڕقان لێو دەگەزێ
کە سوار بوو دانابەزێ

داخدارە، خوێنی دیوە
بێدارە، خۆی ناسیوە
لە دوژمن ڕاپەریوە
باسکی لێ هەڵماڵیوە

بەکار و توند و تۆڵە
خۆی ساز دەکا بۆ تۆڵە

**[تابلۆی شەشەم]**

(ئاوازی کوڕ)
کوڕ    (لە سەر شاخێکی بەرزەوە، لە گەڵ گراوەکەی بە ئاواز دەدوێ)
شەنگەبیری، ساڵی ساڵان لە کوێستانی، لەناو مەڕی
بۆ مەڕدۆشین هەڵت دەکرد ئەو باسکی سپی مەڕمەڕی
لە بەر هاڕەی گۆبەرۆک و گوارە و کرمەک و ژێرچەنە
نێوەڕۆیە لە بەر بێری کۆڕی مەڕی ڕادەپەڕی

کە ئێواران کەزیت دەکردن سێ بەنگی و چاوت دەڕشت
بەو کەزی و چاوە نەرمانە بێ ڕەحمانە شوانت دەکوشت
شەنگەبیزا بە سروە با شوژدەی دەبردە بەر بەژنت
ئاخر تۆش هەوای کوێستانی ئەو کوردستانەت هەڵدەمشت

چێشتەنگاوان لە دەراوان کە خۆت لێ دەکرد پێ خاوس
بە لەنجەو لاری کیژانەت شەرمەزار دەبووە تاوس
ئاهەنگی ژین و شادی بوو بەیانی تێکەڵ دەبوو
شمشاڵی من، خرمەی بازن، گرم و هۆڕی مەشکەی گاوس

شەنگەلێری گراوی خۆم وێنوسی جەماڵ و جوانی؟!
ئێستاش پاڵێنی وەک جاران لە شوان و مێگەل دەڕوانی؟
وا من پێشمەرگەم دەجەنگم بۆ وڵاتی لە تۆ شیرینتر
نەم دەدا بە تەختی شایی دەنا بەردەبێری شوانی

ڕاستە تۆ جوانی، لەباری، نازداری، شۆخی، نەشمیلی
کوڵمەت گەشترن لە گوڵ و خاڵت ڕەشترن لە زیلی
جیابوونەوەت دەردە، بەڵام تۆش دەزانی تامی نیە
ژوان و شەوڕاو و دڵداری، ڕاز ونیازی بەدیلی

زۆری نەماوە بێتە بەر نەمامی هەوڵ و خەیاڵم
لە داگیرکەر پاک بێتەوە خاکی پیرۆزی وڵاتم
چەک دادەنێم، گۆچانەکەی جارانم هەڵدەگرمەوە
تۆ هەر بێری بە، من هەر شوان، فریشتەی تاسە وئاواتم

**[تابلۆی حەوتەم]**

(خەڵکی دێ هەر وەک تابلۆی دووهەم خەریکی کار و ئیشن. لە دورەوە دەنگی گۆرانی دێتە گوێ، وردە وردە نزیک دەبێتەوە، خەڵکی دێیەکەش هەڵدەستنە سەر پێ، بەرەو دەنگ دەچن و تێکەڵ دەنگەکە دەبن)

کوڕ	ڕێبوارێکم ئازا و بە زیپک و زاکۆن
دەبڕم چۆڵ و چیا و پێ دەشت و بێروون
بەر هەڵستم دەکەم هەپروون بە هەپروون

کۆ	دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی رزگار بوون

کوڕ	کەند و کۆسپ هەنگاوم پێ ناکا شل
بێتە سەر ڕێم هەزاران گابەردی زل
بە هێزی شان و باهۆ پێی دەدەم تل

کۆ	دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی رزگار بوون

کوڕ	پێم گرتەوە، دەرچووم لە دارە دارە
ڕێم گرتەوە رێگای (قازی) و (ئاوارە)
نامترسێنێ گوولە، پەتک، سێدارە

کۆ	دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی رزگار بوون

کوڕ	بەو خوێناوەی لەو ڕێبازە ڕژاوە
گوڵی ئاڵی سەربەستی کورد ڕژاوە
منیش بەدڵی پڕ لە هیوا و بڕواوە

کۆ	دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی رزگار بوون

کوڕ	ڕۆڵەی کوردم فێری هەوراز و لێژم
تا زۆر بڕۆم زیاتر ئارەق بڕێژم
کورت تر دەبێ ڕێگای دوور و درێژم

کۆ	دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی رزگار بوون

کوڕ	ناڕەومەوە لە داوەڵ و تارمایی
زۆرم دیوە بوولێڵ و تاریکایی
دێنم بەو شەوگارە ڕەشە دوایی

کۆ	دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی رزگار بوون

کوڕ	من پەروەردەی بن سێبەری ئەشکەوتم
گەلێک جاران لە چاڵاوی ڕەش کەوتم
هاتمە دەرێ، هەدام نەدا، نەسرەوتم

کۆ	دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی رزگار بوون

تەواو

*ئەم شانۆنامەیە لە ساڵی ١٩٨٣ بە بۆنەی دووی ڕێبەندان لە شاخەکانی کوردستان پێشکەش کراوە. بەداخەوە دەقی نووسراوەکە لە بەین چووە و لە ١٩٨٩/٠٤/٢٤ سەر لەنوێ نووسراوەتەوە. بۆ پێشکەشکردنی ئەم شانۆنامەیە لە سیستمی شانۆی چەوساوەکان و عونسورەکانی شانۆی کوردی سەما و هەڵپەرکێ، جولە، موسیقا و شیعر کەڵک وەرگیراوە.

١٩٨٩/٠٤/٢٤ کۆڵن- ئاڵمان

# شانۆنامەی دایکی نیشتمان پلانی سیاسی کورد

بوونی شانۆ لە هەر وڵات و لە ناو هەر نەتەوەیەکدا نیشانەیە بۆ بوونی شارستانیەت. ئەو کەسانەش کە بیر لە سازکردنی شانۆ لە ناو میللەت و وڵاتەکەیاندا دەکەنەوە مرۆڤگەلێکی خاوەن شارستانیەتن.
نەتەوەی کورد هەرچەند مێژووی ڕێ و شوێنی شانۆییەکەی، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێ و ڕەسمەکانی میترایسم و زەردەشتی و بوونی بینای شانۆ و هونەری شانۆی، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتوری ماد،بەو حاڵە لە پاش ڕوخانی شارستانێەتی ماد، لە شێوەی حکومەت و دەستەڵاتدا، شانۆش ڕوو لە نووشستی دەنێ و پارس دەستەڵاتی شانۆ و حکومەت دەگرێتە دەستی خۆی و چارەنووسی شانۆ بە بوون و نەبوونی کیانی کوردەوە گرێ دەدرێ.
شانۆ و ڕێ و شوێنی شانۆ لە سەرزەمینی مێزۆپۆتامیا ناوەندی ئایین و شارستانیەت،لە ژێر دەستەڵاتی سیاسی و فەرهەنگی و ئایینی جیاوازدا مێژووی تێپەراندوە، هەتا دەگاتە سەردەمی نوێ. لە ناو کورددا شانۆ و ڕێ و شوێنی شانۆ بەردەوام ماوەتەوە و لە فۆرم و شێوەی جیاوازدا گەیشتوەتە ئەمرۆ. دەستەڵاتی ناوچەیی و ئایینی جیاواز، شانۆ و ڕێ و شوێنی شانۆی هەمەرەنگ و هەمە چەشن کردوە. ئەم وەزعە درێژەی پەیدا کردوە هەتا شەڕی دووهەمی جیهانی.

لە مەهاباد دوای مانگی خەرمانان(شەهریوەر)ی ١٣٢٠(١٩٤١ زایینی) و پاش نەمانی دەستەڵاتداریەتی ڕژێمی ڕەزاشا، جوڵانەوەی ڕووناکبیری لە مەڵبەندی موکریان بە تایبەت لە مەهاباد پەرەدەستێنێ:

- پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ.ك لە ١٣٢١/٦/٢٥(١٩٤٢/٩/١٦)،
- پێکهاتنی ڕێکخراوی لاوانی کورد،
- بوونی کۆڕ وکۆمەڵی ئەدەبی ،
- دەرچوونی گۆواری «نیشتمان» لە مانگی مای ١٩٤٣،
- بەستنی کۆنگرەی «کۆمەڵەی ژ.ك» بە بەشداری ١٠٠ کەس لە شاری مەهاباد هەر لەساڵی ١٩٤٣.

هەمووی ئەوانە بە تێکرا سەردەمێکی نوێی ڕووناکبیری دەنوێنن. بیری پێشکەشکردنی شانۆ لەم سەردەمەدا دێتە گۆڕێ.

پاش ئەوەی شانۆنامەی دایکی نیشتمان لە لایەن دڵشاد ڕەسوڵی و عەبدولڕەحمان زەبیحی، ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک.ەوە دەدرێتە دەست ئەندامانی کۆمەڵەی لاوانی ژ.ک پێشەوا قازی محەمەد بەو لاوانە دەڵێ:" *ئەوە شتێکی تەبلیغیە بۆمیللەتی کورد، وەك ئەوە وایە ئەمن بچمە سەر سەحنەو قسە بۆ خەڵك بکەم. بەڵام نمایش دەتوانێ تەئسیری لە قسەکردنی کەسێکی وەك من زیاتر بێ، جابۆیە دەبێ نمایشەکە زۆر جوان لە بەر بکەن و تەمرینی لە سەر بکەن».*

شانۆی دایکی نیشتمان نیشاندەری دوکتورینی سیاسی و پلانی حکومەتی کۆمەڵەی ژ.ک و قازی محەمەد بووە،ئەوەش نە لە ساڵی ١٩٤٦ بەڵکو لە ساڵی ١٩٤٤. لە ڕێگای ئەم شانۆیەوە ویست و داخوازییەکانی سیاسی خەڵکی کورد و ڕابەرە سیاسیەکانیان ڕادەگەێندرەێ.

دایکی نیشتمان لە سمیای ژنێکی پرچ نەخشینی فریشتەئاسادا بە ئاوازێکی پڕ سۆز بە کەڵکورگرتن لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی، هاواری نیشتمانی کەلەبچەکراو بە گوێچکەی ڕۆلەکانیدا دەچریکێنێ و دەنگبێژانیش سرودگەلی «خوایە وەتەن ئاوا کەی»، «مەکتەب مەتلەعی سەعادەتە»، «ئەرێ هەی کوردستان، کوردستانی جوان»و«نیشتمان دینمی ئایینمی» ئەخوێنن.

دایکی نیشتمان داوای ئازادی و ڕزگاری دەکا، ڕۆلەکانی دایکی نیشتمان بە هاواری دایکی نیشتمانەوە دێن، دوژمن پیلان و نەخشەی سەرکوتکردن بەڕێوە دەبا، پێشمەرگە و یاریدەدەرانی، دایکی نیشتمان ڕزگار دەکەن، کورد بە ئاواتی خۆی دەگا و کۆماری کوردستان دادەمەزرێنێ، سەرۆک کۆماری ناو شانۆکە بۆ خەڵک دەدوێ.

پاش کۆتایی هاتنی شانۆکە، قازی محەمەد دێتە سەر سەکۆی شانۆ، غەنی بلوریان کە یەکێک لە بەڕیوەبەرانی شانۆکە بووە ئاوا دەگێرێتەوە: *« پاش تەواوبوونی شانۆکە قازی محەمەد دێتە سەر شانۆ و قسە دەکا، بە چاوی گریانەوە، خەڵك ئیحساسات دەیان گرێ و لە کاتی پێشکەشکردنی شانۆکەدا دەگرین، تەنانەت ڕووسەکانیش فرمێسك دەڕێژن!؟ قازی لە*

*سەر مێژووی خەباتی کورد دەدوێ، باسی ئیستعمار و دابەشکردنی کوردستان و سەرکوتکردنی میللەتی کورد لە لایەن دەوڵەتەکانەوە و هەروەها باسی شۆرشەکانی کوردستان دەهێنێتە گۆرێ.».*

ناوەرۆکی شانۆنامەکە دەرێداخات کە قازی محەمەد و عەبدولرحمان زەبیحی و مستەفا خۆشناو کە ناوەرۆکی شانۆنامەکەیان لە دەورەی ملکیەوە گۆریوە بۆ دەورەی کۆماری، ئاگاداری گۆرانکارییەکانی سیاسی سەردەم و مێژووی کورد بوون.

ئەوان لە پێنج پەردەی شانۆنامەکەدا *وەک فریشتە، پەیمانی سەعدئاباد، دایکی نیشتمان، رزگارکردنی دایکی نیشتمان وپەردەی دروستبوونی کۆماری کوردستان* هەم ویستی سیاسی و مێژوویی خەڵکی کورد باس دەکەن، هەم دوژمنانی خەڵکی کورد و دۆستانی دەست نیشان دەکەن و هەمیش روون و ئاشکرا رێگاچارەی سیاسی بۆ کوردستان دەخەنە بەر بیروڕای گشتی و خەڵکی کوردستان.

شانۆنامەی دایکی نیشتمان بەم ناوەرۆکەوە لە سەر مێشک و رۆح و دەروون و هەستی توێژ و چینە جیاوازەکانی خەڵکی کورد بە ژن و پیاوەوە تەئسیر دادەنێت تا ئەو رادەیەی کە ژنە مریدەکانی شێخانی کوردستان بە کۆمەڵ لە خانەقاوە بەرەو گاراجی عەبدول شوێنی پێشکەش کردنی شانۆکە چوون. ئەوەش لە دەورە و زەمانێک دایە کە شانۆگێر بە "لۆتی و شەکەرۆکە" لە مەڵبەندی موکریان ناودێر دەکریان. شەکەرۆکە مێرمنداڵانی عەجەم بوون کە لە گەڵ عاشقەکانی ئازەری دەهاتن و رەقسیان دەکرد، لۆتیش ئەو کەسانە بوون کە ورچ و میمونیان هەڵدەپەراند.

لە ماوەی ٤٠ رۆژ هەتا دوومانگدا،١٢٠ هەتا ١٦٠ جار شانۆنامەکە نیشان دراوە و نزیکەی ٨٠٠٠٠کەس بینەری ئەم شانۆنامەیە بوون، کە لە شارەکانی مەهاباد و شنۆ و نەغەدە پێشکەش کراوە. بەمەش خەڵک لە چەشنە ریفراندۆمێکی نەتەوەییدا بەشداریان کردووە و بەرزترین رێکۆردی بینەری شانۆیان وەدەست هێناوە کە تا ئێستاش پاش تێپەربوونی ٦١ ساڵ، لە کوردستان دوبارە نەبووتەوە و شانۆی کوردی لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەبێ خەون بە رۆژێکی ئاواوە ببێنێ.

پەیام و دوکترینی سیاسی دایکی نیشتمان ئەمرۆش تازەیە و ئەوەش سەروەریە بۆ ئەو کەسانە کە شانۆی دایکی نیشتمانیان لە هاوینی ساڵی ١٩٤٤ سازکردو دواتر لە ساڵی ١٩٤٦ کۆماری کوردستانیان دامەزراند،بەوەش بۆمان دەردەکەێت کە شانۆ یەکێک لە ئەرکانە گرینگەکانی کیانی نەتەوەییە کە لە گەڵ بوون و نەبوونی کیاندا هەیە و نیە.


دایکی نیشتمان و کۆماری کوردستان و میعمارەکەیان قازی محەمەد لە گەڵ یەک هاتن و لە گەڵ یەک ئاوا بوون، بەو هیوایە لە سەر عیمارتە رمێندراوەکانی هەگمەتانە و مەهاباد و سەکۆرمیاگەکانی شانۆی کەنگاوەر و سابڵاخ عیمارەتی نوێی کورد لە باشوری وڵات ئاوەدانتر بیت و سەکۆکانی شانۆ رازاوەترین و شانۆ لە کیانی نەتەوەیماندا جێگای شایستەی خۆی بگرێتەوە، کە نیشانەی شارستانییەتی ئێمەیە، هەر وەک چۆن لە ساڵی ١٩٤٤دا،واتە ساڵی پێشکەشکردنی شانۆی دایکی نیشتمان، وابووە و مێژووی خوڵقاندووە.

یادی دوو کۆماری دایکی نیشتمان و کۆماری کوردستان و گیانبەختکەرانی، لە سەدریاندا پێشەوا قازی شکۆدار بێت.

---

وتاری برایم فەڕشی لە فستیواڵی یادی قازی محەمەد لە ٢٠٠٥/٣/٣١ لە سلێمانی

# ٥٠ ساڵ نمایش و شانۆ لە بۆکان



بەهاری ساڵی ٢٧٠١ (٢٠٠١)

## دەستپێکی نمایش لە بۆکان

هۆی سەرەکی بۆ دەستپێکردنی کاری شانۆ لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بوونی ئیدارەکانی فێرکردن و بارهێنان، فەرهەنگ و هونەر، رادیۆو تەلەوزیۆن،ستانداری، فەرمانداری و شارداری بوە! لەو شارانەی کە تەنیا ئیدارەی ،، فێرکردن و بارهێنانی،، هەبووە. چەشنە نمایشاتێك پێك هاتووە بە ناوی ،، نمایشات ملی و میهنی،، کە لە ڕۆژانی ،، چواری ئابان،، ، ،، شەشی بەهمەن،، ، ،، ٢٨موورداد،، ، ،، ٢٣ ئەسفەند،، ، ،، ٢١ئازەر،، پێشکەش دەکران. بۆکانیش لە ناو ئەم شارانەدا بوو! هەرچەند قوتابخانە بە شێوەی نوێ لە بۆکان لە سەرەتای حکومەتی ڕەزاشادا دامەزراوە،بەڵام ئەم چەشنە نمایشاتە دەبێ لە ساڵانی ١٩٥١زایینی بەو لاوە دەستی پێکرابێ. چ کەسانێك دەستپێشخەر بوون تەواو روون نیە.
ئەو کەسانەی هەتا ساڵی١٩٧٢ناویان هاتووە ئەمانەن:
غەفور حاجی غەفوری،حوسێن مرادبەگی،محەمەد ئازەری،ئەبوبەکر غەفوری،حوسێن سەعیدی،عەلی جەلالی،حوسێن دهبەندی،عوسمان فەتحی،جەوادی جەواهیری(خەلکی سابلاخ)،ماجد حەمزە(خەلکی سەقز)،خالید رەزایی،محەمەد ئەمین شێرخانی،رەشید ئازادیخواە،حوسین مەلەك پوور،مەحموود وەیسی، محەمەد کەریمی،نادر قادری،جەعفەر مەردانبەگی، مەنسور فەروخی،عەزیز مەردانبەگی،جوجی ئێرانی،دولبەر فەتحی ،عەبدوڵا ئەمینی،فەتاح ئیسماعیل پوور،فەتاح سوورخی،حوسێن سەرکار،عوسمان ئیسماعیلی،مەنسور حەلەبی،ئەحمەد سامبەگی، حوسێن محەمەدیان،یۆسف وەتەن پەرەست،جەعفەر شەکەرانی،فایق ئادەمی(خەلکی سەقز)،مێحێدین کەریمی و کەسانی تر!
بەرنامەی ئەم جێژنانە بریتی بووە لە گۆرانی،شیعرخوێنددەوە،نمایشی کۆمێدی و ،،میللی ومیهەنی،، !ماقوڵەکانی شارو حکومەت بە کارتی دعوەت و کارتی هیمەتی عالی(بە پێی هیمەت پارەدان) بانگ دەکران و لە ریزی بەرەوە دادەنیشتن. کەسانی تر وەك خەلکی ئاسایی و قوتابیان گەرەك بوو ٥قران یا تمەنێك بابەتی بلیت بدەن! بەڕێوەبەرانی ئەم بەرنامانە کەسانێك بوون وەك فایق ئادەمی(مامۆستای دەبیرستان)، مەحمود حیسامی (بە ناوبانگ بە مەحمود قشقەرە،ماموستای دەبیرستان خەڵکی مەهاباد)،سیروس تەوفیق(دەبیری شیمی و رییسی دەبیرستان خەڵکی مەراغە) و ڕەشیدئازادیخواە(دەبیری ئەدەبیات و جێگری رییسی دەبیرستان،یەك لە بەرپرسانی حیزبی پان ئیرانیست و حیزبی رەستاخیز)کە نووسەری زۆربەی زۆری نمایشەکان بوو، وەك ،، خون و خاك،،(ئەمەیان لە ئارشیوی مندا هەیە)!
لە بۆکان تیپی شانۆ لە گۆرێدانەبووە، هەر ساڵ کەسانێك لە لایەن بەرپرسانەوە یا لە لایەن ،، حیزبی پان ئیرانیست،، و پاشان ،، حیزبی رەستاخیز،، ەوە هەڵدەبژێردران و یا خۆیان دەچوون داوای هاوکاریان دەکرد. ئەم کەسانە ئێواران دووای دەرسی رۆژانە لە یەکێك لە هۆدەکانی مەدرەسە تەمرینیان دەکرد. ناوەرۆکی ئەم نمایشاتە پێداهەڵگوتن بووە بە سەر فەرهەنگ و مێژوو و حکومەتی شاهەنشاهیدا.کورد لەم نمایشاتانەدا بە جل وبەرگی کوردی و خەنجەر لە بەر پشتین بە ناوی ،،غەیور،، و ،،مەرزداری،، بە ڕەگەز ئێرانی نیشان دەدرا کە بە زمانی فارسی هەستی ئێرانی بوون و شاپەرستی خۆی دەردەبڕی و لە لایەن بینەرانەوە بە چەپڵەرێزان پێشوازی دەکرا!!؟؟
زۆرجار تەرمی ئەم مەرزدارە غەیورانە لە بەرانبەر هێرشی دوژمندا کە ئەوانیش گەلێك جار هەر کورد بوون دەکەوتە سەر تەختەی شانۆ کە لێرەدا ماقوڵەکان دەستیان دەکرد بە چەپڵە لێدان !! هێندێك جار کاری بەپێز لە لایەن کەسانێکەوە

وەك خالید ڕەزایی،محەمەد ئەمین شێرخانی،غەفور حاجی غەفوری،حوسێن مرادبەگی و کەسانی ترەوە پێشکەش دەکرا کە دور لە نمایشاتی ،، میللی و میهەنی،، بوون وەك ،،ماشین مشتی مەم دەلی،، ، ،، ژیانی فیردەوسی توسی،، و یا دیکلەمەی شیعری ،، ئارەشی کەمانگیر،، سیاوەش کەسرایی. دەورگێرانی نمایشاتی کۆمێدی ئەم کەسانە بوون: حوسێن مەلەك پوور،عوسمان فەتحی، ماجد حەمزە، جەواد جەواهری، محەمەد کەریمی و کەسانی تر! بابەتەکان یان ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی دەگرتەوە یان گاڵتە بە خەڵك کردن کە نەوعێك گاڵتەجاری بوو ، جاروباریش لە چوارچێوەی هەواڵ بڵاوکردنەوەی تەلەوزیۆنی دا بوو، گۆرانی کوردی و فارسی پێشکەش دەکراو شیعری فارسی بۆ عەزەمەتی بنەماڵەی پەهلەوی دەخوێندرایەوە.

## تیپی شانۆی لاو (گروه تئاتر جوان بوکان)

سەرەتای مانگی ڕەزبەر ساڵی ١٩٧٣ لە ،، دەبیرستانی کورش کەبیر،، تیپی شانۆی لاو بە بەشداری ئەم کەسانە دامەزرا: سارا ڕۆستەمزادە،شەهین میری، جەعفەر مەردانبەگی،عەوڵا ئەمینی، نادر قادری، برایم فەرشی!

،، محەمەد ڕەزا ئەفزەل،، مامۆستای ،، وەزیفە،، خەڵکی تاران کە پێشتر کاری شانۆی کردبو وەك دەرهێنەر و بەڕێوەبەر، کاری لە گەڵ تیپەکە دەکرد. پرۆبەکردن لە یەکێك لە هۆدەکانی دەبیرستانی کورش کەبیر بوو، بەم چەشنە تیپی شانۆی لاو سەری هەڵدا و یەکەم شانۆی بە ناوی ،، حفره،، کوونە ئەشکەوت بۆ مانگی سەرماوەز ساڵی ١٩٧٤ئامادەی پێشکەشکردن کرد.

دیکۆر ئەشکەوتێك بوو، کە لە کاغەزی کۆنەی چیمەنتۆ(بەڕەنگ کردنی ڕەنگی ڕەش و قاوەی) و تەختە و دار بە ڕێنمونی و ڕەنجکێشانی کاك ئەفزەل پێك هات. پلاکات نووسراو بە شووشەی دووکاناندا هەڵواسرا، هەروەها قوتابخانەکانیش بەم پلاکات داپۆشران.

،، تیپی شانۆی لاو پێشکەش دەکا، شانۆی کوونە ئەشکەوت، نووسەر ناسر ئێرانی، دەرهێنەر محەمەد ڕەزا ئەفزەل، دەورگێرەکان: عەبدوڵا ئەمینی(پیرە پیاو)، جەعفەر مەردانبەگی( مورتەزا)، نادر قادری (حەسەن)، برایم فەرشی (کازم).

گریم و دیکۆر(ئەفزەل)، شوێنی پیشکەشکردن(کتێبخانەی شار/پارکی منداڵان روبەروی قوتابخانەی شاپوور)، ڕۆژی پێشکەشکردن (٢٥و٢٦ /١٣٥٣/٠٩ سەعات ٧ی پاش نیوەڕۆ)، هاتنە ژوور بە خۆرایی!

شەوی یەکەم تەنیا سی کەس بینەری یەکەم شانۆ لە بۆکان بوون. شەوی دووهەم ٧٠٠کەس ڕژانە هۆڵەکەوە! پیرو لاووکچ و کوڕ داراو نەدار، ماموستا و قوتابی لە تەنیشت یەك دانیشتبوون، و یا بەپێوە ڕاوەستابوون.بۆ یەکەم جار لەم شارەدا دوو کچ بەڕێوەبەری بەرنامە بوون.سارا ڕۆستەمزادە بەخێر هاتنی بینەران دەکا و شەهین میری شیعر دەخوێنێتەوە!(بە هەڵکەوت پێشکەشکردنی ئەم شانۆیە هاوکات بوو لە گەڵ پەرەگرتنی جوڵانەوەی باشوری کوردستان کە بنکەیان لە ئێرانیش هەبوو). مورتەزا و کازم و حەسەن سێ سەرباز بوون کە لە بەرەی شەڕ ڕایان کردبوو و لە شوێنێك دەگەڕان خۆیان حەشار دەن. ئەم شوێنە کە هاتونە ناوی، جێگای پیرە پیاویکە! چیرۆکی ژیانی ئەم پیرە لە تەك ئەم سەربازانە تێمی شانۆکەیە. لەم ڕێگایەوە شەڕ و نیشتمان خۆشەویستی دەکەوێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە! شانۆ لە بۆکان و ناوچە دەنگی دایەوە، رادیۆ و تەلەوزیۆنی مەهاباد بە هەڵەداوان خۆیان گەیاندە بۆکان، لە گەڵ تیپەکە دانیشتن و وتوویژ کرا، ئەم گفتوگۆیە بە دووزمانی کوردی و فارسی لە رادیۆ بڵاوکرایەوە! ئەوەی لێرە جێگەی باسە دەربرینی بیرو ڕای ئەم دووکچە قوتابیە بوو،کە دژی بەرگریکردنی دایك و باوکەکان لە کاری هونەری کچان قسەیان کرد. پاشان ڕۆژنامەی ،،اطلاعات،، وتوویژێکی لە گەڵ تیپەکە سازکرد.

دووای ئەم شانۆیە لە تیپەکە تەنیا عەوڵای ئەمینی و برایم فەرشی مانەوە! کچەکان پاش شانۆ و وتوویژ لە رادیۆ و ڕۆژنامەکاندا نە کە زۆر دەنگی دایەوە، ئیزنی کاری شانۆکە پێشتریش نەیان بوو لێیان وەرگیرایەوە!

## شانۆی ئازاد

جەعفەر مەردانبەگی و نادر قادری، محەمەد کەریمی و مەحمود وەیسی تیپی شانۆی ئازادیان پێك هێنا، کە هەم ئیشی میللی و میهەنیان دەکرد و هەم شانۆ،بۆوێنە ،، دیکتەوزاویە،، نووسینی غوڵام حوسێن ساعدی کە لە فستیوالی شانۆ لە مەهاباد پێشکەش کرا.

## دیسان تیپی شانۆی لاو

تیپی لاو لە گەڵ کەسانی تر قەرەبوکرایەوە و لە کێبەرکێی ستانی لە ورمێ باشترین پلەی هێنایەوە و چەند کەس لە ئەندامان بۆ ماوەی حەوتویك ڕەوانەی رامسەر لە قەراخ بەحری خەزەر کران!



## کەلاسی شانۆ

ساڵی دووایە لە لایەن ئیدارەی فێرکردن و بارهێنانەوە لە قوتابخانەی شاپوور،هۆدەێکیان نایە ئیختیاری تیپەکەوە. لە هەوەڵی پۆشپەری ٥٤(١٩٧٥)کەلاس بەبەشداری ٢٥کەس درێژەی بە کاری خوی دا. عومەری حەمیدی ئیدارەی کەلاسەکەی دەکرد! عومەر حەمیدی ماموستای خویدگەکان بوو، هەروەها دەستی لە ئەدەبیات و شیعردا هەبوو. ئەم ٢٥کەسە،گشتیان بۆ شانۆ نەهاتبوون چەند خانمی تازە ماموستا لەم کەلاسەدا بوون کە قەت توخوون شانۆ نەکەوتن، چەند کەسی سەقزیش خەتی سیاسی و دۆستایەتی لە تەك عومەر حەمیدی ئەوانی کێشابووە ناو ئەم کەلاسەوە!

**باڵتە**

شانۆنامەی باڵتەی گۆگۆل تەمرین کراو لە مانگی خەرمانان بۆ ماوەی دووشەو لە هۆڵی کتێبخانەی شار پێشکەش کرا کە لە گەڵ پێشوازی زۆری خەڵك رووبەرو بوو. دەرهێنەر عومەری حەمیدی و شانۆگێرەکان بریتی بوون لە:
عەوڵای ئەمینی(ئەلەکسی پترۆویچ)، برایم فەرشی (ئاکاکی ئاکاکی ویچ)،عەلی عوسمانی(رەییسی ئیدارە)،عومەر حەمیدی، کەماڵ عەبباسی، کەماڵ بەهرامونەد(موچەخۆر)، سەلاح رۆستەمی(خزمەتچی)،برایم عەبدولاهی(کوری خەیات).
ناوەرۆکی شانۆ لە سەر ژیانی نالەباری مووچەخۆرو خەیات بوو،ئەم شانۆیە سرنجی زۆرکەسی بۆلای خۆی ڕاکێشاو ڕەنگێکی رامیاری دایە تیپەکە. زۆرترین بینەری ئەم شانۆیە جگە لە خوێندکاران، خەیات و مووچەخۆرەکانی دەوڵەت بوون. زۆر لە خەیاتەکان کە دوو گۆزەری بازاری بۆکانیان گرتبوو،داوای پێکهاتنی تیپی شانۆی خەیاتەکانیان دەکرد! (خەیاتەکان ئەو کات تیپی یاری تۆپیان هەبوو).
دووا بەدووای پێشکەشکردنی ئەم شانۆیە ناوبانگی تیپەکە گەیشتە زانستگاکانی تەورێز،ورمێ و شارەکانی تری کوردستان،بۆ وێنە هونەرمەندێکی مەهابادی بێ ئەوەی داوای لێکرابێ هات و ئەرکی گریم لە شانۆی باڵتەی گرتە ئەستۆی خۆی!

**کوری خاك**

پاش شانۆنامەی باڵتە،شانۆنامەی کوری خاك نووسراو تەمرین دەستی پێکرا! چیرۆکی ئەم شانۆنامەیە بەسەرهاتی گوندێکی لۆرستانە کە مەبەست هەمان کوردستان بوو.گوند لە بێ بارانیدا دەسووتێ،مەلای دێ کە لە سایە سەری رژێمی شاوە، ماڵی لە شار بوو و منداڵی لەوێ دەچوونە مەدرەسە خەڵك هان دەدا کە گوند بەرەوە شار بە جێ هێڵن. هێندێك بە لایەنگری لە مەلا و بۆکەڵك وەرگرتن لە نیعمەتی شار وەك بەرق وئاو ومەدرەسەو نەخۆشخانە و ئیمکانی کارکردن حەزیان لە جێ هێشتنی گوندەکەیە! کەسانێکی تر سەریان لێشێواوە،لەم ناوەدا ماڵی ئەحمەد بە چەند منداڵەوە بریاری مانەوە دەدەن! شانۆ بە بووکە بارانەی منداڵان دەست پێدەکا!
ئەم شانۆیە لە سینەما پێشکەشکرا،هەر جار ١٥٠٠کەس بینەری بوون،ئەم جارە جگە لە کرێکارو جوتیارو بازاری وماموستاو قوتابی و گوندی و شاری، ماقوڵەکانیش هاتبوون. شانۆ بە زمانی فارسی بوو،بەڵام رۆح و ئاکار وباس و رووداوەکان، جل وبەرگ،شوێنی رووداوەکە هەمووی پێوەندی بە کوردو کوردستانەوە بوو. شوێنی تەمرین کردن لە فێرگەی ،،نوبنیاد،، لە گەرەکی بازاری حەیوان بوو!
کوری خاك لە مانگی خەزەڵوەر ١٣٥٤(١٩٧٥) پێشکەشکرا.نووسەر و دەرهێنەر عومەری حەمیدی بوو. ئەم شانۆیە لە شارەکانی بۆکان و مەهاباد پێشکەش کراو پێشوازی فرەی لێکرا، لە بۆکان لە هۆڵی سینەما سەعدی ٣٠٠٠کەس دیتنیان کرد،لە مەهاباد لە ماڵی لاوان(خانە جوانان) لە شەوێکدا ٣٠٠کەس بینیان!
کاری دیکۆر و گریم و لیباس لە لایەن تیپەکەوە بە گشتی ئەنجام درا. دیکۆر گوندێکی نیشان دەدا،جل و بەرگ کوردی بوو.
کەسەکان: دەستەی یەکەمی منداڵەکان ،، ڕەزا شەمامی، ڕەزا ئیسافی، عەلی ئازەرگوشەسپ.،، دەستەی دوو: عەلی و ڕەحمان ئازەرگوشەسپ.
(شێت)فەتاح ئیسماعیل پوور،(عەلی)عومەر حەمیدی،(ئەحمەد) برایم فەرشی،(عەزیز) کەماڵ عەبباسی،(ئاخوند) جەعفەر رۆستەمی، (رەحیم) کەماڵ بەهرام وەند.
کوری خاك لە فستیواڵی شانۆ لە شاری مەهاباد لە نێوان ئەم تیپانە دا: تیپی شانۆی فەرهەنگ وهونەری مەهاباد، تیپی رادیۆتەلەوزیۆنی مەهاباد،تیپی شانۆی ئازاد بۆکان، تیپی هەڵپەرکێی شاری مەریوان باشترین پلەی وەدەست هێنا.
ماوەیکی کورت پاش پێشکەشکردنی ئەم شانۆنامەیە زۆر کەس لە ناوچەی بۆکان ر سەقز گیران. لەوانە عومەر حەمیدی . ترس کەوتە دڵی زۆر کەس وهەروەها ناو تیپەکە. هێندێك کشانەوە،کەسانێك کوردستانیان بەجێ هێشت، ئەم جار کەس خۆی نەدەکردە خاوەنی تیپەکە!

## شانۆی لاو و شانۆی مێرمنداڵ

چەند مانگ دووای ئەو کارەساتە کەلاسی شانۆ دایر کرایەوە،ئەمجار داواکار هێندە زۆر بوون، بەناچار دوو کەلاس کرایەوە، یەك بەسەرپەرستی عاوڵا ئەمینی و ئەوی تر برایم فەڕشی.هەروەها تیپی شانۆی نەوجەوان کە منداڵی ژێر ١٥ ساڵ بوون دامەزرا. لەم ساڵەدا پێوەندی زۆرتر لە نێوان تیپەکانی بۆکان و کرماشان ومەهاباد پتەوتر کرا. بە تایبەت پێوەندی شانۆی لاو لە تەك نوسرەت سەیافی و ئاتەش تەقی پوور بەهێزکرا. هەر بۆیە شانۆی ،، دوری غەریب،، نووسینی نوسرەت سەیافی هەڵبژێردرا بۆپێشکەشکردن. پاش ئامادەبوون ڕەسوڵ پەناهی(بەرپرسی ئیدارەی فێرکردن وبارهێنان)داوای ئیزن وەرگرتنی فەرهەنگ و هونەری مەهاباد دەکا.ئەم ئیدارەیە نار استەوخۆ ئیزنی ساواکی دەدا.

**منداڵەکان و سەگگەل**

دوری غەریب ئیزن درا ، بەڵام منداڵەکان وسەگەکان ئیزن نەدرا و دەستی بەسەردا گیرا. هۆیەکەش ئەوە بوو کە مناڵ لە کەلەوایەکدا کە پاڵی بە عیمارەتی ماڵە دەوڵەمەندێکەوە دابوو کایە دەکەن! ئەم کەلەوایە جێگە مۆڵی سەگە بەرەڵا بوو! مناڵ لەم شوێنە پاشاو وەزیرێن دەکەن و سەگگەل تاجی شایی و تاجی وەزیریان دەکرێتە سەر. لە ڕوانگەی بەرپرسی فەرهەنگ و هونەری مەهابادەوە، ئەمە بێ حورمەتی بوو بە بنەماڵەی پەهلەوی.

یەك لە ئەندامانی تیپی شانۆی نەوجەوان لە نامەیکدا ئاوا دەنووسێ:

،، تیپی شانۆی نەوجوان پاش ٩ مانگ تەمرین، ئاگاداری قەدەغەکردنی شانۆنامەکە کران، شتێك کە چاوەڕوان دەکرا. لە بەر ئەمە هەمووجارێك لە کاتی تەمریندا بینەر بانگ دەکران بۆ دیتنی شانۆنامەکە. بەم شێوە ٣٠٠ کەس چاویان بە شانۆکە کەوت. ئەم شانۆیە بە هۆی دارشتن و شێوەی گووتن تەئسیری زۆری دانا. شانۆکە زۆر بێ پەردە باسی کۆمەڵگای ژێردەستەڵاتی پەهلەوی دەکرد، هەمووشت لە قەوارەی گچکەتردا جوانتر دەنوێنێ ئەم شانۆیەش، چکۆلەکراوەی کۆمەڵگاکە بوو، کە لە ژیانی رۆژانەماندا زۆر نزیك بوو. هۆگری ئێمە بەم شانۆیە بە چەشنێك بوو کە دووای قەدەغەکردنی لە لایەن حکومەتەوە هێندێك لە ئێمە فرمێسك رژانە چاوانمان. ئەم شانۆیە پەنجەرەیك بوو بۆ ئێمە کە لە زوڵم و زۆر و ترسی حکومەت، ئەویش لە ئێمەی بۆ روون کردینەوە. بەشدارانی ئەم شانۆیە ئەم کەسانە بوون : محەمەد ئیفتخاری، عەلی مەحموودی، عەلی ئازەرگوشەسپ، ڕەحمان ئازەرگوشەسپ، سەلام مەجیدپوور، سولەیمان فەڕشی، سولەیمان فەرامەرزی، غوڵامرەزا موقەدەم(خەڵکی شمالی ئێران)، سەلاح رۆستەمی، نادرکەرێزە، ڕەزاشەمامی.

هاوکاران: سمایل فەرامەرزی، موجتەبا ئازارشی. ،،

**دوری غەریب**

دوری غەریب بەسەرهاتی گوندێکی کرماشان دەگێرێتەوە .ئەم شانویە بە قوڵایی فەرهەنگ و فولکلۆروگیروگرفتەکانی ناوچەکانی کوردستاندا دەچێتە خۆار، زاراوەی شانۆ فارسی کرماشانە بوو کە فرە تەئسیری لە سەر خەڵك دانا.

**فستیوالی شانۆی شارستانەکان**

بەشداری ئەندامانی تیپی شانۆی لاو لە ،، جشنوارە تئاتر شهرستانها،، لە تاران، دەرفەتێکی ڕەخساند کە لە گەڵ زۆر لە تیپەکانی شانۆی شارەکانی تری ئێران ئاشنا ببن. هەرچەند تیپی لاو ئیزن نەدرا وەك تیپ بەشدار بێ و شانۆ پێشکەش بکا بەڵام تێکەڵ تەك تیپەکانی کرماشان و مەهاباد و ورمێ لە ژێر سەرپەرەستی نووسرەت سەیافی و ئاتەش تەقی پوور و غوڵامرەزا عەزیزی(کە ئەویش هەر کرماشانی بوو بەڵام بەرپرس و دەرهێنەری تیپی شانۆی فەرهەنگ و هونەری ورمێ بوو) بەشدار بوو. ئەم پێوەندیە بۆکانی خستە رێزی ئەو شارانەوە کە شانۆیان باسی لێوە دەکرا، هەروەها لەو ساڵەدا بۆ یەکەمجار تیپەکانی شانۆی شارەکانی تری ئێران هاتنە بۆکان بۆ پێشکەشکردنی شانۆ، ئەم هەنگاوە بوو بە هۆی تێکەڵاوی زۆرتر نێوان شانۆی بۆکان و شارەکانی تری ئێران.

**دەورەێکی نوێ**

بەهاری ساڵی ١٣٥٥(١٩٧٦)زۆر لە ئەندامانی تیپەکە بە هۆی وەرگرتنی دیپملۆم، وەشوێن کارکەوتن و یان بۆسەربازی وازیان لە کاری شانۆ هێنا.نووسەری ئەم دێرانە هەر لەو دەبیرستانە کە دەرسی دەخوێند دامەزرا و کاری شانۆ بەردەوام مایەوە! لەم ساڵەوە جگە لە کاری شانۆ دەست کرا بە کۆکردنەوەی کەلەپوری کوردی. کەسانێك لە ئەندامانی تیپەکە هان دران بۆ کۆکردنەوەی بەیت و حەیران و فولکلۆری کوردی و هەروەها موتاڵاکردن لە سەر فەرهەنگ وزمانی کوردی.!

**سەگێك لە جێ خەرماندا**

شانۆنامەی ،،سەگێك لە جێ خەرماندا،، لە نووسەری بە ناوبانگی ئێران،کوردی کرماشان نوسرەت وڵا نەویدی بۆپێشکەشکردن هەڵبژێردرا، چیرۆکی ئە، شانۆیە بەسەرهاتی خەڵکی دێهاتە کە داهات و حاسڵاتیان لە لایەن حاجی سەلەم خۆر ر شێخ وەمەلا و سواڵکەر و دەرویش و دەوڵەتەوە بەتاڵان دەچێ.

وه‌ختی خه‌رمانه و هه‌مو ئه‌وانه ده‌رژێنه سه‌ر خه‌رمان و ژنی جووتیار وه‌ك سه‌گێك نیشان ده‌درێ كه ناهێڵێ دانی زستانی منداڵه‌كانی برفێندرێ! شایسته مه‌عروفی له سه‌ر شانۆ كارێكی كه‌م وێنه‌ی نیشان دا كه بوو به هۆی سرنجی خه‌ڵكی شاره‌كه، سوره‌یا به‌هنام و حه‌سه‌ن قودره‌تی وه‌ك دوومنداڵ، مه‌نسور مه‌رزه‌نگی وه‌ك مێردی ژنه‌كه، ئه‌بووبه‌كه‌ری عه‌بدوڵا پوور وه‌ك (مورشد)، هاشم ڕه‌سوڵزاده وه‌ك (مه‌لا)، سوله‌یمان فه‌ڕشی وه‌ك (دوكانداری شار)، محه‌مه‌د معمارزاده وه‌ك(حاجی سه‌ڵه‌م خۆر)، هومایون مه‌نسوری وه‌ك (مه‌ئموری ده‌وڵه‌ت) ده‌وریان گێرا. ده‌رهێنه‌ر برایم فه‌ڕشی بوو.

**مامه‌ی زدجیر هۆنه‌ره‌وه**

دوو مانگ پاشان شانۆی ،، مامه‌ی زدجیر هۆنه‌ره‌وه،، پێشكه‌شكرا! ساڵی ١٩٧٧ پاش ساڵی ٧٥ كه دوو شانۆی ،، باڵته،، و،، پسر خاك،، پێشكه‌شكرا ئه‌وه جاری دووهه‌م بوو كه له ساڵێكدا دوو شانۆ پێشكه‌ش بكرێ. ،، عمو زنجیرباف،، چیرۆكی كۆمه‌ڵگایكی پڕ له شێت و دێوانه‌یه، شێتخانه پڕه له دوكتور و موهه‌ندیس و نووسه‌ر و مرۆضی لێزان. ئه‌م كه‌سانه به‌شدار بوون: قادر فه‌تحی (رووخۆش)، برایم فه‌ڕشی(نووسه‌ر)،محه‌مه‌د فاروقی(كاشف)،عوسمان قادریان(بێ خه‌به‌ر)، هومایون مه‌نسورپوور(عاشق)،هاشم ڕه‌سوڵزاده(پرۆفسۆر)،سمایل یۆسفی(سه‌رگه‌ردان)، محه‌مه‌د معمارزاده(زه‌نجیری)، عه‌بدوڵا پوور(ده‌غه‌ڵ)، مه‌نسور مه‌رزه‌نگی (حه‌كایه‌تخوان). ده‌رهێنه‌ر برایم فه‌ڕشی.
ئه‌م شانۆیه دووا به‌رهه‌می تیپی شانۆی لاو بوو كه به زمانی فارسی پێشكه‌شكرا.
له ساڵی ٥٥(١٩٧٦) نمایشاتی میللی ومیهه‌نی بۆ هه‌میشه دووایی پێهات. تیپی شانۆی ئازادیش هه‌ر له‌م ساڵه‌دا به داخه‌وه له به‌ر یه‌ك هه‌ڵوه‌شایه‌وه. له‌و ساڵه به دوواوه هه‌ر كه‌س له بۆكان كاری شانۆی كردبێت ئه‌وه ئه‌ندامی تیپی شانۆی لاو بووه. شانۆی عمو زنجیرباف دووا به‌رهه‌می تیپی شانۆی لاو بوو له ڕژێمی شاهه‌نشاهیدا!

**ژیانی نوێ**

ژیانی نوێی تیپه‌كه له هاوینی ٥٧(١٩٧٨) ده‌ستی پێكرد. له‌و ساڵه‌دا جوڵانه‌وه‌ی خه‌ڵكی ئێران دژی ڕژێمی په‌هله‌وی په‌ره‌ده‌ستێنێ.له‌كه‌لاسه‌كانی تیپی شانۆی لاودا باسی زۆر بابه‌تی فه‌رهه‌نگی،كۆمه‌ڵایه‌تی و هونه‌ری و فه‌لسه‌فی ده‌كرا. هه‌ر ئه‌ندامێكی نۆێ جگه له موتاڵاكردن له سه‌ر هونه‌ر ده‌بوو ڕێ و شوێنی شانۆیی فێربێ. له‌م كه‌لاسانه‌دا ده‌رسی به‌شه جوربه‌جوره‌كانی شانۆ، تیئۆری و پراكتیك ده‌گوتراوه. ده‌نگ، نه‌فس، میمیك، كاری له‌ش، ڕۆڵ تاقیكردنه‌وه و زۆرشتی تر. هه‌ر شانۆگێریك به به‌شداری كردن له‌م كه‌لاسانه‌دا له ڕاستیدا ده‌وره‌ێكی شانۆیی ده‌بینی!

**شانۆی لاو له ناو خه‌ڵكدا**

ئێواره درانگانێگ كه له یه‌كێك له‌م كه‌لاسانه له‌سه‌ره‌تای هاوینی ١٣٥٧ ده‌ركه‌وتین، ده‌نگه ده‌نگێك گه‌یشته گوێمان. ئێمه له فێرگه‌ی ڕاهنمایی له شه‌قامی ،، اموزش وپرورش،، بووین. به‌ره و ده‌نگه ده‌نگ كه له لای شارداری یه‌وه ده‌هات ڕێ كه‌وتین. له به‌ر ده‌ركی شارداری خه‌ڵكێكی ٤٠،٥٠ كه‌سی كۆببوونه‌وه و داوای ئاو وكاره‌بایان ده‌كرد و گه‌رمكیان بوو له گه‌ڵ شاردار قسه بكه‌ن. به‌ڵام ئه‌و ئێواره‌یه كه‌س له شارداری نه‌بوو. له شاره‌بانیه‌وه كه رووبه‌رووی شارداری بوو، ووتیان هه‌موو به‌رپرسانی شار له ماڵی محه‌مه‌دی نوری نوێنه‌ری پارله‌مانن. تیپه‌كه كه زیاتر له ٢٠ كه‌س ده‌بوون له گه‌ڵ خه‌ڵكه‌كه ڕێ كه‌وتن، ماڵی كاكی نوێنه‌ر له به‌ر رۆشنایی چرا وه‌ك رۆژ رووناك بوو. پۆلیس ده‌وری ماڵه‌كه‌یان دابوو. خه‌ڵكه‌كه داواكانی خۆیان ده‌ربڕی. به‌ڵام نه ته‌نیا ئاغای شاردار و كاكی نوێنه‌ر نه‌هاتنه ده‌ر به‌ڵكوو كه‌س وكاری كاكی نوێنه‌ر و پۆلیس خۆیان له به‌رانبه‌ر خه‌ڵكدا ڕاگرت. ده‌نگ و هه‌را خه‌ڵكی زۆرتری كۆ كردوه، ژاندرمه‌كان كه تازه خۆیان گه‌یاندبووه شوێنه كه حه‌ولی بڵاوه پێكردنی جه‌ماوه‌ریان ده‌دا. به‌ڵام خه‌ڵكه‌كه داوای وه‌ڵامیان ده‌كرد.سه‌ر ئه‌نجام به فه‌رمانی ریسی ژاندارمه‌كان ته‌قه كرا، شه‌ودرانگان ته‌قه‌ی پۆلیس و ژاندارم بڵاوه‌ی به خه‌ڵكه كه‌كرد. رۆژی دووایه زۆر له باوكانی ئه‌ندامانی تیپی شانۆی لاو به عینوانی ،،محرك،، بانگ كرانه شارداری. پێیان ڕاگه‌یاندن پێشی منداڵه‌كانیان بگرن تا وه‌شوێن ئاژاوه‌چی بێگانه نه‌كه‌ون. چه‌ند رۆژ دووای ئه‌و شه‌وه به هۆێكی ترەوە خۆپێشاندانێكی گه‌وره له شار سازكرا.

**ئه نجومه نی عیلمی و ئه ده بی**

پاییزی ٥٧ تیپی شانۆی لاو له گه ڵ ماموستایان و خوێندكاران
ئه نجومه نی عیلمی وئه ده بیان “ دامه زر اند. رۆژانی پێنج شه ممه و هه ینی كۆبوونه وه ده كرا . پێنج شه ممه تایبه تی خوێندكاران و رۆژی هه ینی هه موو كه س به شداریان ده كرد. زۆربه ی بابه ته كانی كه پێشكه‌ش ده‌كران، شێعر، چیرۆك،نووسراوه، شانۆ،گۆرانی و بابه‌تی تر هه‌مووی باری سیاسی وكۆمه‌ڵایه‌تیان هه‌بوو دژی ڕژێمی په‌هله‌وی! ئه‌م ئه‌نجومه‌نه هه‌تا رووخانی ڕژێمی شا ده‌وامی هێنا و دووایه له به‌ر یه‌ك بڵاو بوو.

**شانۆنامه‌ی بێده‌نگ**

لە ماتگی ڕەشەمەی ساڵی ٥٧شانۆی لاو، شانۆنامەێکی بێ دەنگی لە نووسین و دەرهێنانی عەبدوڵا ئەمینی پێشکەشکرد.لەم شانۆیەدا ئەم بیرە سیاسییە خۆی دەنوواند: " عەموو سام لە سەرەوە، دەوڵەتی بازرگان لە بنەوە و سێبەری خۆمەینی لە پشت عەمووسامەوە" بەم جۆرە خەتێکی سیاسی زەق کەوتە ناو تیپەکە. سەرەڕای ئەمە تیپەکە بە گشتی تەقەلای کاری شانۆیی دەدا، هەرچەند خەتی جیاوازی سیاسی ڕەنگاوڕەنگ لە ناو تیپەکەدا هەبوو!

**مانگرتن یەکەم شانۆ بە زمانی کوردی**

ساڵی ٥٨(هاوینی١٩٧٩) یەکەم شانۆی کوردی مانگرتن نووسینی عەبدومرەحمان زەنگەنە ( بە پێی وتەی کاك ئەنوەر ڕەشید لە ئاڵمان نووسەری شانۆنامەی مانگرتن نووسەرێکی عارەبە بەناوی جەعفەر عەلییە وەرگێر فازل جاف و ڕەحمان زەنگەنە بوون) ئامادەی پێشکەشکردن کرا!. مانگرتن بەسەرهاتی کرێکارانی نەوتی شاری کەرکوك دەگێرێتەوە. ئەم شانۆنامەیە بۆماوەی چەند شەو لە شارەکانی سنە، سەقز،بۆکان،مەهاباد،پیرانشار(خانێ) پێشکەشکرا.پێشکەشکردنی مانگرتن لە شاری سنە هاوکات بوو لە گەڵ هاتنی ئەرتەش لە ڕۆژی ١٣٥٨/٠٥/٢٧ کە ڕۆژی دوایە جیهاد دژی خەڵکی کورد لە لایەن خومەینیەوە ڕاگەێندرا. بەم جۆرە پێشی کاری شانۆش گیرا.
دەرهێنەری شانۆی مانگرتن برایم فەرشی بوو، دەورگێرەکان بریتی بوون لە: محەمەد معمارزادە، مەنسور مەرزەنگی، عەلی مەحموودی، قادر سەرشین، جەعفەر مەولودپوور، رەحیم بەهرامزادە، سمایل یۆسفی، سالح سالحی، ئەبو عەبدوڵاپوور، ئەسعەد حوسێنی، محەمەد فاروقی، خالید حەیدەری، جەعفەر بابامیری، سولەیمان فەرشی و کەسانێك لە شانۆگێرانی شارەکانی تری کوردستان. شانوی مانگرتن پاش دایکی نیشتمان لە ساڵی ١٣٢٣(١٩٤٤) لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دووهەم شانۆ بووکە بە زمانی کوردی پێشکەش کرا. هەروەها یەکەم شانۆی کوردی بوو کە لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتە سەر سەکۆی شانۆ.پێشوازی لەم شانۆیە لە هەموو شارەکان وێنەێکی گشتی خۆاست و ویستی خەڵکی دەردەخست بە رانبەر بە کولتورو زمانی خۆیان.لە شاری سەقز کاتێك داوای لێبوردنمان لە بینەران دەکرد لە مەر کەم وکورتی شانۆکە ، کابرایێکی تەمەن ساڵ هەستایە سەرپێ و چاو پڕ لە فرمێسك وتی: " نا ڕۆلەکانم ئێوە نابێ داوای لێبووردن بکەن، ئێمە بە دڵ سپاسی ئێوە دەکەین، ئێوە هەستێکتان لە ئێمەدا زیندووکردەوە کە زۆر ساڵە پێشێل کراوە. ئەمن زیاتر لە سی ساڵە ماموستای فێرگەکانم،لە خۆشم شەرم دەکەم کە ناتوانم بە کوردی بنووسم و بخوێنمەوە!" ئەم هەستە لە هەموو شارەکان بەرچاو بوو. لەو شارانە زیاتر لە دەهەزار کەس بینەری مانگرتن بوون.

**خودموختاری یانی چی؟ دووا بەرهەم**

دووا بەرهەمی شانۆی لاو شانۆنامەیك بوو بە ناوی " خودموختاری یانی چی؟ نووسەر و دەرهێنەر برایم فەرشی بوو کە لە زستانی ١٩٨٠ لە شارەکانی سنە، سەقز،بۆکان، مەهاباد و پیرانشار پێشکەش کرا. خودموختاری یانی چی لە سەر ڕێ و شوێنی بەیتی کوردی نووسرابوو و فورم و دارشتن و شێوەی ئاخافتن و پێشکەشکردن بە لە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندیەکانی بەیت بوو، ڕاوی لە گەڵ بینەران دەکەوێتە گفت و گۆ، ئەم شانۆنامەیە، کوردێك دەنوێنێ کە لەو هەموو خودموختاریە ڕەنگاوڕەنگەی گروپەکانی سیاسی سەرەگێژەی گرتووە! ئەم شانۆیە بە گرمی لە لایەن خەڵکەوە وەرگیرا و دەکرێ خۆدموختاری یانی چی بە یەکەم تێکستی شانۆیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەی نوێ و لە سەر پایەی درامای کۆنی کوردی چاولێکرێ. هەموو بەشەکانی شانۆ وەك موسیقا،جلوبەرگ کوردی بوون و شێوەی کایە و جولەی شانۆگێرەکانیش بە پێی لە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندیەکانی ژیانی کوردەواری بوو. خودموختاری یانی چی سەرەتای تاقیکردنەوەیکی نوێی شانۆی کوردی بوو لە ڕۆژهەڵاتی وڵات کە دامرکایەوە.

## شەڕ و شانۆ

دووا بە دوای پێشکەشکردنی ئەم شانۆیە کوردستان لە شەڕ گلاو هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ جێ بە جێکردنی فەرمانی جیهادی خومەینی رژانە کوردستان جگە لە وێرانکردنی وڵات، فەرهەنگ وهونەر و پێناسەی کوردیان بە ناو خوا و ئیسلام نایە ژێر پێ. دووبەرەکی و چەند بەرەکی کەوتە ناوهێزەکانی کورد و ئێرانی بەرهەڵستکار! جیاوازی سیاسی، ئیدئۆلۆژیك ورێکخراوەیی فرەتر پەرەی ساند و لەم لا و ئەولا وردە شەڕ کەوتە ناو پێشمەرگەی هێزەکان. هێزەکانی رژێم جێ پێیان لە کوردستان کرایەوە و شارو گوند کەوتە ژێر رکێفیان. هێزەکانی بەرهەڵستکار کەوتنە پاشەکشە هەتا لەو بەری سنورەکان گیرسانەوە. شانۆی لاو لە بەر دەستتێوەردانی حیزبەکان بە تایبەتی دەست تێوەردانی بەرپرسایەتی " شاخەی کوردستانی سازمانی چریکهای فیدایی - ئەکسەریت" لە بەر یەك هەڵوەشایەوە.

## وتەیك بۆ مێژوو

شانۆی لاو بێ گوومان یەکێك لە پاکترین هەنگاوەکانی کاری شانۆیی ، کاری فەرهەنگی و رۆشنبیری بووە لە رۆژهەڵاتی وڵات لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٧٣هەتا ١٩٨٠. هەنگاوێك کە لە رژێمێکی ڕەشدا سەری هەڵدا و لە رژێمێکی ڕەشتردا سەری نایەوە. هەرچەند ماوەی تەمەنی شانۆی لاو تەنیا حەوت ساڵ بوو بەڵام کارو چالاکیەکانی هونەری و



کارتێکردنی کاری شانۆیی و فەرھەنگی و سیاسی وکۆمەڵایەتی ئەو ٥٥ کەسە زۆر بەرزتر لە باڵای خۆیان و تەمەنیان بوو.
لە کاتێکدا کە ھەموو تایبەتمەندێکی کوردی یاساغ بوو شانۆی لاو جگە لە کاری شانۆ بە لەبەرچاوگرتنی کارێکتێری کورد و فەرھەنگ و زمانەکەی بەرھەمی شانۆیی پێشکەش دەکرد. لە کاتێکدا فەرھەنگی کورد لە لایەن خودی کورد بە تایبەت رۆشنبیرانیەوە بە چاوێکی نزم سەیری دەکرا دەستی دایە کۆکردنەوەی بەیت و باو و فۆلکۆروکایە کوردیەکان.
ئەندامانی شانۆی لاو لە ساڵانی ١٩٧١ بەم لاوە ھەڵستان و دانشتنیان زۆرتر لە گەڵ کەسانێکی وەك قالە مەڕە و حەمەجان و عەلی کەردار و دەیان کەسی تر وەك ئەوان بوو.
کاتێك کە جوڵانەوەی سیاسی گەرم بوو ئەندامانی تیپی شانۆ ھاوڕێی نزیکی جوڵانەوەکە بوون. یەکەم لاوی بۆکانی کە سینگی وەبەر گولەی پولیسەکانی رژێمی شا کەوت **کەماڵی حەمیدی** ئەندامی شانۆی لاو بوو. ئەوە جگە لەو ئەندامانەیە کە چێژی زیندانەکانی رژێمی شایان چێشت. یەکەم گولەکانی رژێمی کۆماری ئیسلامیش سینگی چەند لە ئەندامانی شانۆی لاوی ھەڵدڕی **موتەلیب چابوك** و **ئەسعەد حوسێنی** لە وانە بوون!
کاتێك گڕی فەرھەنگ و زمانی کوردی بڵێسەی ساند دیسان ئەندامانی شانۆی لاو لە ئەنجومەنی عیلمی و ئەدەبی ولە کانوونەکانی خوێندکاران و ماموستایان دەنگیان بەرز بوو. پاشان ھەر ئەوان دەنگی شانۆیان بە زمانی کوردی لە رۆژھەڵاتی کوردستان بەرز کردەوە، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە ئەندامانی تیپی شانۆی لاو ھەر کام لایەنگری سیاسی لایەنێك بوون. بەڵام کاری شانۆ و کاری فەرھەنگی کاری ھاوبەشی ھەموویان بوو. بێ گومان دەکرێ ھەموو بەشەکانی ژیانی شانۆی لاو بکەوێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە لێرەدا ناگونجێ.

### حیزب وشانۆ

پاش ھەڵوەشانەوەی تیپی شانۆی لاو ھێزەکانی سیاسی تیپی شانۆی خۆیان پێك ھێنا. زۆربەی ئەوکارانە کە لە نێوان ساڵانی ١٣٥٩(١٩٨٠)و ١٣٦١(١٩٨٢)لە بۆکان پێشکەش کراون پێوەندی بە بارودۆخی سیاسی ئەو دەمە و ھەڵوێستی سیاسی ھێزەکانی نیشتەجێی ناو شارو ناوچەکەوە بووە. ناوەرۆك و فۆرمی نمایشەکان وکاری دەورگێران ودەرھێنان وگشت لایەنەکانی تەکنیکی کارەکان گرێدراوی ھەست و بیرو زانستی ھونەری ئەو تیپانە و ھەڵسووڕێنەرانیان بووە! بوونی بەڵگەنامە و نووسراوەی کارەکانی ئەو ساڵانە دەتوانێ زانیاری زۆرتر دەربخا!

## شانۆ لەژێر دەستەڵاتی چەك و ئاییندا

پاش دەستەڵات پەیداکردنی ھێزەکانی نیزامی ئێران بە سەر شارەکەدا لە ساڵی ١٣٦١(١٩٨٢)، سەکۆی شانۆ و نمایش چۆڵ دەمێنێتەوە! ساڵانی دووایە کە حکومەتی ناوەندی لە ڕێگای جۆراجۆرەوە زاڵ و سەقامگیر دەبێ، دایرەکانی حکومەتی کۆڕوکۆمەڵی خۆیان لە کوردەکان لە ژێر سەرپەرەستی و چاوەدێری وکونترۆڵ کردنی خۆیاندا دادەمەزرێنن. یەکێك لەم دایرانە سازمانی تبلیغات ئیسلامی بوو کە بۆ بۆنەکان وەك دەھەی فەجر،شەڕی ئێران و عێراق و جێژنەکانی حکومەتی بەرنامە و پروگرامیان پێشکەش کردووە، کە بنەمای ھەمووی ئەوانە بە سەراھەڵگوتنی دەستەڵاتداران و زەم کردن و دژایەتی کردنی ھەموو ئەوشتانە بووە کە لە دەرەوەی ئایینی شیعە و دەستەڵاتی رۆحانیەت و فەرھەنگی حاکم بەسەر ئێراندا قەراری دەگرێت. بە وتەیکی تر جارێکی تر دەورەی شانۆی میللی و میھەنی ئەوجار لە چوارچێوەی حکومەتێکی ئایینیدا داسەپێندارا و شانۆو فەرھەنگ گەڕایەوە بۆ دوواوە. لەم ڕێگایەوە خەڵك و کۆمەڵگا گەرێندرانەوە دوواوە کە ئەم سیاستەش بە ھێزوتوانای کورد بە ڕێوە دەچوو. بەشێك لەم بەرنامانە بە دەستی ئەو کەسانە بەڕێوە دەچوو کە رۆژێك لە رۆژان بەڕیوەبەری بەرنامەکانی نمایشاتی شاھەنشاھی بوون. ئەوەی ئەم کارانە چەندە دوور یان نزیکی ھۆنەری شانۆ و کاری فەرھەنگی و نەتەوەی کورد بوون بەڵگەنامەکان دەریدەخەن. لەم ناوەدا کەسانێك بوون کە خەونی شانۆ دەیانگەرێنێتەوە سەر سەکۆ و کەسانێکی تر بە خەونی تازەوە دێنە ناو مەیدانی شانۆوە. ئەوەی ئەوخەونانە چەندە ھاتوونە دی درکاندنی ڕاستیەکان لە لایەن خاوەنی خەونەکانەوە دەتوانی دەرکەوێ، ئەوەش کە کەنگێ خاوەن خەونەکان لە دەرگای ڕاستێیەکان دەدەن ھەر خۆیان دەزانن.

**کەلە سپی**

☹ لە زستانی ساڵی ١٣٦٧(١٩٨٨) شانۆنامەی " کەلە سپی" لە نووسینی ئیبراھیم مەکی و دەرھێنانی خالد حەیدەری لە ژێر ناوی " تیپی شانۆی سازمان تبلیغات ئیسلامی" بەشی لاوانی ناوەندی فەرھەنگی ھونەری شارستانی بۆکان لە ھۆڵی سینەما وەحدەت پێشکەش کراوە. لە نووسراوەیکدا سپاسی" شرکت تعاونی روستایی بۆکان" ، " واحد بسیج موستەزعەفین" ، " تبلیغات سپاە پاسداران بوکان" و " مدیریت و کارکنان سینەما وەحدەت بۆکان" و ھەموو ئەو کەسانەی کە بە چەشنێك یارمەتیان داون، کراوە! بە وتەی خالد حەیدەری ئەوە یەکەم نمایشی پاش شۆرش بووە! دەورگێرەکان بریتی بوون لە: ئەمیر ئەمینی خواە، سەلاحەدین حەیدەری، برایم شەریفی، کوروش شەمامی، لوقمان سوڵتانی، ئەسعەد ئاسیابان، مەزھەر ئەسراری! چیرۆکی ئەم

شانۆنامەیە باس ’’لە شەڕو ئیمانی شەرکەرانی نەبەزە!‘‘ لەو بروشورەدا باس لە شەڕی ئێران و عێراق و ئامریکا و شەیتانی گەورە و رزگاری میللەتان کراوە! هەر لەو بروشورەدا ناوی شانۆنامەیکی تر هاتووە بە ناوی ’’ بگو کجاست‘‘ لە نووسینی محەمەدڕەزا جباران کە هیچ زانیارێکی لە سەر نەدراوە، دیاریش نیە کە ئایا ئەم دووانە هەر یەکن یان دووانن؟ بۆ جاری دووهەم ئەم شانۆنامە لە سێهەم فستیوالی ئازەربایجانی رۆژئاوا لە ساڵی ١٣٧١ پێشکەش کراوەتەوە کە ئەمجارە مەزهەر ئەسراری دەرهێنەر و سولەیمان عەبدولرەحیم زادە یاریدەدەر بووە و ئەم کەسانە دەوریان گێراوە: مەزهەر ئەسراری، ئەسعەد ئاسیابان.

- ☹ کۆمێدی شاهنشاهی بە شێوەی ئیسلامی
- ☹ چاپخانەی ئازادی مام قەنبەر! نووسەر...؟ دەرهێنەر...؟
- ☹ بە بۆنەی دەهەی فەجر بەرنامەیەك لە لایەن ’’ مرکز بهداشت ودرمان بوکان‘‘ لە هۆڵی سینەما وەحدەت سەعات ٦ی پاش نیوەڕۆ ١٣٦٨/١١/١٥ پێشکەش کراوە. لە نووسراوەیکدا کە کاریکاتۆری م-قورەیشی رازاوەتەوە و وێنەی محەمەد کەریمی و کەسانی تری تێدا نیشاندراوە هاتووە: ’’ بە بەشداری هونەرمەندانی پایە بەرزی سرود و موزیکی سەدا و سیمای جمهوری ئیسلامی ئێران ناوەندی مەهاباد- فەرهەنگ و ئەرشادی ئیسلامی (ئەحمەدی ئیسلامی، محەمەد دانش) و شانۆی کۆمێدی و ڕەخنەگرانە بە بەشداری هونەرمەندانی مەهاباد و بۆکان‘‘!
- ☹ ’’ نمایشگاه‘‘ نووسینی سەعید شاپوری، دەرهێنەر خالد حەیدەری.
- ☹ دەورگێڕەکان: مەزهەر ئەسراری، رەزا شەمامی، موحسین شوجاعی! کات ١٣٦٩/٧/٩سەعات ٤ی پاش نیوەڕۆ. شوێن: هۆڵی هیلال ئەحمەر لە شاری ورمێ. ئەم شانۆنامەیە لە یەکەم فستیوالی شانۆی ئازەربایجانی رۆژئاوا،لە ورمێ پێشکەش کراوە.
- ☹ ’’ رسم بر این است‘‘ نووسەر: سەید مەهدی شوجاعی. دەرهێنەر: موحسین شوجاعی. دەورگێڕەکان: موحسین شوجاعی، مەنسور قادرزادەو ئسماعیل ئەحمەدیان، قەرەنی قارەمانی، مەزهەر ئەسراری، نادر قارەمانی، سەعد قارەمانی، سولەیمان عەبدولرەحیم زادە. کات و رۆژ و شوێن: ٥/٣٠ ١٣٧٠/٧/٨ هۆڵی هیلال ئەحمەر ورمێ. ئەم شانۆنامەیە لە دووهەمین فستیوالی شانۆی ئازەربایجانی رۆژئاوا لە لایەن سازمان تبلیغات ئیسلامی بۆکانەوە پێشکەش کراوە.
- ☹ ’’گم‘‘ نووسینی ئیبراهیم مەکی. دەرهێنەر خالد حەیدەری. دەورگێڕەکان: مەزهەر ئەسراری، بەختیار شەمامی. کات و شوێن و رۆژ: ٥/٣٠ ١٣٧٠/٧/١١ خانە فەرهەنگ ورمێ. ئەم شانۆنامە لە دووهەمین فستیواڵی شانۆی ئازەربایجانی رۆژئاوا لە لایەن سازمان تبلیغات ئیسلامی بۆکانەوە پێشکەش کراوە.
- ☹ ’’ بهار در بهاران‘‘ نمایش، سرود، موسیقی، نێوان پەردەی کۆمێدی! ئەمە بەرنامەیك بووە کە لە لایەن تیپی هونەری سازمان تبلیغات ئیسلامی بۆکانەوە لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧١ لە هۆڵی شەهیدان پێشکەش کراوە. پێك هێنەری بەرنامە خالد حەیدەری بووە! لەم پرۆگرامە هەمە ڕەنگەدا شانۆنامەی ’’ پیك نیك لە مەیدانی شەڕدا‘‘ نووسینی فرناندۆ ئارابال لە دەرهێنانی خالد حەیدەری لە تەك شانۆێکی تر بە ناوی ’’ دەمەتەقەی خاوەن ماڵ و کرێگرتە‘‘ و ’’ دەرهێنەری لە فەرەنگەوە هاتوو‘‘ لە شاری میاندواوەوە، و ’’ ویدیۆ و پێوەندی‘‘ و ’’ بونگای موعاملاتی‘‘ و ’’ فەتە و عەزە‘‘ لە بۆکانەوە پێشکەش کراون! ناوی دەورگێڕەکان بە تێکرا ئاوا هاتووە: مەزهەر ئەسراری، سمایل ئەحمەدیان، ئەسعەد ئاسیابان، محەمەد سالح بکرەك، برایم فەتاحیان، جەماڵ فتحی، جەعفەر قادری، سوهراب قارەمانی، مەجید پاڵەوانیان، توبا عەبدی، ئەسعەد قارەمانی، حەسەن عەلیزادە، مەولود مەجیدی، ئەفشین ناسری، ئارەش ناسری، لوقمان نەنجاری، ڕەزا پاڵەوانیان، ئیرەج، ڕەزا عەبدولڕەحیم زادە. دەرهێنەر خالد حیدەری و یاریدەدەر مەزهەر ئەسراری. گۆرانی بێژ کەماڵ محەمەدی! لە بروشوری ئەم بەرنامەدا نووسینێك لە سەر کۆمێدی هەیە. بەرنامەکە پێشکەش ’’ عەزیز مەردانبەگی‘‘ کراوە.‘‘‘‘ عەزیز مەردانبەگی وەك دەنگ خۆش و شانۆگێڕ ساڵانێك لە سەر سەکۆی شانۆی بۆکان بووە و بە سەکتە گیانی لە دەست دا.‘‘‘‘
- ☹ ’’باز باران‘‘ نووسینی محەمەد چرمشیر، دەرهێنەر خالد حەیدەری. دەورگێڕەکان مەزهەر ئەسراری ورەزا شەمامی بوون. ئەم شانۆنامەیە لە فستیوالی ساڵی ١٣٧٢دا لە ورمێ پێشکەش کراوە. دەرهێنەری شانۆکە لە بروشوری شانۆنامەکەدا ئاوا ئەڵێ: ’’ لێرە کۆ بووینەتەوە هەتا فستیوالی شانۆ بەڕێوە بەرین کە هاوکاتە لە تەك جێژنەکانی شۆرش، شۆرشێك کە بە لانی کەمەوە توانی ببێتە هۆی خۆنیشاندانی ئەو فەرهەنگ و داب و نەریتانەی کە وون ببوون. لەم سەرزەویە بەربڵاوەدا زۆر گووتنی نەگوتراو هەیە کە لە بیرەوەری و سینگەکاندا ماوەتەوە کە بە شانازییەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر بکردرێنە شانۆنامە دەکرێ لە بەرانبەر شانۆنامەکانی جیهانی دایانبنێین.‘‘
- ☹ لە سەر پێشکەشکردنی ئەم شانۆنامەیە لە ڕەخنەگرتنێکدا ئاوا نووسراوە:‘‘ دیکۆر لە جێگای خۆیدا بوو، رووناکی باش بوو، ئیفێکت لە جێگای خۆیدا نەبوو، لە مەر دەرهێنان دەبێ چاوەڕوان بین لە ساڵانی داهاتوودا کاری باشتر لەو گروپە ببینین، دەبێ بڵێین سەرەڕای دەرهێنانی باش بەڵام کایەکردنی شانۆگێڕەکان بەهێز نەبوون.‘‘ بیرو ڕای بینەران هەر لەم نووسراوەدا ئاوا هاتووە:‘‘ تێکست و پێشکەشکردن یەکتر ناگرنەوە. کارمەندی یەکەم

لە لایەنی هەستەوە کز بوو. تێکست و جولە و میزان سێن پڕ لە هەڵسوران بوون. سەرم سوورما لەم شێوە ڕووناکیە، ئەو هەموو کوژانەوە و هەڵکردنەوە بۆ چ بوو؟؟".

ئەم تیپە سەر بە فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی و کتێبخانەی سەلاحەدینی ئەیووبی بۆکان بووە و سپاسی ئەم لایەنانەی خوارەوەی کردووە: ئیرشادی ئیسلامی ئازەربایجانی ڕۆژاوا، فەرمانداری بۆکان، زانستگای پەیام نوری بۆکان، ئەنجومەنی نەمایشی شاریتانی میاندواو.

- " پنجرەای بر بادها" نووسینی دوکتور فەرهاد زادەکرمانی، دەرهێنان ئەسعەد ئاسیابان. دەورگێڕەکان: ئەسعەد ئاسیابان، مینا فەیزی. ئەم شانۆنامەیە لە لایەن تیپی شانۆی ئەنجومەنی نمایش، بە هاوکاری "مجتمع فرهنگی هنری" لە یەکەمین فستیوالی شانۆی بۆکان لە ڕۆژی ٧٣/١١/٣ پێشکەش کراوە.
- "دام" نووسەر ئالفرد فرج، دەرهێنەر سوهراب قارەمانی،یاریدەر ڕەزا عەبدولرەحیم زادە.دەورگێڕەکان:سوهراب قارەمانی،قوربان ئەخەوان، خوسرەو قانعی، محەمەد ڕەحیمی،عەبدولرەحمان چاوشینی،کامران قەڵەکوهی. ئەم شانۆنامەیە لە لایەن تیپی شانۆی ئازادەوە بە هاوکاری " مجتمع فرهنگی هنری" لە یەکەمین فستیوالی شانۆی بۆکان لە ڕۆژی ١٣٧٣/١١/٤پێشکەش کراوە.
- " مەسیح هرگز نخواهد مرد" نووسەر محەمەد چرمشیر. دەرهێنەر ڕەزا شەمامی.دەورگێڕەکان : ڕەزا شەمامی و کورش شەمامی. لە یەکەمین فستیوالی شانۆی بۆکان لە ڕۆژی ٧٣/١١/٤ پێشکەش کراوە.
- " در حزوری باد" نووسەر بەهرام بەیزایی.دەرهێنەر عەبدولڕەحمان عەزیزی.دەورگێڕەکان: عەبدولرەحمان عەزیزی، سمایل ئەحمەدیان، سمایل بەهرامی. شانۆنامەکە کاری ئەنجومەنی نەمایش بووە بە هاوکاری " مجتمع فرهنگی هنری" و لە یەکەمین فستیوالی شانۆی بۆکان لە ڕۆژی٧٣/١١/٥ پێشکەش کراوە.
- "محرمانە" نووسەر نەسروڵا قادری. دەرهێنەر سمایل ئەحمەدیان.دەورگێر: مەزهەر ئەسراری. ئەم شانۆیە لە لایەن تیپی "سوسا" بە هاوکاری ئەنجومەنی نەمایش و" مجتمع فرهنگی هنری"لە یەکەمین فستیوالی شانۆی بۆکان لە ڕۆژی ٧٣/١١/٥ پێشکەش کراوە. بۆ ئەم فستیوالە سپاسی " ادارە کل فرهنگ و ارشاد اسلامی، فرمانداری بۆکان، سازمان تبلیغات اسلامی بۆکان کراوە. بەرنامەی ئەم فستیوالە بە " سخنرانی" ، پێشکەشکردنی موسیقا، بەیانامەی داوەران، پێشکەشکردنی خەڵات، میوانداری دووایی هاتووە. ڕۆژی ٣ی ڕێبەندان دەستی پێکراوە و ٦ی ڕێبەندان کۆتایی هاتووە. لە چوارچێوەی فستیوالەکەدا سێ ژمارە نامیلکە بە ناوی "نشریە ویژە جشنوارە" دەرچووە کە ئەم کەسانە بەرپرسیار بوون : مودیری کاروبار تورەج سەعیدی کیا، سەردەبیر خالد حەیدەری، دەبیری نووسین ڕەزا شەمامی، ڕازاندنەوەی لاپەرەکان سمایل ئەحمەدیان، چاپ و بڵاوکردنەوە عەوڵا چووپانی، وێنەگر و ڕیپۆرتێر مەزهەر ئەسراری.سپاسی ناسری و قاسم مەهدی زادە کراوە. ئەم نامیلکە بە بەرگەوە ١٢ لاپەرەی A٥ بووە کە کۆپی کراوە و بابەتەکانی وتووێژو و باسی هونەر و شانۆ و ڕووداوی سەر بە فستیوالەکەیە، زمانی نامیلکەکە وەك زمانی هەموو شانۆنامەکان فارسی بووە.
- " شب و گربە زیر طاقی" نووسەر محەمەد چرمشیر،دەرهێنەر، خالد حەیدەری.دەورگێڕەکان: هادی ئەسعەدی و سمایل ئەحمەدیان. ئەم شانۆنامە بەشداری حەوتەمین فستیوالی شانۆی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بووە و لە ١٣٧٤/٨/٢لە خانەی فەرهەنگ پێشکەش کراوە. بروشوری شانۆنامەکە کاری محەمەد ڕۆستەمزادە یە، وێنەی تاقەدارێکی پڕوچڕە کە دوو گەڵای کەوتوتە سەر عەرد لە پاڵیدا ئەم شێعری سەعدی دەبیندرێ:
- " بنی ادم اعزای یکدیگرند کە در افرینش ز یك گوهرند "
- خالد حەیدەری لە چوارچێوەی وتووێژەکانی ئەم فستیوالەدا دەبێژێ: ساڵی ١٣٥٤ لە شانۆنامەی (بامها و زیر بامها)ی دوکتور ساعدی وەك شانۆگێر دەوری بینیوە و بەو چەشنە هاتۆتە جیهانی شانۆوە. وەك شانۆگێر ودەرهێنەر لە شانۆ و تەلەویزیۆنەکاندا کاری کردووە" ! سەبارەت بە گیروگرفتی شانۆ لە بۆکان دەڵێ: " سەرەکیترین گیروگرفت ڕەنگە نەبوونی زانیاری هونەریی لە لایەن خەڵکەوە بێ" ئەو گلەیی لە بۆچوونی خەڵك دەکا کە تالبی کاری بە ڕواڵەت کۆمێدین و ئەوەش دەرفەتی وئەوە نادا پەیامی پڕباری فەرهەنگی کە پێداویستی کۆمەڵگایە لە لایەن خەڵکەوە وەرگیرێ." ئەو دەڵێ:" لە دەرەجەی یەکەمدا دەبێ لە فکری سەرمایەی شانۆ یانی بینەراندا بین، پێشکەشکردنی نمایشی سوننەتی و فولکلۆر کە ویستی خەڵکە دەتوانێ دەورێکی باش بگێڕێ. پاشان فێرکردن و بارهێنانی ئەو لاوە لێهاتووانە کە بتوانن ڕەونەق بدەنە هۆڵەکانی شانۆ".
- " قسری خورشید" نووسەر ڕەزا شەمامی. دەرهێنەر خالد حەیدەری.دەورگێڕەکان : ئێران ئەحمەد پوور، ئەسعەد ئاسیابان،زێنەب سادقیان،ڕەزا شەمامی،کورش شەمامی،حوسێن سادقیان، مەنسور حوسێن زادە،سوهراب قارەمانی، موحسین شەرەفی، حەسەن سالحی، قوربان ئەخەوان،یۆسف حەیدەری، مەسعود سەناعەتی، هەڵاڵە ڕەحمانی، شلێر ئەسماعیلی، محەمەد عەبدوڵاپوور، فەرەیدون فەرەحناك،حوسێن خزری، سوسەن شەرەفی. ئەم شانۆنامەیە لە ڕێبەندانی ١٣٧٥دا پێشکەش کراوە.لە کۆتایدا سپاسی ئەم لایەنانە کراوە:" مرکز هنرهای نمایشی ایران، ادارە کل فرهنگ و ارشاد اسلامی، سازمان تبلیغات اسلامی، فرمانداری، شهرداری، اموزش وپرورش، بهزیستی،دانشگاه پەسامی نور، دفتر نمایندگی مجلس، خبرنگار روزنامە ایران، سەدا و سیمای ورمێ و مەهاباد،کارخانە اردشازی ماە منیر، کارگاە دکوراسیون چوبین، کارگاە نور و سەدا و کارگاە خوشنویسی عبداللهبیگی"

😐 “ حکایت دخمەای برسکو” نووسەر ڕەزا شەمامی. دەرهێنەر خالد حەیدەری.دەورگێڕەکان: محەمەد عەلی عەبدولاپوور، ڕەزا شەمامی، سروە شێخی، هادی ئەسعەدی، عەلی ڕەزایی، مریەم عەبدولرەحیمزادە، کورش شەمامی، نازدار مەعرووفی، مەسعود سەناعەتی، جەمشید قەلەکوهی،ئەمیر موقتەدری، جەماڵ خداکەریمی، سمایل نۆموسلمان، کاوە محەمەدزادە، سیاوش ئەخەوان. ئەم شانۆنامە لە مانگی گەڵاڕێزان ١٣٧٦(١٩٩٧)لە نۆهەمین فستیوالی شانۆ لە ورمێ پێشکەش کراوە. لە سەر بەرگی بروشورەکە وێنەی کارەساتی هەڵەبجە بەرچاوە، شانۆنامەکە دەبێ پێوەندی بەم ڕووداوەوە هەبێ.

## پاش ٥٠ ساڵ

## تیپی شانۆی کانی (ئەهورا)

ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە بەرپرسی تیپی شانۆی کانی لە نامەیەکدا ئاوا باسی تیپەکەیان دەکات:
« گرووپی شانۆی ئەهوراش کە لە سەرەتای ساڵی ٩٩وە دەست بەکار بووە، گرووپێکە کە حەولی هەرچی زیاتر ناسین و لە هەمان کاتدا هەرچی زیاتر نوێ بوونەوەی هەیە.نوێ بوونەوەیەك کە ئێمە بە کەشفێکی زیاتر لە خۆمان، ئەوڕۆی خۆمان و دەورو پشتمان بگەیینێ.........»
ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە لە درێژەی نامەکەیدا دەنووسێ :
« گرووپی شانۆی ئەهورا لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا ئەم کارانەی ئامادە کردووە و لەم شارانە پێشکەشی کردووەن......

١. ژێرداری بەڕو  نووسەر خالد حەیدەری، دەرهێنەر: ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە، سنە/بۆکان.
٢. ژیلەمۆ      نووسەر مەزهەر ئەسراری، دەرهێنەر: ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە،بۆکان/ورمێ.
٣. کیارا      نووسەر مەزهەر ئەسراری، دەرهێنەر: ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە،بۆکان/ورمێ.
٤. پیاوی ژێردارتێلەکە نووسەر مەولوود مەجیدی، دەرهێنەر مەنسوور حوسێن زادە،بۆکان/سەقز.
٥. هەواری هەراوی هەرا نووسەر «گشتی»، دەرهێنەر: ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە،بۆکان/مەریوان.
٦. خۆرنشین نووسەر مەولوود مەجیدی، دەرهێنەر: ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە،بۆکان/سنە.
٧. غەزەلێك لە ناتوانی دا  نووسەر مەزهەر ئەسراری، دەرهێنەر:  ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە،بۆکان.
٨. ماڵ لە ناوماڵدا  نووسەر ودەرهێنەر: مەزهەر ئەسراری ، بۆکان.
٩. خەوی هاوریشم نووسەر مەزهەر ئەسراری دەرهێنەر: محەمەد حاجی محەمەدی،بۆکان.
١٠. نەها مرۆڤ بە پێی شێعرێکی مەولەوی، دەرهێنەر: ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە،تاران.
١١. مارزادەخاتون نووسەر فەرەیدوون پێنجۆنی، دەرهێنەر: ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە.بۆکان
١٢. هەشتەمین سەفەری سەنباد نووسەر بەهرام بەیزایی، دەرهێنەر: ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە.ورمێ/بۆکان/زەنجان/ئەهواز
١٣. بازنەکانی بێ ناوەراست نووسەر مەزهەر ئەسراری، دەرهێنەر: ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە. بۆکان

هەروەها ئەو کارانەی بڕیارە ئێجرا کرێن  و تەمرینیان لە سەر دەکرێ:

١. کورسی لە قەراغ پەنجەرە دابنێین و دانیشین و سەیری شەوی تاریك وبێ دەنگ و ساردی بیاوان بکەین. نووسەر عەبباس نەعلبەندیان، دەرهێنەر: ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە
٢. بەرزەخ نووسەر ویلیام باتلێرییتس وەرگێڕان ودەرهێنان: ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە»


## وێنەکان

### تیپی شانۆی لاو













### تیپی شانۆی ئازاد














## تیپی شانۆی کانی













## تیپی شانۆی ئاماژه

